# وارڤین

گۆڤارێکی ژنانەیە دەزگای( وارڤین ) 15 ڕۆژ جارێک دەری دەکات

ساڵی یەکەم/ ژمارەی سێیەم/ 68 لاپەڕە/1500 دینار/ 16 ئۆگۆست ٢٠٠٩




پەیوەندی هەولێر و بەغدا



شەڕ لە جەوهەری ژندا نییە



هەڵکەوت زاهیر و پێڕەوانی



# وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی بۆ وارڤین:

## کورد لە ئیڵراندا:

## بە هۆی مەزهەب و نەتەوەکەیەوە دەچەوسێتەوە

www.netewe.com

ژنێک چارەنووسیی بە گوللە دەسپێرێت

سەرۆکوەزیرانی داهاتوو چی بۆ ژن دەکات؟

warvin.press@yahoo.com


ئیستا نامەکەت دەدوێت
بەردەوام بە لە پەیوەندی کردن لەگەڵ هەموواندا لە ڕێی خزمەتگوزاری دەنگە نامەوە، بەپامەکەت
بە دەنگی خۆت بۆ دۆستان و هاوڕێیانت تۆماربکە و خێرایی وگەیشتنی نامەکەت مسۆگەر بکە
نرخی دەنگە نامە 4 سەنتە و درێژترین ماوە 30 چرکەیە
بۆ ناردنی دەنگە نامە:
ok ژمارەی مۆبایل 0770 # 700* و ڕێنماییەکان بەپەیڕەوکە داخل بکە
ئەم خزمەتگوزارییە لە تۆڕەکەدا هەیە و تەنها بۆ بەشداربووانی ئاسیاسێڵە
نرخی دەنگە نامە
تەنها 4 سەنتە
ئاسیاسێڵ
www.asiacell.com
خزمەتگوزاری بەشداربووان ١١١

ناونیشان:
هەولێر
شاری خەونەکان

**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com
**سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com
**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com
**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com
**ڕاوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ ڕەشید
**ڕاوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان

**فایلەکان**
**کۆمەڵایەتی:** تاڤگە عەلی tavga2004@yahoo.com
**تەندروستی:** شیلان یاسین
**کلتوور:** جولی جەلال
**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**نوسینگەکان**
کەرکووک: سەماح سەمەد
دهۆک: هەڵز عەلی
IT: نوێکار نەجمەددین

**بەڕێوەبەری ڕیکلام و دارایی**
ڕێباز عەبدوڵڵا
07504624506

Design by - **Wshyar Muhmd mustafa** Mob: 0750 71771 29


سیاسەت

کورد گلۆپی سەوزی بۆ مانەوەی مالیکی داگیرساند 14


کۆمەڵایەتی

٪٢٣.٣١ی ژنانی ڕاگیراو ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە 32


وەرزش

هێشتا ناستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنی وەرزشی نافرەتان زۆرن 36


کار

ژنانی شەقڵاوە داوای بازاڕێکی تایبەت بەخۆیان دەکەن 40


تەندروستی

چارەسەری مووی زیاد لەڕوخساری نافرەتدا 50


کلتوور

یەکەمین ژنی گۆرانیبێژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 64

**18**

بڕیاری٤٩ لە١٠ی ئەیلولی ساڵی٢٠٠٨دا دەرچووە و ڕەوشی ژیانی کوردی لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ئاڵۆزتر کردووە. ناوەڕۆکی بڕیارەکە باس لەوە دەکات کە نابێ بەبێ مۆڵەتی دەوڵەت، وەزارەتی بەرگری، ناوخۆ و هێزە ئەمنییەکان خانوو دروست بکرێت، یان لە ناوچە سنورییەکانەوە بە پانتایی ١٥کیلۆمەتر کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت.

**22**

"سەرەڕای خراپی زووری زیندان و خواردن، نەیاندەهێشت بخەوم. درەنگانی شەو، بۆ زووری ئەشکەنجەدان، بەڕێیان دەکردم، شەوێک هەڵیانواسیم، بەڵام نەمتوانی لەسەر ئەو کورسییەی بۆ هەڵواسینەکەم دانرابوو، قاچەکانی خۆم ڕابگرم، کەوتمە خوارەوە بەو هۆیەوە ماوەی دە ڕۆژ تووشی خوێنبەربوون هاتم".

**30**

کەمی ڕۆژنامەنووسی ئافرەت، لەبواری ڕۆژنامەگەری سیاسییدا جێگای ڕەخنەی کچە ڕۆژنامەنووسەکانە. ئەوان، سەرنووسەرەکان بە هۆکار دەزانن کە وەک ڕۆژنامەنووسی پیاو ڕێگا بە ژن نادەن لەم بوارەدا ڕۆڵ ببینن، هاوکات پیاوانیش خودی ئافرەتان لەم دیاردەیە بە کەمتەرخەم دەزانن.

www.netewe.com

www.netewe.com

## بارزانی: پێویسته كێشه‌كانی هه‌ولێرو به‌غدا به‌ گوێره‌ی یاسا و ده‌ستوور چاره‌سه‌ر بكرێن

سه‌رۆكی هه‌رێمی كورستان مه‌سعود بارزانی به‌ بۆنه‌ی به‌ستنی كۆنگره‌ی حیزبی ده‌عوه‌ی عراقی، نامه‌یه‌كی ئاراسته‌ی حیزبی ده‌عوه‌ی ئیسلامی كرد و تێیدا ڕایگه‌یاند كه‌ پێویسته‌ پرۆسه‌ی سیاسی وڵات، له‌ سه‌ر بنه‌مای نیشتیمانی بێت و كێشه‌كانی نێوان هه‌ولێر و به‌غداش به‌گوێره‌ی یاساو ده‌ستووری هه‌میشه‌یی عێراقی فیدراڵ، چاره‌سه‌ربكرێت. هه‌فته‌ی رابردوو كۆنگره‌ی حیزبی ده‌عوه‌ی ئیسلامی كه‌ نوری مالكی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌و حیزبه‌ ده‌كات، له‌ شاری به‌غدا ده‌ستی پێكرد و جه‌لال تاڵه‌بانی سه‌رۆككۆماری عێراقی فیدراڵ تێیدا ئاماده‌بوو. له‌ چوارچێوه‌ی مه‌ڕاسیمی كردنه‌وه‌ی كۆنگره‌كه‌دا، "هۆشیار زێباری" وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی عێراق و ئه‌ندامی مه‌كته‌بی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان، نامه‌یه‌كی سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستانی خوێنده‌وه‌، كه‌ به‌ بۆنه‌ی به‌ستنی كۆنگره‌كه‌، ئاراسته‌ی حزبی ده‌عوه‌ و نوری مالكی، كردووه‌. سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان هیوای سه‌قامگیری و ئاشتی و دیموكراسی و به‌هێزكردنی بنه‌ماكانی مافی مرۆڤی خواست و هاوكات گوتیشی:" پێویسته‌ كێشه‌كانی نێوان هه‌ولێرو به‌غداش به‌ گوێره‌ی یاساو ده‌ستووری هه‌میشه‌یی عێراقی فیدراڵ، چاره‌سه‌ربكرێت. هه‌روه‌ها ئاماژه‌یداوه‌، كه‌ پێویسته‌ پرۆسه‌ی سیاسی وڵات له‌سه‌ر بنه‌ماكانی نیشتیمانی بێت، هاوكات ته‌واوی ئاماده‌یی هه‌رێمی كوردستانی بۆ به‌هێزكردنی په‌یوه‌ندییه‌كان له‌ پێناوی عێراقێكی دیموكراسی فیدراڵدا، دووپاتكردۆته‌وه‌.



Photo

## "پۆستی سه‌رۆكوه‌زیرانی داهاتووی كوردستان یه‌كلا نه‌كراوه‌ته‌وه‌"

ئه‌ندامی مه‌كته‌بی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان، رایگه‌یاند كه‌ تا ئێستا له‌لایه‌ن حزبه‌كه‌یه‌وه‌ دوا بڕیاری ده‌ستنیشانكردنی پاڵێوراوی پۆستی سه‌رۆكی حكوومه‌تی هه‌رێمی كوردستان نه‌دراوه‌، به‌ڵام روونیكرده‌وه‌ كه‌ ده‌نگۆیه‌ك هه‌یه‌ كه‌ د. به‌رهه‌م ساڵح، ئه‌م پۆسته‌ وه‌ربگرێت.
محه‌ممه‌دی مه‌لا قادر، راگه‌یاند، تا ئێستا مه‌سه‌له‌ی پۆستی سه‌رۆكی حكوومه‌تی داهاتووی هه‌رێمی كوردستان له‌نێوان پارتیو یه‌كێتیدا نه‌بڕاوه‌ته‌وه‌، به‌ڵام ده‌نگۆیه‌كیش هه‌یه‌ به‌وه‌ی كه‌ دكتۆر به‌رهه‌م ساڵح، ئه‌م پۆسته‌ وه‌ربگرێت.
روونیشیكرده‌وه‌ كه‌ تا ئێستا له‌لایه‌ن پارتییه‌وه‌ هیچ بڕیارێكی كۆتایی نه‌دراوه‌ تا ئه‌م پۆسته‌ به‌ یه‌كێتی بدرێت.
به‌پێی رێكه‌وتنی نێوان پارتی دیموكراتی كوردستانو یه‌كێتیی نیشتیمانیی كوردستان باس له‌وه‌ كرا كه‌ له‌ كابینه‌ی نوێی حكومه‌تی هه‌رێمدا، پۆسی سه‌رۆكی حكومه‌ت بدرێته‌ كاندیدی یه‌كێتی، به‌ڵام دوای ئاشكراكردنی ئه‌نجامه‌كانی هه‌ڵبژاردنه‌كانی كوردستان، ده‌نگۆی ئه‌وه‌ هاته‌ ئاراوه‌ كه‌ پارتی رازی نابێت پۆستی سه‌رۆكی حكوومه‌ت به‌ یه‌كێتی بدات چونكه‌ پێیوایه‌ به‌شێكی زۆری ئه‌نداموو لایه‌نگرانی یه‌كێتی به‌پێچه‌وانه‌ی رێككه‌وتنی ستراتیژی ده‌نگیان به‌ لیستی گۆڕان داوه‌.

## په‌رله‌مانتارێكی كه‌نه‌دایی:
## كار بۆ ئه‌وه‌ ده‌كه‌م كه‌نه‌دا دان به‌ جینۆسایدی گه‌لی كورد دا دابنێت

ئه‌ندامی په‌رله‌مانی كه‌نه‌دا جیم كه‌ره‌ جانیس، ئه‌نجامی سه‌ردانه‌ حه‌وت ڕۆژییه‌كه‌ی بۆ هه‌رێمی كوردستان له‌ كۆنگره‌یه‌كی ڕۆژنامه‌نووسیدا ڕاگه‌یاند و له‌سه‌ره‌تا تیشكی خسته‌ سه‌ر ئه‌و كۆبوونه‌وه‌ی كه‌ له‌ میانی سه‌ردانه‌كه‌یدا ئه‌نجامی داون. ئه‌و په‌رله‌مانتاره‌، سه‌ردانی بۆ هه‌رێمی كوردستان به‌ گرنگ وه‌سف كرد و رایگه‌یاند:" ئه‌م سه‌ردانه‌ بۆ پته‌وكردنی په‌یوه‌ندییه‌ بازرگانی و ڕۆشنبیرییه‌كانی نێوان هه‌رێمی كوردستان و كه‌نه‌دا بایه‌خی زۆری هه‌بوو.
ئه‌و گوتیشی ئێستا زیاتر له‌ ٥٠ هه‌زار ره‌وه‌ندی كوردی سه‌رجه‌م پارچه‌كانی كوردستان له‌وڵاتی كه‌نه‌دا و له‌شاره‌ جیاجیاكان ده‌ژین، ئه‌و ڕه‌وه‌ندانه‌ له‌ئیش و كاره‌كانیاندا كاران و بایه‌خێكی ته‌واو به‌كه‌لتوور و دابوونه‌ریتی كورده‌واری خۆیان ده‌ده‌ن.
له‌ڕووی بازرگانیشه‌وه‌ جیم كه‌ره‌جانیش گوتی:" هه‌رێمی كوردستان ده‌توانێت ببێته‌ ده‌روازه‌ی ئاسیا به‌ڕووی وڵاتانی كیشوه‌ره‌كانی دیكه‌ دا، ئه‌گه‌ر وڵاتێك بیه‌وێت بازرگانی له‌و ناوچه‌یه‌ بكات پێویسته‌ ئۆفیسێكی تایبه‌تی بازرگانی له‌كوردستان بكاته‌وه‌".
هه‌روه‌ها وتی:" له‌میانی سه‌ردانه‌كه‌م له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی زۆرێك له‌ناوچه‌كانی كوردستانم به‌سه‌ر كرده‌وه‌ سه‌ردانی هه‌ڵه‌بجه‌ی شه‌هیدم كرد و له‌وێشدا به‌ڵێنم به‌ دانیشتوانی ئه‌و ناوچه‌یه‌دا كه‌ له‌په‌رله‌مانی كه‌نه‌دا كار بكه‌م، تا په‌رله‌مانی وڵاته‌كه‌م دان به‌جینۆسایدی گه‌لی كورد دابنرێت و ئه‌و كۆمه‌ڵكوژیه‌ی دژی كورد كراوه‌ له‌لایه‌ن سه‌ددام حسینه‌وه‌ جێگای شه‌رمه‌زارییه‌".
ئاماژه‌ی به‌وه‌شكرد:" هه‌وڵده‌ده‌م كۆمه‌ڵه‌یه‌كی دۆستایه‌تی له‌ نێوان په‌رله‌مانی كوردستان و په‌رله‌مانی كه‌نه‌دا دروست بكه‌م، له‌كاتی گه‌ڕانه‌وه‌شمدا له‌هه‌وڵی ئه‌وه‌دا ده‌بم كه‌شاندێكی بازرگانی بنێرین بۆ كوردستان بۆ ئه‌وه‌ی په‌ره‌ به‌ په‌یوه‌ندییه‌ بازرگانیه‌كانی نێوان هه‌ردوولا بدرێت، ئێمه‌ ده‌مانه‌وێت ئاڵای كه‌نه‌دا له‌ هه‌رێمی كوردستان هه‌ڵبدرێت جا له‌ڕێگه‌ی كردنه‌وه‌ی نوێنه‌رایه‌تی فه‌خری بێت یان كونسڵخانه‌ بێت".

www.netewe.com



## مالیکی پلانی بۆ دەستگیرکردنی دزەکان داڕشتووە

فەرماندەیەکی سەربازی لە بەغدا، رایگەیاند کە حکوومەت بۆ پاراستنی بانکە حکوومییەکان و بانکەکانی کەرتی تایبەت لە دەزکردنی دزەکان پلانێکی تۆکمەی داڕشتووە. لیوا قاسم عەتا بە تۆری ئەنتەرنێتی ئیپای راگەیاندووە کە حکوومەتی مالیکی هەموو هەوڵەکانی لەپێناو دەستگیرکردنی هەموو تێوەگلاوان لە کردە تاوانکارییەکاندا خستووەتە گەڕ و چیدی رێگە نادات، کە زیان بە بەرژەوەندییە گشتییەکان بگەیەنن. مالیکی پێشتر بە ناوەندەکانی دەنگوباسی راگەیاندبوو کە جێگری سەرۆککۆمار عادل عەبدولمەهدی پێیگوتووە کە ئەوانەی لە بانکی زەوییەی بەغدا دزییان کردووە، سەر بە فەوجی پاسەوانانی تایبەتن و لەژێر دەستیدان، بەڵام تا ئێستا رادەستی نەکردوون. لە کۆتایی مانگی رابردوودا باندێکی سەر بە فەوجی پاسەوانانی تایبەت لەناوچەی کەرادەی بەغدا هەڵیانکوتایە سەر بانکی زەوییە و هەشت پاسەوانی بانکەکەیان کوشت و نزیکەی٨ ملیۆن دۆلاریشیان دزی.

## لەماوەی ٤٥ رۆژدا ٧ جار شوو دەکات

رۆژنامەی (المیسری الیوم).ی بڵاویکردەوە کە کچە خزمەتگوزارێکی تەمەن ٢٥ساڵان کە لە گازینۆیەکی شاری (غەردەقە) دا کاری کردووە، سەرنجی میوانەکان راکێشاوە و توانیویەتی لەماوی ٤٥ رۆژدا ٧ کەسی جیا هەڵبخەڵەتێنێت و بەشێوازی (عورفی) شوویان پێ بکات.
رۆژنامەکە ئاشکراشیکردووە کە لە شووکردنی حەوتەمیدا، پیاوەکەی بەڵگەنامەیەکی دیکەی زەواجی عورفی لەژووری کچەکە دۆزیوەتەوە کە پێش چەند رۆژێک شوویەکی دیکەی کردووە، دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێت کە ژنهێنانەکەی ساختەیە، پۆلیس ئاداگاردەکاتەوە و کچەکە دەستگیردەکرێت، دادگاش تۆمەتی ساختەکاری و سۆزانی و لەیەک کاتدا و چەندین شووکردنی خستۆتە پاڵ کچەکە.

## هیلاری کلینتۆن: من رێگای مێردەکەم درێژە پێ نادەم

پرسیاری قوتابییەکی زانکۆ لە وڵاتی کۆنگۆ سەبارەت بە بیل کلینتۆنی مێردی، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هیلاری کلینتۆنی زۆر تورە کرد. تۆڕی هەواڵی بی بی سی بڵاویکردەوە، وەزیری دەرەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هیلاری کلینتۆن، کە بەردەوام کەسێکی لەسەرەخۆیە لە بەرامبەر خەڵکیدا، بەتوڕەیی وەڵامی قوتابییەکی وڵاتی کۆنگۆی دایەوە، کە پێ دەچێت هۆکارەکەی هەڵەی یەکێک لە وەرگێڕەکانی بوو بێت.
لەو کۆڕەدا، قوتابییەکی زانکۆ لە کینشاسا دەربارەی یەکێک لە کێشەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە پرسیاری کردووە و وەرگێڕەکە بە هیلاری راگەیاندووە، کە قوتابییەکە پرسیار لەبارەی رای مێردەکەت لەسەر کێشەکە دەکات، لەوەڵامدا، هیلاری بە توڕەییەوە وتویەتی:"مێردەکەم وەزیری دەرەوە نییە، بەڵکو من وەزیرم".
پرسیاری قوتابییەکەش پەیوەست بە رێککەوتننامەی نێوان هەردوو وڵاتی چین و کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی بووە، هاوکات بە توڕەیی هیلاری گوتوویەتی:"دەتەوێت من رای مێردەکەمت پێ بڵێم، گەر دەتەوێت رایەکەت پێ بێڵم، ئەوە پێت دەڵێم، کە من درێژەپێدەرەی مێردەکەم نیم، هەروەها رایشی لەسەر رێککەوتننامەکە نەداوە".

www.netewe.com

## سەرۆکی پێشووی چیک دەبێتە دەرهێنەری سینەمایی

سەرۆکی پێشووی وڵاتی چیک لە خۆئامادەکردندایە بۆ دەرهێنانی فیلمێک، کە سیناریۆکەی خۆی نووسیویەتی. ناوەرۆکی فیلمەکە باس لە گۆڕانکاری ژیان دەکات، بەتایبەتی لە ژیانی سیاسیەوە بۆ ژیانێکی ئاسایی، ئەو درامایە لەماوەی ٢٠ ساڵدا نووسراوەتەوە. هافل ئێستا تەمەنی ٧٢ ساڵەو بەر لەوەی بچێتە ناو ژیانی سیاسییەوە لە ساڵی ١٩٨٩دا باشترین نووسەری دراما و تێکستی شانۆیی بووە. چاوەڕوان دەکرێت کە داگماری هاوسەری ڕۆڵی سەرەکی لەو فیلمەدا ببینێت. هافل تێکستەی بۆ هاوسەرەکەی نووسیوە. ئەم تێکستە لە چیک بەشێوەی شانۆ لە ساڵی ٢٠٠٨ وە نمایشکراوە و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە.
هافل لە ساڵی ١٩٨٩ بوو بە سەرۆککۆماری چیکۆسلۆفاکیا، دوای لەتبوونی چیک و سلۆڤاکیا، لە ساڵی ١٩٩٣ تا ٢٠٠٣ بوو بە سەرۆککۆماری چیک.



## حەماس و حیجاب!

سەندیکای دادوەرانی فەلەستین بڕیارێکی دادگای باڵای فەلەستنی سەبارەت بە سەپاندنی حیجاب بەسەر ژنانی دادوەردا ڕەت کردەوە. ئەو بڕیارە لەلایەن سەرۆکی دادگای باڵای فەلەستینەوە دەرچووە کە بزوتنەوەی حەماس سەرپەرشتی دەکات.
لە بەیاننامەیەکی سەندیکای دادوەرانی فەلەستیندا هاتووە:" سەرۆکی دادگا بۆی نییە بڕیاری لەو شێوەیە دەربکات، چونکە ئەوە دەستێوەردانە لە ژیانی تاکەکان و پیشەی دادوەران". ناوەندی مافی مرۆڤی فەلەستینی، لە بەیاننامەیەکدا کە لە ٩ تەموزدا بڵاوکراوەتەوە، لە سەرزاری ڕەئوف حەلەبی سەرۆکی دادگای باڵاوە ڕایگەیاندووە کە بڕیارە لە سەرەتای مانگی نوێی ساڵی٢٠١٠ کار بەو بڕیارە بکرێت.

## ڕێکخراوەی مافەکانی مرۆڤ ڕەخنەی  لە عەرەبستان گرت

ڕێکخراوی (هیومان رایتس وۆچ) لە راپۆرتێکدا رەخنەی لە پێشێلکارییەکانی عەرەبستانی سعودییە گرت.
ڕێکخراوی تایبەت بە چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ لە راپۆرتێکدا رەخنەی لە دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعودی گرت و رایگەیاند، حکومەتی ئەو وڵاتە بە تۆمەتی "تیرۆر" هەزاران کەسی بە بێ ئاراستەکردنی تۆمەت بۆ ماوەیەکی درێژ زیندانی کردووە.
ڕێکخراوەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو، کە دەسەڵاتدارانی عەرەبستان بە تۆمەتی پەیوەست بە "تیرۆر" چەندین کەسایەتی سیاسی ناڕازی و بەرهەڵستکاری دەسەڵاتیان لە کونجی زیندان ئاخنیوە.
بە گوێرەی یاسا لە عەرەبستاندا وادەی دەستگیرکردنی بێ دادگاییکردن و هێشتنەوە لە زینداندا بە بێ ئاراستەکردنی تۆمەت شەش مانگە.
لە ٢٠٠٣ ەوە تا ٢٠٠٦ دەسەڵاتدارانی عەرەبستان چەندین هەڵمەتی دەستگیرکردنیان ئەنجامدا بە تایبەتی دوای ئەوەی زنجیرەیەک کردەوەی چەکداری و تیرۆریستی لەو وڵاتەدا روویاندا.

هاوڵاتی

## حیزبی شیوعی خۆی یەکلا نەکردووەتەوە

حیزبی شیوعی کوردستان کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بووە خاوەنی یەک کورسی، تا ئێستا لە گفتوگۆی نێوخۆییدایە کە ئاخۆ دەچێتە نێو بەرەی ئۆپۆزسیۆن، یان لەگەڵ لیستی کوردستانی بەشداری پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات.

جێی ئاماژەیە کە لیستی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کە چوار حیزبی لەخۆگرتبوو لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستاندا، توانی کورسییەک بەدەست بهێنێت و لەنێو هەمووشیاندا ئەو کورسییە بە حیزبی شیوعی کوردستانی درا.

خەبات

## دادگای ئیداری بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی نێوان داموودەزگاکان دادەمەزرێت

بڕیارە بەم نزیکانە ٣ دادگای ئیداری لە شارەکانی کوردستان پێک بێت. لەوبارەیەوە (فاروق جەمیل) وەزیری دادی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد کە وەزارەتەکەی بڕیاریداوە ٣ دادگای ئیداری لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت.

ئەرکی ئەو دادگایانەش بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ئیداری نێوان دەزگاو دامەزراوەکانی حکوومەت و کێشەی نێوان فەرمانبەرانو دەزگاکانو کێشەی فەرمانبەرو سەرۆکی دەزگاو بەرپۆوەبەرایەتییەکانە.

ئەمەش یەکەمجارە لە هەرێمی کوردستاندا دادگای لەو جۆرە بکرێتەوە.

awene.com
ئاوێنە

## کۆسرەت ڕەسوڵ لە پۆستەکەی خۆی دەمێنێتەوە

جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆسرەت ڕەسوڵ، وەک جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی دەمێنێتەوە، بەڵام ناوبراو چەند مەرجێکی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە داناوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە جێگری داهاتووی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆسرەت ڕەسوڵە. سەرچاوەکە ئەوەی خستەڕوو کە هێشتا کۆسرەت ڕەسوڵ، لەلای خۆیەوە بڕیاری نەداوە ئەو پۆستە وەربگرێتەوە، چونکە چەند مەرجێکی هەیە بۆ وەرگرتنەوەی لەوانە دابینکردنی ئۆفیسێک بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی هەرێم.

هەولێر

## چارەسەری کێشەی کورد، چارەسەری کێشەی تورکیایە

سەرۆکوەزیرانی تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) داوای لە بەرپرسانی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان کرد یارمەتیی حکوومەتی وڵاتەکەیان بدەن، تا کێشەی کورد چارە بکەن. ناوبراو لە گوتەیەکیدا لە پەرلەمانی تورکیا ڕایگەیاند: "ئەو پرۆژەیەی ئێستا حکوومەتی تورکیا کاری لە سەر دەکات، بریتییە لە هەوڵێک بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و یەکگرتوویی خاکی تورکیا. نابێت هیچ پارتێک یان تەنانەت کەسێک ئامادەیی تێدا نەبێت. پێویستە کێشەی کورد لە تورکیا چارە بکەین".

KONLINE

## ساڵی ٢٠١٠ پارەیەکی زۆر بۆ لاوان تەرخان دەکرێت

سەرۆکوەزیرانی عێراق (نوری مالیکی)، ڕۆژی چوارشەممە، ڕایگەیاند کە لە ساڵی ٢٠١٠دا پارەیەکی زۆر بۆ لاوان تەرخان دەکەن بەمەبەستی بنیادنانی سەنتەری تایبەت بۆیان، داواشی لە لاوان کرد بپرژێنەسەر بوارەکانی ئەدەبو هونەرو وەرزش.

سەرۆکوەزیرانی عیراق، ئاماژەیدا کە "ڕۆژی لاوانی عێراق لە وڵاتانی دراوسێ زیاترە و ئەمەش لەسەرووی سامانە سروشتییەکانەوەیەو بنیادنانی دەوڵەتیش پێویستی بە کەسانی پسپۆڕ هەیە، هیواداریشم ئاستی زانستی زانکۆکانمان بگاتە ئەو ئاستەی کە شانازی پێوە بکەینو لە هەموو وڵاتێک پێشکەوتووتر بن".

www.netewe.com

## لە سنووری حاجی ئۆمەران ٥٥٨ تەن خۆراکی ماوە بەسەر چوو فەوتێنرا

لەماوەی حەوت مانگدا، لە خاڵی سنوری حاجی ئۆمەران- ئێران، ڕێگا لە ٥٥٨ تەن خۆراکی ماوە بەسەر چوو گیراوەو کە بەرەو هەرێمی کوردستانیان دەهێنا.
بەشێکی ئەو کەلوپەلە خۆراکیانەش لەنێو براون، بەشەکەی دیکەشیان نێردرێندراونەتەوە ئێران. محەمەد تاهیر، لەبنکەی کۆنترۆڵی جۆری حاجی ئۆمەران پێیڕاگەیاندین "بنکەکەمان کە سەر بەدەستەی گشتیی پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆری وەزارەتی پلاندانانە، کاری سەرەکیمان چاودێریکردن ئەنجامدانی پشکنینە بەهەردوو جۆری کیمیایی و فیزیایی) بۆ ئەو خواردن و خواردنەوانەی لەڕێگەی ئەم دەروازە سنورییە هاوردەی کوردستان دەکرێن".

## دابەشکردنی پسووڵەی دەنگدەران لەکەرکوک دەستی پێکرد

بەبڕیاری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عیراق، هەفتەی رابردوو، پرۆسەی دابەشکردنی پسۆڵەی دەنگدەران لە کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد.
بەڕێوەبەری ئۆفیسی کەرکووکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان فەرهاد تاڵەبانی، رایگەیاند کە قۆناغی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بە کرداری دەستی پێکرد و ئەو هەنگاوەش چووەتە نێو قۆناغی جێبەجێکردنەوە. وەک ئەو رایگەیاند کە ٤٣ ناوەندی تۆمارکردن لە کەرکووک هەیە و داوای لە هاووڵاتیانی ئەو شارەش کرد کە سەردانی ناوەندەکانی دەنگدان بکەن.

## ناوی ٤٠ فڕۆکەوانی تۆمەتباری کیمیابارانی هەڵەبجە ئاشکرا دەکرێن

بڕیاربوو دانیشتنێکی تایبەت بە دادگاییکردنی بەرپرسانی دۆسیەی کیمیابارانی هەڵەبجە بەڕێوە بچوایە، بەڵام دانیشتنەکە بەهۆی بونی سکاڵای راپەڕین لە هۆڵی دادگاوە دواخراو لەناو سکاڵاکەشدا ناوی کۆمەڵێک فڕۆکەوان هاتووە کە بەکیمیابارانکردنی هەڵەبجە تۆمەتبارن، سەرۆکی تیمی پارێزەرانی داکۆکیکار لە کەیسی هەڵەبجەش پێییوایە، ئەو ناوانە ( ٤٠ ) ناون، بەڵام دڵنیا نییە، کە ناوی تارق رەمەزانی تێدایە یان نا.
گۆران ئەدهەم،سەرۆکی تیمی پارێزەرانی داکۆکیکار لە کەیسی هەڵەبجە بە (ڕۆژنامە)ی راگەیاند: لەناو سکاڵاکاندا ناوی کۆمەڵێک فڕۆکەوان هەیە کە بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە تۆمەتبارن و تائێستا رانەگەیەنراوە، بەڵام ئێمە کارمان لەسەر کردوون.

## دوو بەندکراوی کورد لە بەردەم مردندان

لە گرتووخانەی شاری ئامە و سەمسوری باکووری کوردستان، دوو بەندکراوی کورد بەناوەکانی نورەددین سۆیسال و گولیزار ئاکین لەبەر ئەوەی تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوون، لە مردن نزیک بوونەتەوە. لەوبارەیەوە عومەر سۆیسال باوکی نورەددین سۆیسال بە ئازادیاوەلاتی راگەیاندووە، بۆ ئەوەی کوڕەکەی ئازاد بکرێت، هەموو لایەنە بەرپرسیارەکانی بەسەر کردووەتەوە.
نورەددین سۆیسال و گولیزار ئاکین هەردووکیان بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکەدا دەستگیر کراون. باوکی سۆیسال هەروەها گوتوویەتی کەر کوڕەکەم بە بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی ئەنجامدا بێت دەستگیر کراوە و لە رێگەی بەکارهێنانی گوشارەوە تاوانی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکەیان بەسەریدا ساغ کردووەتەوە.

## لەڕقی هاوسەرەکەی ژنێک لە سۆران مشتێک حەبی بەنەوتەوە خوارد

سەرچاویەک لە نەخۆشخانەی گشتیی سۆران، رایگەیاند کە هەفتەی رابردوو لە گەڕەکی بەرگوانی شارۆچکەی سۆران، ژنێک بە ناوی (ف. س) کە تەمەنی ٢٨ ساڵە و بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لەڕقی پیاوەکەی مشتێک حەبی بە نەوتەوە خوارد.
دواتر بە پەلە ئافرەتەکە دەگەیەندرێتە نەخۆشخانەی گشتی سۆران.
ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا ژنەکە لەژێر چاودێری تەندروستی پزیشکدایەو باری تەندروستی بەرەو جێگری بوون دەچێت.


Photo



## ژیاننامە

شیرین عێبادی، لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەمەدانی ئێران، لە دایکبووە و باوکی (محەممەد عەلی عێبادی) یەکێک لە پێشەنگەکانی یاسای بازرگانی ئێران بووە . شیرین عێبادی، یەکەمین ژنی چالاکی ئێرانییە کە پۆستی دادوەری وەرگرتووە و چوار ساڵ لەو پۆستەدا ماوەتەوە .

# وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی لە دیمانەیەکی وارڤیندا:

### کورد لە ئێراندا:

## بە هۆی مەزهەب و نەتەوەکەیەوە دەچەوسێتەوە

تاران

شیرن عیبادی، یەکەم ژنی دادوەر لە ئێران و وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی لە ساڵی ٢٠٠٣، لە دیمانەیەکی تایبەت بە وارڤیندا، تیشک دەخاتە سەر هەڵبژاردنەکانی ئێران و بۆچوونی وایە کە ژنان ڕۆڵێکی گرنگیان لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێراندا دەبێت و جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت لە ئێراندا بوار بە خوێندنی زمانی کوردی لە پاڵ زمانی فارسی بدرێت. هەروەها باس لەو ساتانە دەکات کە وەک پارێزەرێک بەرگری لەو زیندانییە کوردانە کردووە کە لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە بەند کراون.

**وارڤین:** هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێران، کۆتایی هات و جارێکیتر مەحموودی ئەحمەدی نەژاد، بە سەرۆککۆمار هەڵبژێردرایەوە،ئەو ئەنجامە و بارودوخەکانی پاش ئەنجامەکە، چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**شیرن عیبادی:** من هەر لە سەرەتاوە خوازیاری هەڵوەشانەوەی ئاکامی هەڵبژاردن و بەڕێوەچوونی سەرلەنوێی هەڵبژاردن لە ژێر چاودێری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دا بووم و

**من لە ژێر گوشاری هیچ لایەنێک و هیچ بارودۆخێکدا، ئێران جێ ناهێڵم. ئێران وڵاتی منە و من هاوڵاتییەکی ئێرانیم و هەتا مابم دەبێ لەوێ بژیم و لە ئێرانیش بمرم**

ئێستاش هەر لەسەر ئەو باوەڕەم، کە ئەو ئەنجامە لە بەرژەوەندی خەڵکی ئێراندا نییە. چونکە فێڵ و ساختەکاری تێدا کراوە. لە بارودۆخی ئێستادا پێداچوونەوە بە دەنگەکان ئاکامێکی ئەوتۆی نابێت. حکوومەتی ئێران، دەبێت هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری، دووبارە بکاتەوە و رێگا بە چاودێرانی نێودەوڵەتی بدات، تا چاودێری هەڵبژاردنەکان بکەن، تا خەڵک هەست بەوە بکەن کە ئەو دەنگانەی دەیدەن، دەنگی راستەقینەی خۆیانە.

سەبارەت بەو کەسانەش، کە دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردن و ناڕەزایی دەربڕین دەستبەسەر کران و خرانە بەندیخانە، دەبێت بەندکراوەکان بەبێ هیچ مەرجێک ئازاد بکرێن و بگەڕێنەوە ناو کەسووکاریان. تاوانی ئەو خەڵکە تەنیا ئەوە بووە، کە داوای ماف و ئازادییەکانی خۆیان کردووە، ئایا بە راستی خەڵک دەبێ بەم شێوە دەستگیر بکرێ؟ من داوا دەکەم بەندکراوەکان ئازاد بکرێن و چیتر ئەم کارە دووبارە نەکرێتەوە.

وارڤین: پاش خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییەی ئێران سەردانی ئەورووپات کرد، دەکرێ باسی ئەم سەردانە بکەی و مەبەستی ئەو سەردانە روون بکەیتەوە؟

شیرین عیبادی: لە سەردانم بۆ ئەورووپا، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ خافییەر سۆلانا لە برۆکسل سازدا و داوام لە وڵاتانی ئەورووپا کرد کەبە کەڵکوەرگرتن لە گوشاری دیپلۆماتێک بە دژی ئێران، پێش بە توندووتیژی ئەم دەوڵەتە بەرامبەر بە خۆپێشاندەران بگرن، هەروەها داوای ئەوەم لێکردن کە بەرامبەر بە کوژرانی خەڵک و دەستبەسەرکرانی چالاکوانی سیاسی ناڕەزایەتی دەرببڕن.

هەر لەو سەردانەم بۆ ئەورووپا، ناڕەزایەتی خۆم سەبارەت بە ئابلۆقەی ئابووری دژ بە ئێران دەربڕیوە. لەڕاستیدا ئەوە خەڵکن کە لە ئابلۆقەی ئابووریدا زەرەرمەند دەبن. تەنیا رێگاچارە بایکۆتی سیاسی کۆماری ئیسلامییە، جگە لەمە هەر بڕیارێک بدرێ، تەنیا خەڵکی ئێران زەرەر دەکەن.

وارڤین: لە هەواڵەکاندا باس دەکرێ لە لایەن ئێرانەوە گوشاری زۆر دەخرێتە سەرت، ئەم گوشارانە بۆچی دەگەڕێنەوە و لە لایەن کێوە ئەنجام دەدرێن؟

شیرین عیبادی: بەشێکی ئەم گوشارانە دەگەڕێتەوە بۆ لە چاپدانی کتێبی "بیرەوەرییەکانم" کە بەداخەوە رێگەیان نەدا لە ئێران چاپ بکرێ. ئەو گوشارانە لە لایەن هەندێک ئۆرگانی تایبەتەوە بەڕێوە دەچێت. من لە کتێبەکەمدا هەندێ بابەتم باس کردووە کە دەبوایە سانسۆر کرابا، ئینجا چاپ بکرایا، بەڵام من رازی نەبووم کتێبەکەم سانسۆر بکرێ، تا ئەوەی لە ئەمەریکا بە زمانی ئینگلیزی چاپ کرا و دواتر وەرگێڕدرایە سەر ١٦ زمانی زیندووی جیهان. ئەوە بوو گوشاریان خستە سەرم، کە بۆچی ئەم کتێبەم لە دەرەوە چاپ کردووە.

وارڤین: بەسیج، هێرشیان کردە سەر ماڵی ئێوە، بۆچی ئەم کارەیان کرد ؟

شیرین عیبادی: راستە، بەداخەوە ئەمە کراوە. ئەوان من بە پشتیوان و یارمەتیدەری ئەمەریکا و ئیسرائیل لەقەڵەم دەدەن! من لە هەموو لێدوان و وتەکانم دا دژی هەر جۆرە توندووتیژی و شەڕێک بووم، بەڵام ئەوەی کە کۆمەڵێک بەسیجی دێن و من بە یارمەتیدەر و پشتیوانی ئەمەریکا و ئیسرائیل تۆمەتبار دەکەن، نازانم لە بەرژەوەندی کێدایە!

وارڤین: ئایا ئەم گوشارانە بۆ ئەوە نییە کە تۆ ئێران بەجێبهێڵی؟

شیرین عیبادی: با بە روون و ئاشکرایی پێت بڵێم: من لە ژێر گوشاری هیچ لایەنێک و هیچ بارودۆخێکدا، ئێران جێ ناهێڵم. ئێران وڵاتی منە و من هاوڵاتییەکی ئێرانیم و هەتا مابم دەبێ لەوێ بژیم و لە ئێرانیش بمرم. ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە کە بەم کارانە ئێرانم پێ جێبهێڵن، هەڵە دەکەن و بابیر لەشتی تر بکەنەوە.

وارڤین: چالاکڤانانی مافی مرۆڤ لە ئێران، بە تاوانی سیاسی دەستگیر دەکرێن و دەخرێنە زیندان، تۆ وەک کەسێکی ئەکتیڤ بۆ بەرگریکردن لەو کەسانە، هەڵوێستت بەرانبەر بەم کارە چییە؟

شیرین عیبادی:" لە هیچ وڵاتیک هیچ کات مافی مرۆڤ سیاسی نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی مافی مرۆڤ لە ئێران پەیوەندی بەحکوومەتەوە هەیە، بەسیاسی لەقەڵەم دەدرێت". هیچ کاتێکیش چالاکڤانانی مافی مرۆڤ







www.netewe.com



Photo AP

لەئێران کەمتەرخەم نەبوون، لە ئێران هەموو شتێک پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیەو مافی مرۆڤیش پەیوەندی بەحکوومەتەوە هەیە، کاتێک قسە لەسەر ئازادی بیرورا دەکرێ، تەنیا قسە لەسەر رۆژنامە نییە، قسە لەسەر سینەماو شانۆ و هەموو ئەو شتە هونەریانەیە کەکاری تێدا دەکەیت، لەو بوارانەشدا چالاکڤانانی مافی مرۆڤ کارێکی زۆریان کردووە. بەڵێ پێشێلکاری زۆر لە ئێران کراوەو زۆر چالاکی بواری مافی مرۆڤ، لە لایەن حکوومەتەوە دەستبەسەر کراوە و هەندێکیان بە تاوانی سیاسییەوەحوکمی زیندانیان بۆ براوەتەوە.

وارڤین: ژمارەیەک چالاکڤانی کورد ئێستا لە زیندانەکانی ئێران دا هەن، تۆ وەک پارێزەری هەندێ لەو کوردانە، دەکرێ باسی ئەوەمان بۆ بکەی کە چۆن کوردت ناسیووە؟

شیرین عیبادی: بەڵێ من پارێزەری هەندێ لەو چالاکڤانە کوردانەم، لەوانە: محەمەد سەدیق کەبوودوەند و کەمال شەریفی، و چەند کەسێکیتر. من پێشتریش گوتوومە: کوردەکان لە ئێران کۆنترین نەتەوەن و پێش نەتەوەکانی دیکە لەم وڵاتە دا بوونیان هەبووەو لەو ناوچەیە ژیاون. رستەیەک هەیە کە " کوردەکان کۆنترین نەتەوەیی ئارییایین" ئەوە بابەتێکی مێژوویە و حاشای لێناکرێ. کورد، لە ئێران تەنیا نەتەوەیەکن کە ستەمیان دوو بەرامبەر لێ دەکرێ. ستەمێکی مەزهەبی و ستەمێکی نەتەوەیی، بۆیە نابێ خۆمان لە وان جیا بکەینەوە، ئەگەر خۆشحاڵین هەموو بەیەکەوە خۆشحاڵین، ئەگەر خەمبارین هەموو بەیەکەوە خەمبارین". پێویستە یاسای بنچینەیی بە رێکوپێکی و بەتەواوی جێبەجێ بکرێت".

بەرای من یەکەم شت کە دەبێ جێبەجێ بکرێ، بواردانە بە بەکارهێنان و خوێندنی زمانەکانی دیکە لە ئێراندا، بەتایبەت زمانی کوردی کە دەبێ رێگە بەخوێندنی لە ئێراندا بدرێت . من ئەوەی بۆ کورد و نەتەوەکانیتر لە ئێراندا پێمکراوە کردووە و لە داهاتووشدا دەیکەم.

وارڤین: ئایا لە ئێران گۆڕان دێتە ئاراوە و سیستەمی حوکمڕانی گۆڕانی بەسەر دا دێت؟

شیرین عیبادی: ئەگەر بڵێم سیستەمی سیاسی لە ئێران وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەوە مەحاڵە، بەڵام گۆڕان بابەتێکە راستەوخۆ پەیوەندی بە گەلەوە هەیە، پێشتریش لە چەند دیمانەیەکدا گوتومە و من باوەڕم بەوە هەیە کە هەرشتێک گەل بیەوێ بیگۆڕێ، دەگۆڕدرێت. بەڵام کەی ئەمە روودەدات؟ دەبێ چاوەڕێ بین، زەمەن وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە.

وارڤین: رۆڵی ژنان لەم گۆڕانە دا چۆن دەبینی؟

شیرین عیبادی: ژنان نیوەی کۆمەڵن و دەبێ لە هەموو بوارەکاندا رۆڵیان هەبێت، بێگومان هەر گۆڕانێک لە ئێران بێتە ئاراوە رۆڵی ژنی تێدا دەبێت. هەر وەک بینیشمان ژنان، لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییەی تاران و شارەکانیتر زۆر بەرچاو بوون و شانبەشانی پیاوان ئامادە بوون، بۆیە ژنان رۆڵێکی گرنگ و بەهێزیان لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێراندا دەبێت. ژن، لە ئێراندا خاوەن کەسایەتی خۆیەتی و لە چاو ژنانی وڵاتانی ناوچەکە زیندووترن، ئەمەش بە رووونی بەرچاو دەکەوێ و پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات.

هەڤپەیڤین: ئاران جەماڵ

www.netewe.com

# بەستەڵەکی سیاسی تێک شکا

# کورد گڵۆپی سەوزی بۆ مانەوەی مالیکی داگیرساند



هەولێر

بە بۆچوونی هەندێ لە چاودێرانی سیاسی، سەردانی مالیکی بۆ هەرێمی کوردستان، رێککەوتنێکی ژێربەژێری لەنێوان حیزبی دەعوە و هاوپەیمانی کوردستان هێناوەتە ئەرزی واقیعەوە، تا بەو هۆیەوە مالیکی، بۆ جارێکی دیکە متمانەی سەرۆکوەزیرانی عیراق، بەدەست بهێنێتەوە و لەبەرامبەریشدا ئەو، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەربکات، هاوکات دکتۆر مەحمود عوسمان، ئەو ئەگەرە بەدوور نازانێت و دەڵێت ئەگەر کێشەی نێوان ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و حیزبی دەعوە، هەر وا قووڵ بێت، حیزبی دەعوە و لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بەیەک لیست بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی بەغدا، بەشداری دەکەن.

لیستی دەعوە کە سەرۆکوەزیرانی ئێستای عیراق، مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، لە دوایین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا توانی لە کۆی ١٤ پارێزگای عیراق، لە ١٠ پارێزگا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت. ئەمەش وای کرد کە پێگەی حیزبی دەعوە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا بە هێزتر بێت، بەڵام تاکە حیزبێک کە لە گۆڕەپانی سیاسی عیراقدا کێبڕکێ لەگەڵ حیزبەکەی (مالیکی)دا بکات، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامییە، کە بەو دوو حیزبە هاوبەندی شیعییان پێکهێناوە و لە نێو پەرلەمانی بەغدا، ٨٣ کورسییان هەیە.

لەو نێوەندەدا لیستی هاوپەیمانی کوردستان، کە لە پەرلەمانی بەغدا ٥٣ کورسی هەیە، تا ئێستا بڕیاری ئیئتیلافکردنی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی بەغدا لەگەڵ ئەو دوو حیزبەدا رانەگەیاندووە. لە سەرەتای ئەم مانگەدا سەرۆکوەزیرانی عێراقی فیدڕاڵ، سەردانی هەرێمی کوردستای کرد و لە هاوینەهەواری دوکان لەگەڵ سەرۆککۆماری عێراقی فیدڕاڵ و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کۆبووەوە. لەو بارەیەوە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەعدی ئەحمەد پیرە، لەلێدوانێکدا بۆ وارڤین، رایگەیاند، کە لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەوە کرایەوە کە بارودۆخی ئێستای عێراق ناسکەو هەندێ لایەن دەیانەوێت بەهەمانشێوەی رژێمی پێشوو لە عێراقدا کاربکەن و ئەزموونی دیموکراسی نەهێڵن، بۆیە هەردوو لا بڕیاریاندا کە بوار بەو لایەنانە نەدرێت، کە پیلان لە دژی عیراقی تازە بگێڕن.

ساڵی رابردوو لە دەرەنجامی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، بۆ بەغدا بڕیاری پێکهێنانی ٥ لیژنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا درا، بەڵام تا ئێستا کاری ئەو لیژنانە تەواونەکراوون.

بەپێی زانیارییەکان، لە میانەی سەردانی مالیکی بۆ سلێمانی، ئێستا لیژنەیەک بۆ

**سەعدی پیرە بۆچوونی وایە کە سەردانی مالیکی بۆ هەرێمی کوردستان، هەموو ئەو گومانانەی رەواندەوە کە باسیان لەوە دەکرد کە هەولێر و بەغدا، دەیانەوێت کودەتا بەسەر یەکدا بکەن**

www.netewe.com



چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر پێکهێنرا و وەک پرۆژەیەکی سەرەتاییش میکانیزمی چۆنیەتی کارکردنی ئەو لیژنەیە بە مالیکی دراوە.

لەبارەی ماددەی ١٤٠، کە کلیلی چارەسەری کێشەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستانە، سەعدی پیرە، دەڵێت:" مالیکی لە بارەی ماددەی ١٤٠ رایگەیاند کە ماددەکە دەستوورییەو دەبێت چارەیەک بۆ جێبەجێکردنی بدۆزرێتەوە"، بەڵام کەسایەتی سیاسیی سەربەخۆی کورد، دکتۆر مەحمود عوسمان، بۆ وارڤین، ئەوە دەخاتە ڕوو، کە هەڵوێستی ئەمریکاو UN لە بارەی ئەو ماددەیە باش نییە و ئەوان دەڵێن دەبێت پێداچوونەوەی پێدا بکرێت. ئەمەش بەبۆچوونی مەحمود عوسمان، واتای جێبەجێنەکردنی ماددەکە دەگەیەنێت.

بڕیارە سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی، سەردانی بەغدا بکات و لەو سەردانەیەدا لە بارەی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر کە ماددەی ١٤٠، پێشمەرگە، نەوت و غاز، داهات و بوودجە دەگرێتەوە، چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە.

لەو بارەیەوە، سەعدی پیرە، بەردەوامی کۆبوونەوەکانی نێوان بەغدا و هەولێری بە پێویست زانی و ئەوەشی خستە ڕوو کە سەرۆکوەزیرانی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی لە میانەی سەردانیدا بۆ بەغدا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەدات.

خاڵێکی سەردانەکەی مالیکی کە بە لای سەعدی پیرەوە جێگەی بایەخ بوو، ئەوەبوو کە مالیکی گووتویەتی، ئێمە (هەولێر و بەغدا)، لە عیراقدا شەریکین.

دواجار سەعدی پیرە بۆچوونی وایە کە سەردانی مالیکی بۆ هەرێمی کوردستان، هەموو ئەو گومانانەی ڕەواندەوە کە باسیان لەوە دەکرد کە هەولێر و بەغدا، دەیانەوێت کودەتا بەسەر یەکدا بکەن. وەک بە دڵنیاییەوە سەعدی پیرە ڕایگەیاند:" مالیکی بەستەڵەکی سیاسی تواندەوە".

ئەو سەردانەی مالیکی دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هاتوو چاودێرانی سیاسیش بۆچوونیان وایە، کە هەریەک لە لیستی دەعوە و لیستی هاوپەیمانی کوردستانی ڕەنگە بۆ پەرلەمانی بەغدا بەیەک لیستەوە بەشداری بکەن.

کەسایەتی سیاسی کورد دکتۆر مەحمود عوسمان، سەردانەکەی مالیکی، بۆ هەرێمی کوردستانی، وا لێکدایەوە کە دەیەوێت سەرنجی کورد بەرەو لای خۆیدا ڕابکێشێ، چونکە مەبەستییەتی جارێکی دیکە لە پۆستی سەرۆکوەزیرانی عیراقدا بمێنێتەوە. بەبۆچوونی مەحمود عوسمان، ئێستا لە نێوان حیزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیدا کێشە هەیە، کورد لە بری ئەوەی جاران لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی نزیک بوو و بۆ کۆمەڵێک پرۆژەی ستراتیژی لە عیراقدا یەک بۆچوونیان ڕادەگەیاند، ئەمجارە کورد دەیەوێت لە مالیکی نزیک ببێتەوە.

هەندێ بیرۆکە باس لەوە دەکەن، مالیکی و کورد بەیەک لیست لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی بەغدا، بەشداری بکەن، هاوکات مەحمود عوسمان، دەڵێت، ئەگەر ئەنجوومەنی باڵاو دەعوە، کێشەکانیان هەر وا قووڵبێت و بەیەک لیست بەشداری نەکەن، ئەوا لیستی کوردستانی و دەعوە، بەیەک لیست لە پەرلەماندا بەشدار دەبن.

**مەحمود عوسمان، دەڵێت، ئەگەر ئەنجوومەنی باڵاو دەعوە، کێشەکانیان هەر وا قووڵبێت و بەیەک لیست بەشداری نەکەن، ئەوا لیستی کوردستانی و دەعوە، بەیەک لیست لە پەرلەماندا بەشدار دەبن.**

## چاویان بڕیوەتە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا

کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لەهەولێر لە دیمانەیەکی وارڤیندا:

# کۆمپانیا ئەڵمانیەکان لە پرۆژە نەوتییەکانی کوردستاندا بەشدار نین

هەولێر

* چۆن لەگەڵ پرسی کورد ئاشنا بووی؟

دەمێکە لە ئەڵمانیا پرسی کورد ناسراوە، بەڵام ئەڵمانەکان زیاتر کوردی تورکیا دەناسن، لەبەر ئەوەی کوردەکانی تورکیا و بەتایبەتی پەکەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەموو ڕێگاکانیان تاقی دەکردەوە و بگرە توندوتیژیشیان بەکار دەهێنا. کوردەکانی عێراق لە ئەڵمانیا کەمتر ناسراون. ناسیاریم لەگەڵ کوردی عێراقدا بۆ سەرەتای نەوەدەکان و ڕاپەڕین و ئاوارەیی ئەوان دەگەڕێتەوە، کە حکوومەت و ڕێکخراوەکانی ئەڵمانیاشیان بەخۆیانەوە خەریک کردبوو. هەروەها من وەک خوێنەرێک هەمیشە پرسی کوردم لە ڕۆژنامەکاندا شوێنگیری دەکرد. بۆیە کە ساڵی ڕابردوو لە وەزارەتی دەرەوە دەرفەتی بەڕێوەبردنی کونسولگەری گشتی هەولێرم بۆ هاتە پێش، بەخێرایی قبووڵم کرد. لەباری پیشەییەوە حەزم لەم کارە بوو و هەروەها کوردستانیش بۆ من سەرنجڕاکێش بوو، هۆیەکی دیکەیش ئەوە بوو، کە کونسوڵگەریی گشتی ئەڵمانیا لە هەولێر تازە دەکرایەوە و منیش لەلایەن وەزیری دەرەوە پێشکەش دەکرام، بۆیە بە خۆشحاڵییەوە قبووڵم کرد.


Photo

*بەر لەوەی بێیتە کوردستان چ وێنەیەکت لە کوردستان لەپێش چاو بوو و دواتر کە هاتی چۆنت بینی؟

-بەر لەوەی بێمە کوردستان وامدەزانی کە ئێرەش وەک بەشێک لە عێراقە و وەک ئەوێ سەیرم دەکرد، دیارە میدیاکانیش چۆن عێراق بە جیهان دەناسێنن، کە زیاتر دیمەنی بۆمب و تەقینەوەی بەسەردا زاڵە تا هەر شتێکی دیکە، بەڵام کاتێک کە هاتمە کوردستان حەپەسام، یەکەم شت، کە بینیم و سەرنجیڕاکێشام دەزگایەکی بەڕێوەبردنی چالاک بوو، کە کاروباری هەرێمەکەی ڕادەپەڕێنێت و دووەمیش ئەمن و ئاسایشە سەقامگیرەکەی بوو.

*بەگشتی سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینی؟

-لە کوردستان تا ئێستاش ڕابردوو هاودەمی پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانە و کاریگەری بەسەر ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانەوە هەیە. ئەم هەرێمە ماوەی١٨ ساڵە توانیویەتی لەسەرپێی خۆی بوەستێ و گەشە بکات. وەک دەزانن ماوەی ٤ ساڵە حکوومەتی نوێی عێراق دامەزراوە و دەستوورێکی نوێ هاتووەتە کایەوە و پێناسەی یاسایی و سیاسی بە هەرێمی کوردستان داوە. کاریگەرییەکی دیکەی ڕابردوو ئەوەیە، کە پێشتر حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆرێک لە چالاکییەکانی تەرخان کردبوو بۆ پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیان کە ئەوە بۆ چەند ساڵ لەمەوپێش زۆر گونجاو بوو، بەڵام ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی هەرێم گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە پرسی ئەمنی تاکە پرسێک نییە کە تەنیا بایەخی پێبدرێت. پرسی ئەمنی بووەتە هۆی ئەوەی کە کوردستان بەرەو کۆمەڵگەیەکی داخراو بچێت، یەکێکیش لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی داخراو ئەوەیە کە هەمیشە خەریکی ئەوەیە خۆی لە هەڕەشەی دەرەکی بپارێزێت. لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان داوای ڕیفۆرمیان لە حکوومەت کرد. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لە بوارەکانی دیکەی وەک پەروەردە، ئابووری، وەبەرهێنان، تەندرووستیش چاکسازی ئەنجام بدرێت و هەروەها خوازیاری کۆمەڵگەیەکی تەندروست لە گەندەڵین.

*هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییانەی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

-بەراشکاوی دەڵێم، ٢٠٠٩/٧/٢٥ لە مێژووی هەرێمی کوردستاندا ڕۆژێکی ئەرێنی و گرنگ بوو و ئەگەرچی هەندێک کەس ولایەنیش باس لە ساختەکاری و پێشێلکاری لە هەڵبژادنەکەدا

**بەراشکاوی دەڵێم، ٢٠٠٩/٧/٢٥ لە مێژووی هەرێمی کوردستاندا ڕۆژێکی ئەرێنی و گرنگ بوو و ئەگەرچی هەندێک کەس ولایەنیش باس لە ساختەکاری و پێشێلکاری لە هەڵبژادنەکەدا دەکەن**

www.netewe.com

# دکتۆر ئۆلیڤەر شناکێنبێرگ



له دایکبووی 6ی تەمموزی 1959ی شاری ڤوپەرتال. خێزاندار و خودان 3 منداڵە. 1986 کۆلێژی یاسای تەواوکردووە. ساڵی 1989 دکتۆرای لە بواری یاساناسییدا لە شاری ماینتس وەرگرتووە

1991 – 1992 لە خوێندنگەی دیپلۆماسی لە وەزارەتی دەرەوە بەشداریی کردووە. دواتر بەمشێوەیە لە بوارە جیاجیاکانی وەزارەتی دەرەوەدا کاری کردووە:

1992 - 1993 وەزارەتی دەرەوە – بەشی سیاسی

1993 – 1996 کونسوڵگەریی گشتیی لە مادراس

1996 – 1999 باڵوێزخانەی کییێف، بەشی یاسا و کاروباری کونسوڵگەریی

1999 – 2002 وەزارەتی دەرەوە – بەشی رێکخستن (Organization)

2002 – 2006 باڵوێزخانەی هانۆی

2006 – 2009 ئاداری وەزارەتی دەرەوە – بەشی یاسایی

لە نیسانی 2009ـەوە کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەولێر

## Dr. Oliver Schnakenberg

دەکەن، کە دیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوە لە داواکانیان هەیە، بەڵام دەبێ ئەوە لەبیرنەکەین، کە گەلی کورد بە حەماسەتێکی زۆرەوە کارتی هۆشداری بە حکوومەت نیشاندا، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێ هەموو لایەک بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان خۆشحاڵ بن، چونکە بوونی ئۆپۆزیسیۆن نیشانەیەکی بەهێزی بوونی دیموکراسییە.

*روانگەی ئەڵمانیا بۆ چارەسەری پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی ناڤین چییە؟

-وڵاتی ئێمە لەسەر ئاستی جیهانیدا پشتگیری لە دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و کەمەنەتەوەکان دەکات. حکوومەتی ئەڵمانیا لەگەڵ ئەوەدا پشتگیری لەوە دەکات، کە کورد لە عێراقدا دەبێ خۆیان پێشەنگایەتی خۆیان بکەن و لەو دەرفەتەکان باش کەڵک وەربگرن، بەوەش دەزانێت کە کوردی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە ماف و ئازادییەکانیان بێبەشن. بۆیە کار بۆ ئەوە دەکەین کە کورد لە وڵاتانی دیکەدا مافەکانیان بەدەست بێنن. ئێمە لەوەش دڵنیاین کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی بەغدا خواستەکانی خۆی بەدەست دێنێت.

*پەیوەندی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا چۆنە؟

-پەیوەندییەکانمان بەکردنەوەی کونسولخانە گەیشتووەتە ئاستێکی نوێ، بەڵام ئێمە بەس لە ئاستێکدا ناوەستین. ئێمە کونسولخانەمان بۆ ئەوە نەکردووەتە کە تەنیا ئاڵایەکی جوانی لەسەر هەڵواسین، بەڵکو دەمانەوێت کۆمەڵێک پرۆژەی وەک کردنەوەی سەنتەری زانیاری ئابووری، نووسینگەی ئەنستیتۆی گۆتە، قوتابخانەی ئەڵمانی و چەندین پرۆژەی دیکە لە کوردستان جێبەجێ بکەین.

**حکوومەتی ئەڵمانیا لەگەڵ ئەوەدا پشتگیری لەوە دەکات کە کورد لە عێراقدا دەبێ خۆیان پێشەنگایەتی خۆیان بکەن و لە دەرفەتەکان باش کەڵک وەربگرن، بەوەش دەزانێت کە کوردی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە مافە و ئازادییەکانیان بێبەشن**

*لەمیانەی قسەکانتدا ئاماژەت بە تەناهی و باری ئەمنی باشی هەرێمی کوردستان کرد، تا ئێستا چەند کۆمپانیای ئەڵمانی هاتوونەتە ئێرە؟

-زەحمەتە بتوانم ژمارەیەکی دروستت پێ بڵێم، بەڵام هەمیشە لە دانیشتنەکانماندا نزیکەی١٥ تا ٢٠ کۆمپانیا بەشدار دەبن. ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکانیش نووسینگەیان لە ئەستانبوڵ و عەممان هەیە و لەوێوە کاروبارەکانیان بەرێوە دەبەن، بەڵام من بەهیوام ئەوانەش بێنە هەرێمی کوردستان و راستەوخۆ نووسینگەکانیان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک بکەنەوە. کۆمپانیا ئەڵمانییەکان لە ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژە وەبەرهێنانەکاندا کار دەکەن، کە هێشتا زووە قسەیان لەسەر بکەین چونکە پرۆژەکانیان تەواو نەبووە و هیوادارم لە چەند مانگی داهاتوودا تەواو بێت.

*کۆمپانیا ئەڵمانییەکان هیچیان لە بواری نەوتدا لەگەڵ حکوومەتی کوردستاندا کار دەکەن؟

-نەخێر، تا ئێستا لە هیچ پرۆژەیەکی نەوتی هەرێمی کوردستاندا بەشدار نین زیاتر لە چاوەڕوانی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدادان. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم بووە هۆی ئەوەی کە حکوومەتی هەرێم لەسەر ئاستی جیهانیدا جەماوەر بۆ خۆی پەیدا بکات.

www.netewe.com

## بەهۆی بڕیاری ٤٩ لە ڕۆژئاوای کوردستاندا

# ٩٠،٠٠٠ کورد ناوچە سنوورییەکانیان جێهێشتووە

قامیشلۆ

بڕیاری٤٩ لە١٠ـی ئەیلولی ساڵی٢٠٠٨دا دەرچووە و ڕەوشی ژیانی کوردی لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ئاڵۆزتر کردووە. ناوەڕۆکی بڕیارەکە باس لەوە دەکات کە نابێ بەبێ مولەتی دەولەت، وەزارەتی بەرگری، ناوخۆ و هێزە ئەمنییەکان خانوو دروست بکرێت، یان لە ناوچە سنورییەکانەوە بە پانتایی ١٥کیلۆمەتر کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت.

بڕیاری٤٩، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر کرێکاران دادەنێت، وەستا جەمیل، کە کاری دروستکردنی خانوو دەکات، لەوبارەیەوە بە وارڤین دەڵێت:" لەوەتەی ئەو بڕیارە دەرچووە، کار نەماوە و کرێکارانیش دەستبەتاڵ ماونەتەوە و زۆرێک لە برادەرەکانم کە ئەم کارەیان دەکرد، کۆچیان کردووە و لە جەزیرەوە چوونەتە دیمەشق، یان ڕوویان لە بەیروتی پایتەختی لوبنان کردووە".

بارزان حسێن هاووڵاتییەکە، لەبازاڕگەی قامیشلۆ، کاری فرۆشتنی جلووبەرگ دەکات. ئەو لەوبارەیەوە دەڵێت:" پێشتر ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە هەرێمەکە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ژیانمان دانابوو، لەگەڵ دەرچوونی ئەم بڕیارەشدا کاری کڕین و فرۆشتن بەگشتی بەرەو نەمان دەچێت، چونکە خەڵک پەرێشان و بێ پارە ماونەتەوە و هەرێمەکەمان بەرەو چۆڵکردن دەڕوات".

شیڤان ئۆسە، خاوەن کارگەیەکی کەلوپەلی دروستکردنی خانووە، پێیوایە، کە بەر لە دەرچوونی ئەو بڕیارە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی لە هەرێمی جەزیرەدا کە ئەو هەرێمە ناوچە کورد نشینەکانی سوریا دەگرێتەوە، زۆر باش بوو،" بەڵام پاش دەرچوونی بڕیارەکە، کەس نەماوە کاری دروستکردن یان فرۆشتن بکات و بازاڕی ئێمەش نەماوە". زۆربەی کرێکارانی دەڤەرەکە پاش دەرچوونی بڕیاری٤٩ لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیانیاندا، ڕوویان لە وڵاتانی دراوسێ کردووە، هەروەها بەشێکیان ڕوو لە هەرێمی کوردستان و بەشێکی تریان ڕوو لە لوبنان و وڵاتانی کەنداو دەکەن.

هەموو ناوچە کوردنیشنەکانی سوریا، دەکەونە ژێر سێبەری ئەو بڕیارە، بۆیە هەموو چالاکییە ئابوورییەکان لەو دەڤەرەدا وەستاون و هێزە ئەمنییەکان و دەزگاکانی دیکەی سوریا، مولەتی دروستکردن و کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی بە کورد نادەن. بەو هۆیەوە ژمارەیەکی بەرچاوی کورد ناچاربوون بار بکەن و ڕوو لە پارێزگا ناوەڕاستەکانی سوریا بکەن.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، ژمارەی ئەو کوردانەی کە بە هۆی بڕیاری ٤٩ی مەرسوومی کۆمارییەوە، لە هەرێمەکانیان کۆچیان کردووە، خۆی لە قەرەی ٩٠٠٠٠ کەس دەدات، کە ژمارەیەک لەوانەش چوونەتە دەرەوەی سوریا.

پارتیی یەکێتی دیموکراتیکی کورد، کە هاوکات ئەندامی هاوبەندی پارتە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە، لەبارەی ئەنجامەکانی ئەو بڕیارەوە ڕایگەیاندووە، کە بڕیارەکە نەک تەنیا زیان بە کورد دەگەیەنێت، بەڵکو زیان بە تەواوی گەلانی سوریا دەگەیەنێت، بۆیە بە پێویستی دەزانێت بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو بڕیارە بەرەیەکی هاوبەش لە کورد و نەتەوەکانی دیکەی سوریا، پێک بهێنرێت.

ڕۆژنامەی (دەنگی کورد) کە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد (ئەلپارتی)یە لە سوریا، لەبارەی ئەو بڕیارەوە نووسیویەتی:" بڕیاری٤٩ زیانێکی گەورەی گەیاندووەتە نەتەوەی کورد لە سوریا و بووەتە هۆی ئەوەی، کە چالاکییە ئابوورییەکان بوەستن و کاریگەری نەرێنی لەسەر کاری ٣٥پیشە داناوە، کە لەوانە، (ئەندازیاری و بەڵێندەری و پارێزەرین) و هەزاران هاووڵاتی کورد لە ڕێگای ئەو پیشانەوە بژێوی ژیانیان دابین دەکەن". هەر بەپێی ئەو ڕۆژنامەیە بڕیارەکە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان داناوە و ئەوەش لە داهاتوودا دەبێتە هۆی ئەوەی یەکگرتنی نەتەوەیی وڵات تێکبچێت.



بڕیاری ٤٩ لە لایەن خۆپیشاندەرانی کورد مەحکوم دەکرێت

لەلایەکی دیکەوە پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سوریا، داوای بەتاڵکردنەوە یان گۆڕینی بڕیارەکە دەکات، هەروەها داوا لە هاووڵاتییان دەکات کە بڕژێنە سەر شەقامەکان و ئەو بڕیارە پرۆتستۆ بکەن. لەگەڵ ئەوەی پارتی پێشڤەڕۆی کورد بۆ پرۆتستۆکردن و بەتاڵکردنەوەی بڕیارەکە ٤٦٠٠٩ واژۆی کۆکردەوە و لە مانگی شوباتی٢٠٠٩دا لە پێش نووسینگەی سەرۆککۆماری سوریای دانا، هاوکات تەڤگەڕی کورد بە هاریکاری هێزە وڵاتپارێزەکانی عەرەب و ئاشووری لە٢٠٠٩/٢/٢٨دا بە بەشداربوونی هەزاران کەس ماوەی ٥ خولەک بێدەنگییان لە کۆڵان و شەقامەکان ڕاگەیاند.

هەروەها ئەنجوومەنی گشتی هاوبەندی دیموکراتیکی کورد لە سوریا، لەپێناو ڕاگرتن و بەتاڵکردنەوەی بڕیاری٤٩ـدا لەگەڵ هێزە ناوخۆییەکانی سوریا، سەرقاڵی زنجیرەیەک وتووێژە.

هاووڵاتیانی کوردی سوریا، هیواداران کە دەولەتی بەشار ئەسەد ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوە و چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو پرسە بدۆزێتەوە، چونکە ئەو بڕیارە خزمەت بە پێکەوە ژیان و برایەتی گەلانی سوریا ناکات.



**ئیبراهیم خەلیل**

www.netewe.com

# سەرۆكوەزیرانی داهاتوو چی بۆ ژن دەكات؟

## كنێر عەبدوڵڵا: پلانەكانی حكوومەت بە كردەوە نەیتوانیوە كێشەی ژنان بنبڕ بكات

هەولێر

راوێژكاری كاروباری كۆمەڵایەتی سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان ئەوە دەخاتەروو كە نێچیرڤان بارزانی، كارێكی وای بۆ مافی ژنان، كرد كە هەر كەس سەرۆكایەتی حكوومەت وەربگرێت، ئەگەر لە هەنگاوەكانی ئەو گەڕانەوە بكات و لە بواری كۆمەڵایەتییەوە، بەرەو پێشتری نەبات، خۆكوژی دەكات. هاوكات ئەندامێكی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بەپێویستی دەزانێت كە وەزارەتێكی تایبەت بەژنان دابنرێت، كە دەتوانرێت ناوی وەزارەتی یەكسانی لێ بنرێت و لەو چوارچێوەیەشدا كار بۆ نەهێشتنی گشت ئەو پێشێلكاری و جیاكارییانە بكرێت، كە لەسەرجەم ناوەندەكاندا لەدژی ژن، ئەنجامدەدرێن.

سەرۆكوەزیرانی ئێستای حكوومەتی هەرێمی كوردستان نێچیرڤان بارزانی، لە كابینەی ٥دا بەدروستكردنی كۆمیسیۆنێك بۆ بەرەنگاربونەوەی توندووتیژی دژ بە ژنان، توانی تا ئاستێك زەمینە بۆ هاتنە پێشەوەی ژن، لە بواری سیاسی، كۆمەڵایەتی و ئابووریدا خۆشبكات، بەڵام ئەوەی تەواوكەری ئەو هەنگاوە دەبێت، كە سەرۆكوەزیرانی داهاتووە دەبێ چی بۆ ژن بكات؟ لە پرسیاری ئەوەی كە ئایا سەرۆكوەزیرانی ئێستا چی بۆ ژن كردووە؟ راوێژكاری سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی كوردستان بۆ كاروباری

**"بەلای سەرۆكوەزیرانی كوردستانەوە زۆر گرنگ بوو وشەی یەكسانی رەگەزی، لە ناو فەرهەنگی سیاسی ئەم وڵاتەدا دابنرێت و ئەمەش لە ساڵی ٢٠٠٥ بە پراكتیكی هەنگاوی بۆنرا"**



نێچیرڤان بارزانی لە كاتی خوێندنەوەی وتارێكدا لە شاری هەولێر

كۆمەڵایەتی مەهدی ساڵح، بە وارڤینی راگەیاند:" لەساڵی٢٠٠٢، بەشێوەیەكی جددی چالاكییەكانی نێچیرڤان بارزانی، بۆ ژن دەستی پێكرد و لەسەر بڕیاری ئەو یاسای كوشتن بەناوی شەرەف هەمواركراو، سەرۆكی حكوومەتیش یەكەم كەس بوو جورئەتی ئەوەی كرد بڵێت،" گەورەترین بێشەرەفی ئەوەیە كە بەناوی شەرەف كەسێك بكوژی". مەهدی ساڵح، ئەوە دەخاتەروو كە بەلای سەرۆكوەزیرانی كوردستانەوە زۆر گرنگ بوو وشەی یەكسانی رەگەزی، لە ناو فەرهەنگی سیاسی ئەم وڵاتەدا دابنرێت و ئەمەش لە ساڵی ٢٠٠٥ بە پراكتیكی هەنگاوی بۆنرا.

لەلایەكی دیكەوە، وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان لە حكوومەتی هەرێمی كوردستان چنار سەعد عەبدوڵڵا، بۆچوونی وایە كە نێچیرڤان بارزانی، لەبارەی گرنگیدان بە ژنان، تەحەددای كۆمەڵگەی كرد، بەوەی كە دەستی بۆ هەندێ شت برد كە ئەنجامدانییان بە مەترسیدار و نەخوازراو باسدەكرا و دەستلێدانیان بقە بوو، لەوانەش ئاماژە بەوە دەكات:"یاسای باری كەسی پێش هەمواركردنی هەندێ ماددەی تێدابوو، كە خۆی توندوتیژی بەرهەمدەهێنا".

چنار سەعد، ئەوە دەخاتەروو، ئەگەر بەراووردی هەرێمی كوردستان لەگەڵ عێراق بكەین، دەبینین كە بەهۆی بایەخی سەرۆكوەزیرانی كوردستان بەمافی ژنانەوە، ئێمە زۆر لە پێشەوەی بەغداین.

نێچیرڤان بارزانی، لە ساڵی ٢٠٠٧ بڕیاریدا كۆمیسیۆنی دژ بە توندووتیژی مێینە، دابمەزرێندرێت و خۆیشی سەرۆكایەتی ئەو كۆمیسیۆنەی كرد. لەو بارەیەوە مەهدی ساڵح، گوتی:" نێچیرڤان بارزانی بە حەماسێكی زۆرەوە سەرپەرشتی كۆبوونەوەكانی دەكرد و بودجەی تەواوی بۆ ئەو كۆمسیۆنە دابینكرد". دواتر مەهدی، ئاماژەی بەوە كرد كە كە بەرێوەبەرایەتی دژی توندوتیژی لە هەرسێ پارێزگا دروستبوو و

لەقەزاو ناحیەکانیش ئۆفیسی بۆ کرایەوە.

کۆمیتەی بەدواداچوونی بڕیارەکانی کۆمسیۆن کە وەزیری مافی مرۆڤ سەرپەرشتی دەکرد، بۆردی پارێزگاکانی دروستکردو و هاوکات لەو بۆردانەدا داواکاری گشتیش ئەندام بوو. بەقسەی مەهدی ساڵح، ژمارەی ئەو کەسانەی کە توندووتیژیان دژ بە مێینە دەکرد، لە ڕێگەی کۆمیسیۆنەوە دەستنیشان دەکران، هەروەها سەرۆکوەزیرانی کوردستان، لە کۆبوونەوەکانی کۆمسیۆندا گفتوگۆی لەبارەوە دەکردن و بەوردی چاودێری ئەوەی دەکرد کە چ ڕێوشوێنێک لەبەرچاو بگیرێت تا ڕێژەکە کەمتر بێتەوە.

کنێر عەبدوڵڵا، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، کارکردنی حکوومەتی لە بواری کەمکردنەوەی توندووتیژی دژ بە ژنان، بە پرۆژەیەکی ستراتیژی بۆ بایەخدان بە پرسەکانی ژنان وەسف کرد و بۆچوونی وابوو کە ئەم پرۆژەیە ئەگەرچی وەک هەنگاوێکی کردەیی و سەرەتایی باش بوو، بەڵام بێ کەمووکورتی نەبوو. کنێر گوتی:" دەبوو ئەم پرۆژەیە لە باڵاترین ئاستدا یەکەیەکی سەربەخۆی بۆ دابنرایە، نەوەک سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت، چونکە لەو کاتەدا بەڕێوەبەرێکی

**" کلتوور، سیاسەت، کۆمەڵگە، شێوەی بەرهەمهێنان، دیدی کورد بۆ پرسی خێزان، داخراوی کۆمەڵگەی کوردی بەڕووی دنیای دەرەوە لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین و هەروەها بۆچونی کورد بۆ پێگەی ژن لە ئاییندا، ئەمانە هەمووی لەبەردەم کاری سەرۆکوەزیران ئاستەنگەلێکی گەورەبوون"**



مەهدی ساڵح: ژنانی کوردستان بڕوایان بە ڕێوشوێنەکانی حکوومەت پەیدا کردووە

گشتیی بەپێی پۆستەکەی ناتوانێت، لە پۆستێکی بەرزتر لە خۆی لێپرسینەوە بکات". بەپێی لێکدانەوەی کنێر، ئەگەر وەزیر یان بریکاری وەزیرێک بۆ نموونە کاری توندووتیژی دژ بە یەکێک ئەنجامبدات، لە خوارە چۆن دەتوانرێت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە چەندین گوتارو کۆبوونەوەدا داوای لە زانایانی ئاینی ئیسلام کرد کە دەبێت مامۆستایانی ئایینی پاڵپشتی لە سیاسەتی حکوومەت بکەن بۆ نەهێڵانی توندوتیژی دژی ژنان. لەو بارەیەوە مەهدی، باس لەوە دەکات کە ئەگەر بەبڕیاری سەرۆکی حکوومەت بێت، ئەو دەیەوێ کابینەیەک دابمەزرێنێت، کە ٥٠٪ ی لە ژنان پێکبێت.

لەبارەی ئەوەی کە ئایا بۆچی سەرۆکی حکوومەت دوو گوتاری جیاوازی لەنێو زانایانی ئایینی و ژنانی یەکسانخوازدا پێشکەش کردووە. مەهدی دەڵێت:" نە، وانییە سەرۆکی حکوومەت هەرگیز دوو گوتاری جیاوازی نەبووە، بەڵام دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین، کە ئێمە لە کۆمەڵگایەکی موسوڵماندا دەژین، تۆ ناتوانی بڵێی هەموو مەلاکان دواکەوتوون، یان هەموو ئافرەتەکان پێشکەوتوون. سەرۆکی حکوومەت داوای لە مامۆستایانی ئایینی کرد کە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و کلتووری ئاشتی و دیموکراسیدا پشتگیری لە حکوومەت بکەن".

وەک مەهدی، ئاماژەیدا، نێچیرڤان بارزانی، گوتوویەتی:" من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئایینی ئیسلام بەهەڵە شی بکرێتەوە. بارزانی، لەمیانەی گوتارەکەیدا بۆ ئافرەتان جەختی لەوە کردەوە کە من ناتوانم کۆمەڵگەیەک قبوڵ بکەم کە ژن تێدا ژێردەستە بێت".

مەهدی، لەبارەی ئەو ئاستەنگانەی کە لە بەردەم سەرۆکی حکوومەت بوو گوتی:" کلتوور، سیاسەت، کۆمەڵگە، شێوەی بەرهەمهێنان، دیدی کورد بۆ پرسی خێزان، داخراوی کۆمەڵگەی کوردی بەڕووی دنیای دەرەوە لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین و هەروەها بۆچونی کورد بۆ پێگەی ژن لە ئاییندا، ئەمانە هەمووی لەبەردەم کاری سەرۆکوەزیران ئاستەنگەلێکی گەورەبوون".

کنێر عەبدوڵڵا، ڕوونیکردەوە کە لەسەرەتای پێکهێنانی کابینەی ٥ ی حکوومەتی هەرێمدا کەمووکورتی لەمەڕ پرسی ژن گرفتێکی گەورەی هەنگاوەکان بوو، نەتوانراوە بەپێی ڕوانگەو بەرنامەی جیاواز و بەپێی قەبارەی کێشەکە کاری بۆ بکرێت. کنێر، هۆکاری توندووتیژی و زۆرێک لەو کێشانەی کە پەیوەندی بەخودی ژنان و کۆی تاکەکان و کۆمەڵگەشەوە هەیە، بۆ دیدی جیاوازی حوکمڕانانی سیاسی کورد، دەگەڕێنێتەوە و پێیوایە کە بەهۆی جیاوازی بیر و بەرنامەی ئەو پارتە سیاسییانەی حوکمڕانییان گرتۆتە دەست، وای لێهاتووە.

هاوکات کنێر، نەبوونی پلان و ستراتیژییەکی ڕوون، لە وەزارەتەکان بەهۆکارێکی تر دەزانێت کە بووەتە هۆی کەمتەرخەمی کردن لە بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دژ بە ژنان. لەبارەی نەبوونی ئامارێکی ڕاستەقینە سەبارەت بەڕێژەی کوشتنی ژنان و جۆری ئەو توندووتیژیانەی کە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبێتەوە، کنێر، بۆچوونی وایە کە واقعی کۆمەڵگە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە لە ڕێی پلانی حکوومەتەوە بە کردار نەتوانراوە کە کێشەکان بنبڕ بکرێت.

کنێر، دەڵێت تا ئێستا چەند شەڵتەر و لانەی داڵدەدانی پێویست و گونجاو لە کوردستاندا بۆ ئەو ژنانەی هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە هەن؟ یان چەند ناوەندی تایبەت بە گەشەپێدانی تواناکانی ژنان خراوەتە گەڕ، کە کار لەسەر بەرزکردنەوەی تواناکانی ژنان لەسەرجەم بوارەکاندا بکات. چەند پرۆژەی خزمەتگوزاری و نیشەجێبوونی تایبەت بە ژنانی تەڵاقدراو هەیە و

www.netewe.com



کنێر عەبدوڵڵا: پرۆژەکانی حکوومەت وەک هەنگاوێکی کردەیی و سەرەتایی باش بوو

چەند توێژینەوەی تایبەت بەدیاردەی لەشفرۆشی کراوە، تا بتوانرێت هۆکارەکانی دیاری بکرێت و بەو پێیە پرۆژەی جیاواز بۆ چارەسەری کێشەکە ئەنجام بدرێت.

هەر لەوبارەیەوە راوێژکاری ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی گوتی:" بێجگە لە دامەزراندنی کۆمیسیۆن، ژمارەی شەڵتەرەکان لە کوردستان زیاد بووە و هەوڵیش ئەوەیە کە زۆرترین ژن بپارێزرێن. هەڵبەت دەبێ لەبیر نەکەین کە تەنیا لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا توانرا رێژەی کوشتن و توندووتیژی دابەزێت. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ژمارەی سکاڵاکان زیاد بووە، ئەمەش واتای ئەوە نییە کە توندووتیژی زیادبووە، بەڵکو ئەمڕۆ بابەتەکە جوانتر شرۆڤە دەکرێت و ژنانی کوردستان بروایان بە سیاسەتەکانی سەرۆکی حکوومەت و ڕێوشوێنەکانی پەیدا کردووە، بارزانی سەلماندوویەتی کە لەسەر مافی ژنان ئامادە نییە سازش بکات".

لەبارەی کاری سەرۆکوەزیرانی داهاتوو بۆ چارەسەری پرسی ژن، مەهدی ساڵح دەڵێت:" سەرۆکوەزیرانی کوردستان نێچیرڤان بارزانی، کارێکی وای بۆ مافی ژنان، کرد کە هەر کەس سەرۆکایەتی حکوومەت وەربگرێت، ئەگەر لە هەنگاوەکانی کاک نێچیرڤان گەڕانەوە بکات و لەبواری کۆمەڵایەتییەوە و بەرەو پێشتری نەبات، خۆکوژی دەکات، چونکە نێچیرڤان بارزانی بناغەی بۆ یەکسانی پیاو و ئافرەت داناوەو ئەو کەسەی کە دوای ئەویش دەبێتە سەرۆکوەزیران، ئەرکی ئاسانە ئەگەر لەسەر ئەو ڕێڕەوەدا بەردەوامبێت". مەهدی ساڵح هەروەها گوتی:" نێچیرڤان بارزانی، لەناو حکوومەت بێت، یان لە دەرەوەی حکوومەت، بۆ بەرەوپێشبردنی مافی ژنان، بەردەوام دەبێت".

چنار سەعد، گوتی کە ئەوەی نێچیرڤان بارزانی، بۆ دەستبەرکردنی مافی ژنان دەستی پێکردووە، هێشتا کۆتایی پێنەهاتووە. وەک دەڵێت:" نێچیرڤان بارزانی، بناغەی بۆ کارەکانی ژنان، دانا، ئەو هەوڵی گۆڕینی نەریت دەدات، هەرچەندە ئەو گۆڕانە ١٠٠٪ نەبوو، چونکە گۆڕینی نەریت بەئاسانی ناکرێت. پێویستە سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، ئەو بەرنامەیەی بۆ ژنان داناوە تەواو بکات".

چنار، ئەوە دەخاتەڕوو کە دەبێ بەرپرسانی ئێمە پیشانی بدەن کە بەڵێ مافی ئافرەت لەبەرچاو دەگیرێت و پێکهاتەیەکی بنەڕەتی و هاوشانی پیاوەو ڕێزی لێ دەگیرێت. وەک ئەو باسی لێوە کرد کە دەبێ بەرپرسان لە ناوەندەکان و بنەماڵەی خۆیانەوە ماف بەئافرەتان بدەن و لە بۆنە گشتییەکاندا بەرپرسان، لەگەڵ ئافرەتانی تر بەشداری بکەن. بەگوتەی چنار:" ئەگەر ژن، شەریکی بەرپرسیاریتی بێت، توندووتیژی کەم دەبێتەوە، چونکە ژن، فریشتەی میهرەبانییەو دەتوانێ کۆمەڵگە بەرەو خۆشەویستی ببات".

کنێر، کارنەکردن لەسەر ڕاگرتنی باڵانسی جێندەری، لە کۆی ئەو ٤٢ وەزارەتەی هەیە، بە کەمووکورتی دەزانێت و ڕەخنە لەوە دەگرێت کە تەنیا٣ وەزیری ژنی تێدا بووە. کنێر، ئاماژە بەوە دەکات کە وێڕای کەمووکورتی لەبوونی ئەو پێوەرانەی هەر یەک لەو وەزیرانەی کە لە کابینەی ٥دا پێ هەڵبژێردراون، لەژێر ناوی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان، تەنیا ژنێک بە سەرپشکی کارەکانی گشت کێشەکانی ژنان هەڵبژێردراوە، بێ ئەوەی بودجە وستافی کار و دەسەڵاتی تەواوی وەک هەر وەزارەتێکی دیکەی هەبێت.

**"ئەگەر ژن، شەریکی بەرپرسیاریتی بێت، توندووتیژی کەم دەبێتەوە، چونکە ژن، فریشتەی مێهرەبانییەو دەتوانێ کۆمەڵگە بەرەو خۆشەویستی ببات"**



چنار سەعد عەبدوڵڵا: حکوومەت بناغەی بۆ چارەسەری کێشەی ژنان داڕشتووە

کنێر، هەروەها دەڵێت:" زۆرجار لە بۆنەو خەڵاتکردنی تایبەت بەژناندا، وەزارەتی وەرزش و لاوان، ئەم کارە جێبەجێ دەکات، کەچی دەبوو ئەم کارە لەلایەن وەزارەتی ژنانەوە ئەنجامبدرایە.

کنێر، داوا لە سەرۆکوەزیرانی داهاتوو دەکات، کە لە پێکهێنانی حکوومەتی نوێدا باڵانسی جێندەری لەبەرچاو بگرێت و بەدەر لە ئینتیمای حزبی، خزمخزمێنە، واسیتە، کچ یان کوڕی فلان شەهید، سەرکردە و خەباتی پێشووی شاخ، نەکاتە پێوەری هەڵبژاردنی کەسەکان، بەڵکو پشت بە کەسانی تێکنۆکرات ببەستێت. کنێر، بە پێویستی دەزانێت کە وەزارەتێکی تایبەت بە ژنان، لەژێر ناوی "وەزارەتی یەکسانی"دا دابمەزرێت و کار بۆ نەهێشتنی گشت ئەو پێشێلکاری و جیاکارییانە بکات کە لەسەرجەم ناوەندەکاندا، ئەنجامدەدرێن.

تەنیاکوردی بەهرە حەمەرەش

www.netewe.com

# ئەو ڕۆژانەی زمان ناتوانێت گوزارشتیان لێ بکات



Photo

هەولێر

"سەرەڕای خراپی ژووری زیندان و خواردن، نەیاندەهێشت بخەوم. درەنگانی شەو، بۆ ژووری ئەشکەنجەدان، بەڕێیان دەکردم، شەوێک هەڵیانواسیم، بەڵام نەمتوانی لەسەر ئەو کورسییەی بۆ هەڵواسینەکەم دانرابوو، قاچەکانی خۆم ڕابگرم، کەوتمە خوارەوە بەو هۆیەوە ماوەی دە ڕۆژ تووشی خوێنبەربوون هاتم".

ژنێکی پێست سپی چاو کاڵ، بە ئەسپایی چاویلکەکەی کردە چاوی، تا ئەو تێنووسە بخوێنێتەوە کە یادداشتەکانی زیندانی تێدا نوسیووەتەوە. بە شانازییەوە، وەک ئەفسەرێکی سەرکەوتوو لە شەڕدا باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ "دوژمن" و ڕۆژانی سەختی زیندان دەکات.

ئەو، کاتێک زیندانی کراوە تەمەنی نۆزدە ساڵ بووە، ئێستا تەمەنی ٤٥ ساڵە. وەک خۆی دەڵێت، لەبەرئەوە زیندانی نەکراوە کە خوشکی پێشمەرگە بووە، بەڵکو "بەپێچەوانەی هەموو ئەو کەسانەی کە دەڵێن، سیاسەت کاری ژن نییە"، بەهۆی بیروباوەڕی نەتەوەیی و کوردایەتییەوە، زیندانی بەعس بووەتە وێستگەیەکی ناخۆش لە وێستگەکانی ژیانی.

دڵسۆز نامیق، ساڵی١٩٨٥ بەهۆی دانپێدانانی هەڤاڵێکیان لە ڕێکخستنەکانی ناوشار، ناوی بە ئەفسەرەکانی لێکۆڵینەوەی ڕژێمی بەعس دەدرێت، دواتر بە تاوانی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەلایەن ڕژێمی "بەعسەوە" زیندانی دەکرێ و ماوەی دەساڵ حوکمی بەسەردا دەسەپێنرێت.

پاش دەستگیرکردنی دڵسۆز، چوارساڵ لە زیندانی ڕەشاد لە بەغدا ماوەتەوە و دواتر بەهۆی لێبوردنی گشتیی لەساڵی١٩٨٨دا ئازاد دەکرێت. دڵسۆز، کە لە قۆناغی شەشی ئامادەییدا زیندانیکراوە، کاتی خۆی زۆر ئارەزووی ئەوەی هەبووە کە کۆلێژی یاسا بخوێنێت و ببێتە دایک، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ڕۆژە نەبراوەکانی ئەشکەنجەوە، بە هیچ یەک لەئارەزوووەکانی نەگەیشتووە. دڵسۆز، دوای ئازادبوونی لە زیندان پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانی تەواوکردووە و ئێستا لە قوتابخانەیەکی

> دڵسۆز، ئێستا خەریکی نووسینی کتێبێکە، تا وەک ژنێکی زیندانی و قوربانی، "ئازار و ئەشکەنجەکانی لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و بەرپرسگەلێکی گەندەڵ"بخاتە ڕوو. دڵسۆز، لەمیانەی قسەکانیدا گلەیی لە حکوومەت دەکرد و دەیگوت:" دەبێ بەرپرسان هەست بەوە بکەن، ئەو نازو نیعمەتەی ئێستایان بەرهەمی ڕەنجی ئێمەیە و مافی خۆمانە ژیانێکی ئاسوودە بەرینە سەر"

www.netewe.com



دڵسۆز نامیق سەعید. ساڵی ١٩٦٥ لە دایک بووە.
ساڵی١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە.
لە ڕێکەوتی ٥ / ٦ /١٩٨٥ قوتابی شەشی ئامادەیی بووە کە زیندانی کراوە.
لە ١٥ ی ٩ی ١٩٨٨ بە لێبووردنی گشتی ئازادکراوە.
ئێستا لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر مامۆستایە.

بنەڕەتی شاری هەولێر مامۆستایەتی دەکات. لەگەڵ ئەوەی ئارەزووی لەم پیشەیە نەبووە، بەڵام باس لەخۆشەویستی خۆی بۆپیشەکەی دەکات، ئەو کە بەهۆی ئەشکەنجەی"زیندان" تووشی نەخۆشی منداڵدان بووە، دوای پانزە ساڵ لە ژیانی هاوسەرێتی نەیتوانیوە ببێتە دایک، بۆیە حەزی لەوەیە بەردەوام لەگەڵ قوتابییەکان تێکەڵ بێت. دڵسۆز، کە تا ئێستاش لەگەڵ ئاسەوارە دەروونی و جەستەییەکانی زینداندا دەژیت، ڕزگاربوون لەزیندان و ئازادی بەشێک لە کوردستان هێشتا برینەکانی سارێژنەکردووە، دەڵێت:" لەگەڵ ئەوەدا کە خەبات و بەرخۆدانیی زیندانییەکان ئەم ڕۆژانەیان دروست کردووە، بەڵام حکوومەت هیچ ئاوڕێکی لێ نەداوینەتەوە".

دڵسۆز، کە ژنێکی جوان و سەرنجڕاکێشە، بە هەڵکێشانی ئاخێک درێژە بەقسەکانی دەدات:" ڕۆژانی سەختی زیندان و خەمی کۆمەڵگە و نادادپەروەری حکوومەتی هەرێم، کەلێنی خستە ژیانی گەنجی و هاوسەرییم و ئەوەش لە ژیاندا هەرەسیان پێ هێنام". ئەو ژنە زیندانییە، ڕۆژانی زیندان بە"کابوس" وەسف دەکات، و پێیوایە کە ناتوانێ بە زمان گوزارشت لەو ڕۆژانە بکات کە لە ژێردەستی بەعسدا زیندانی کراوە، ئەو گوتی:" بۆ چرکەیەک چاوت داخەو بیهێنە بەرچاوت کە کاتژمێر دووی شەو"دوژمن" وەک گەڵای دار سەربان و ناوماڵت بگرێت و دەستو قاچت بگرن و بتبەنە زیندان، هەست بەچ خورپەیەک دەکەی؟".

دڵسۆز، بەرخۆدان لە زیندانەکانی بەعسدا، بە سەخت دەزانێت و وەها باس لەو ڕۆژانە دەکات:" سەرەڕای خراپی ژووری زیندان و خواردن، نەیاندەهێشت بخەوم. درەنگانی شەو، بۆ ژووری ئەشکەنجەدان، بەڕێیان دەکردم، شەوێک هەڵیانواسیم، بەڵام نەمتوانی لەسەر ئەو کورسییەی بۆ هەڵواسینەکەم دانرابوو، قاچەکانی خۆم رابگرم، کەوتمە خوارەوەو بەو هۆیەوە ماوەی دە ڕۆژ تووشی خوێنبەربوون هاتم، تەنیا ژوورێکی بچوک هەبوو، بۆ چارەسەرکردنی

**"زۆرێک لە زیندانیانی سیاسی، گلەیی ئەوە لەدەسەڵات دەکەن، کە قۆناغی ئێستای هەرێمی کوردستان، لەسەر حیسابی گیان و جەستەی ئەوان دروستبووە، بەڵام حکوومەتی کوردی"کارێکی بۆ نەکردوون کە شایانی ڕەنج و خەباتیان بێت"**

ئەوکەسانەی دوچاری ئەو حاڵەتانە دەبن، لەوێ سستەرێک هەبوو دەرزی لێدەدا، هەر ئەوکاتەی زانیان حاڵم باشترە، بۆ ژووری ئەشکەنجەدانیان دەبردم و هەمان لێدانیان بۆ دووبارە دەکردەوەو زۆرجاریش بەدیار وتارێکی سەددام حوسێن، ماوەی دووسەعات دایاندەنایین، لەوکاتەدا ئەوەی جوڵەی کردبا بۆ ڕۆژی دوایی فەلاقە دەکرا".

دڵسۆز، ئێستا خەریکی نووسینی کتێبێکە، تا وەک ژنێکی زیندانی و قوربانی، ئازار و ئەشکەنجەکانی لە" کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و بەرپرسگەلێکی گەندەڵ"بخاتە ڕوو. دڵسۆز، لەمیانەی قسەکانیدا گلەیی لە حکوومەت دەکرد و دەیگوت:" دەبێ بەرپرسان هەست بەوە بکەن، ئەو نازو نیعمەتەی ئێستایان بەرهەمی ڕەنجی ئێمەیە و مافی خۆمانە ژیانێکی ئاسوودە بەرینە سەر".

ئەو ژنە، باس لە پووکانەوەی ئارەزووەکانی بەهۆی کوردایەتی و حزبایەتییەوە دەکات و ئەوە دەخاتە ڕوو:" لەگەڵ ئەوەدا حیزبەکەی من لە لوتکەی دەسەڵاتدایە، کاتێک داوای کورسییەکی تایبەتم لە کۆلێژی یاسا بۆ درێژەدان بەخوێندن کرد، داواکەم ڕەت کرایەوە، بەڵام دوای من ئەو کورسییە درا بە"بێژەرێک"و ئێستا بێژەرەکە خاوەنی بڕوانامەی یاسایە".

کێشەکانی دڵسۆز، پاش ڕزگاربوونی لە زیندان کۆتاییان پێنەهاتووە، چونکە وەک کچێک پێویست بووە دوای زیندان ڕووبەڕووی دابوونەریتی کۆمەڵگەش ببێتەوە، لەبەر ئەوەی پێیگوتراوە:" کچ چیداوە لەسیاسەت"، خوازبێنیکەرانیشی پێیانگوتووە:" لەزیندان چی لێکراوە؟".

زۆرێک لە زیندانیانی سیاسی، گلەیی ئەوە لەدەسەڵات دەکەن، کە قۆناغی ئێستای هەرێمی کوردستان، لەسەر حیسابی گیان و جەستەی ئەوان دروستبووە، بەڵام حکوومەتی کوردی"کارێکی بۆ نەکردوون کە شایانی ڕەنج و خەباتیان بێت".

دڵسۆز نامێق، هەندێک لەو کەسانەی ئێستا لە پلەی بەرپرسیارێتیدان بەشایانی ئەو پۆستە نازانێت، بەتایبەتیش ئەوانەی کە بەعسی بوون:" هەر کاتێک کۆنە بەعسییەک لەپۆستێکی بەرزدا دەبینم، وا هەستدەکەم کوڕی سەددامە لەسەر کورسی دانیشتووە". ئەو ژنە کە هاوسەرەکەشی وەک خۆی زیندانی سیاسی بووە، خۆی بەکەسێکی مافخوراو دەزانێت، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێ زیندانیانی سیاسی کۆڵ بدەن و دەبێ درێژە بە خەباتیان بدەن، تا جێگە بەکەسانی "ناشایستە" چۆڵ بکەن. دڵسۆز لە کۆتاییدا گوتی، ئەگەر وەک زیندانییە سیاسییەکان نوێنەرێکیان لە پەرلەمان هەبایە" مافەکانیان پێشێل نەدەکرا".



بەهرە حەمەڕەش

www.netewe.com

# "کچانی رۆژنامەنووس مێژووی وڵات دەنووسنەوە"

## نەژاد عەزیز سورمێ:

## لە رۆژنامەی حیزبیدا پێدانی پۆستەکان لەدەستی سەرنووسەردا نییە



هەولێر

کەمی رۆژنامەنووسی ئافرەت، لەبواری رۆژنامەگەری سیاسیدا جێگای رەخنەی کچە رۆژنامەنووسەکانە. ئەوان، سەرنووسەرەکان بە هۆکار دەزانن کە وەک رۆژنامەنووسی پیاو رێگا بە ژن نادەن لەم بوارەدا رۆڵ ببینن، هاوکات پیاوانیش خودی ئافرەتان لەم دیاردەیە بە کەمتەرخەم دەزانن.

چیمەن ساڵح، یەکێک لەو کچانەیە کە ماوەی سێزدە ساڵە لەبواری رۆژنامەگەریدا کار دەکات. ئێستا سەرنووسەری سایتی کوردستان ئۆنلاینە.

چیمەن، کەمی ئافرەت لە بواری رۆژنامەگەری سیاسیدا بۆ کەموکورتی بیرکردنەوەی پیاوان دەگێڕێتەوە، کە پێیوایە ئافرەت دەتوانێت، لەم بوارەدا کار بکات، بەڵام پشتگیری ناکرێت. ئەو کارکردن لەم بوارەدا بەگرنگ دەزانێت و ئاماژە بەوەدەکات کە پیاوان هەمیشە دەیانەوێت، خۆیان لە پۆستە گرنگەکاندا بن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بێزاربوونی ژنان و بەردەوامنەبوونیان لە کاری رۆژنامەگەریدا. سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات نەژاد عەزیز سورمێ، بەراشکاوی رایگەیاند، کە لە رۆژنامەی حیزبیدا دانانی پۆستی بەڕێوەبەری نووسین و سکرتێرەکانی نووسین، لە دەسەڵاتی سەرنووسەردا نییە، ئەو گوتی:" ئەوە راستییەکە و ئەگەر ناخۆشیش بێت هەروایە، یەکێکم لەوانەی حەزدەکەم پۆستەکانی سکرتێری نووسین بۆ ئافرەت بێت، چونکە ژنان لەگەڵ دەورووبەردا گونجاوترن".

چیمەن، هۆکارێکی تری کەمی رۆژنامەنووسی ژن لەبواری رۆژنامەگەری سیاسیدا، بە قۆرخکردنی دامودەزگا فراوانەکان لەلایەن حیزب و کەسانێکی دەسەڵاتدارەوە دەزانێت، چونکە ئەو دامودەزگایانەی بەرفراوان و پارەیەکی زۆریان تێدا خەرج دەکرێت، حیزبین.

رێباز مەحموود، نوێنەری رۆژنامەنووسانی بێسنوور لە کوردستان، هۆکاری پەراوێزخستنی رۆژنامەنووسی مێینە لە پۆستەکانی رۆژنامە سیاسیەکان بۆ باکگراوندی کلتووری و سیاسی هەرێمی کوردستان، دەگەڕێنێتەوە.

ئەو گوتی:" کاتێ رۆژنامەنووسێکی مێینە لە رۆژنامەیەکی حیزبی کار دەکات، خۆی بڕوا بەو چوارچێوە کارکردنە دێنێت و لەبەرامبەر ئەو شێوە کارکردنەی کە بەسەریاندا دەسەپێندرێت، بێدەنگ و رەزامەند دەبێت".

چیمەن دەڵێت، سەردەمانێک لە رۆژنامەیەکدا باشترین لاپەڕەی سیاسی ئامادەکردووە، بۆیە کەس نەیتوانیوە پێی بڵێ کار مەکە، بەڵام بەجۆرێکی دیکە شەڕی لەگەڵدا کراوە، کە بە نامەی بەرپرسێک یان کەسانێکی دەسەڵاتداری دەرەوەی دەزگا، پیاوێکیان ناردووەتە رۆژنامەکەو راستەوخۆ بووەتە بەڕێوەبەری نووسین، کەچی ئەو کەسە لەکاری رۆژنامەگەریدا بە نادروستی کاری کردووە. چیمەن ساڵح، بۆچوونی وایە کە ئێستا ئەو تەوقە تێکشکاوە کە ئیتر وەک نەریتی پێشوو بڵێن ژنان، لە کاری رۆژنامەگەری و سیاسیدا ناتوانن کاربکەن.

نەژاد عەزیز سورمێ،



چیمەن ساڵح



نەژاد عەزیز

www.netewe.com

دابوونەریت و کلتووری کۆمەڵگا بە هۆکاری سەرەکی دەزانێت، کە ئافرەت نەیتوانیوە وەکو پێویست لە بواری سیاسیدا کاربکات، چونکە ئافرەتی کورد کاتێک کەسووکاری پێشمەرگە بووە، ئەو وەک قوربانیەک لەزینداندا بووەو بەهەموو کارێک رانەگەیشتووە. نەژاد، ئەوە رەت دەکاتەوە کە پیاوان لە کەمی رێژەی ژنان لە کاری رۆژنامەگەریدا هۆکار بن و دەڵێت:" ئەگەر ئەو قسەیە راستیش بێت، تا نیوەیەی راستە، نیوەکەی تر بۆ توانای خودی ئافرەتەکە دەگەڕێتەوە. خودی ئافرەتیش وەک مێینە، رەنگە نەگەیشتبێتە ئەو باوەڕەی کە "سیاسەتکردن کاری ئافرەت بێ". سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات هەروەها رێکخراوی ژنان لە راپەراندنی ئەرکەکانیاندا بە کەمتەرخەم دەزانێت و پێیوایە، ئەوان نەیانتوانییەوە بەپێی پێویست کۆمەڵگە هۆشیاربکەنەوە و زەمینە بۆ ئافرەت بڕەخسێنن تا لە کاری رۆژنامەگەریدا بێنە پێشەوە.




ئازیز مەحموود، کە ماوەی پێنج ساڵە کاری رۆژنامەگەری دەکات و لە بواری جیاجیادا کاری کردووە و ئێستاش لە هەفتەنامەی رووداو کاردەکات، کەمی رێژەی ئافرەت لەبواری راگەیاندنی سیاسیدا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە زۆرجار ئافرەتە رۆژنامەنووسەکان خۆیان بواری کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرن، چونکە لەو بوارەدا پەیوەندییان لەگەڵ هاوڕگەزەکانی خۆیان، یان کەسانێکی ئاساییە، نەک بەرپرسێکی باڵا کە مەترسی ئەوەی هەیە ئیستغلالی بکات. ئازیز مەحموود، هۆکارەکەی تری بۆ قۆرخکردنی دەسەڵاتی میدیای کوردی لەلایەن پیاوانەوە گەڕاندەوە، کە وەک باسی لێوە دەکات پیاو بەبیانووی ئەوەی ژن کاری سیاسی پێ ناکرێت، لاپەڕەی سیاسی لە رۆژنامەگەریدا وەردەگرێت.




نیاز عەبدوڵڵا، کە ماوەی ٧ ساڵە وەک رۆژنامەنووس کاردەکات، کاریگەری کلتوور و پەروەردە لە قۆرخکردنی دەسەڵاتی میدیای کوردی لەلایەن پیاوانەوە بە هۆکاری یەکەم دەزانێت و بەبۆچوونی ئەو لەم وڵاتەدا زۆرینەی پیاوەکان لەهەر بوارو ئاستێکدا بن، تێڕوانینی مرۆڤی پلەدوویان بۆ ژن، هەیە.

نیاز لەگەڵ ئەودا کە پێیوایە کارکردنی ژن، لە بواری کۆمەڵایەتییدا، جێگەی بایەخە، هاوکات ژنانیش بە بەرپرسیار دەزانێت، کە تەنیا بواری کۆمەڵایەتی بەبواری کار بۆ خۆیان نەزانن و لەبوارەکانی دیکەشدا کاربکەن، ئەو گوتی:" رۆژنامەنووسانی کچ مێژووی ئەم وڵاتە دەنووسنەوە".

کچە رۆژنامەنووسەکان، کەمی ئافرەت لەبواری رۆژنامەگەری سیاسیدا بۆ رێگرتنی سەرنووسەرەکان دەگێڕنەوە و ئەو بۆچوونە رەت دەکەنەوە کەدەڵێت ژن و سیاسەتیان نەگووتەوە، بەڵام پیاوانی سەرنووسەر، کلتووری کۆمەڵگە دەکەنە گرنگترینی بەربەستەکان.

**نیاز عەبدوڵڵا، کە ماوەی ٧ ساڵە وەک رۆژنامەنووس کاردەکات، کاریگەری کلتوور و پەروەردە لە قۆرخکردنی دەسەڵاتی میدیای کوردی لەلایەن پیاوانەوە بە هۆکاری یەکەم دەزانێت و بەبۆچوونی ئەو لەم وڵاتەدا زۆرینەی پیاوەکان لەهەر بوارو ئاستێکدا بن، تێڕوانینی مرۆڤی پلەدوویان بۆ ژن، هەیە.**

سەرنوسەری رۆژنامەی ئاوێنە شوان محەممەد، پێیوایە کلتووری کۆمەڵگەی ئێمە" تێڕوانینی هەڵە"ی بۆ ئافرەتانی ڕاگەیاندنکار هەیە و ئەمەیش بە رێگر لەپێشکەوتنی ئافرەتاندا دەزانێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکانیشدا بەپێویستی دەزانێت میدیای ئازاد، بواری زیاتر بۆ رۆژنامەنووسانی ژن بڕەخسێنێت.

لەپرسی پێشخستنی ژنانی رۆژنامەنووسدا سەرنووسەری ئاوێنە، رەخنە لە رۆژنامە حیزبیەکان دەگرێت و دەڵێت:" وێڕای ئەو هەموو توانا ماددیانەی کە بۆیان خەرجدەکرێت، نەیانتوانیوە، ئافرەت پێبگەیەنن". شوان کاری رۆژنامەنووسی بە کارێکی سەخت وەسف دەکات و دەڵێت:" کاری رۆژنامەنوسی خۆی سەخترین کارە، بێگومان لەکوردستاندا ئەو کارە بۆ ژن، لەپیاو سەختترە". هەر لەوبارەیەوە، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەنووسانی مێینە حەسیبە بابۆڵی، گوتی:" پیاوانی راگەیاندن بە عەقڵیەتێکی خێڵەکی مامەڵە لەگەڵ ئافرەت، دەکەن". وەک باسی کرد، لە داهاتوودا بەمەبەستی کاراکردنی بەشداری ژنان لە رۆژنامەی سیاسیدا، بەنیازن چەندین کۆنفرانس و مێزگردی کراوە سازبکەن، بەڵام وەک حەسیبە، ئاماژەیدا کە پێویستە ژنانی رۆژنامەنوس یەکدەنگبن و پێکەوە بۆ نەمانی ئەم دیاردەیە هەوڵبدەن.

www.netewe.com




Photo هێمن

# تەڵاق تێکدەری شیرازەی خێزانە

زاخۆ

منداڵە ٢ ساڵانەکەی لەباوەش گرت و بۆ دواجار بەچاوێکی پڕ لە گریان ماڵئاوایی لێ کرد، ئەو چیتر کوڕەکەی نابینێتەوە، چونکە دەیەوێت شوو بکاتەوە و بەپێی یاساش کوڕەکە بۆ هاوسەرەکەی دەگەڕێندرێتەوە کە دوو مانگ بەر لە ئێستا، تەڵاقی داوە. "من وابیرم دەکردەوە کە ئەگەر شوو بە کەسێکی تر بکەمەوە ژیانێکی خۆشم دەبێت، بەڵام دیسان کێشە سەریهەڵدایەوە، بەتایبەت ئەوکاتەی لە کوڕەکەم دوور کەوتمەوە، باری دەروونیم تێکچوو".

ڕێزان، ناوی خوازراوی ژنێکی ٢٧ ساڵانە کە ناکۆکی و کێشە بووەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ژیانیان، ئەو دەڵێت:" من شووم بە کەسێکی دیکە کرد، بەڵام خەم و خەفەتەکانم زیاتر بوو".

دیاردەی تەڵاق لە کوردستاندا، بەیەکێک لەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە دادەنرێت، کە هەڕەشە لە تێکچوونی شیرازەی خێزانی کورد دەکات و لە ساڵانی ڕابردووەدا بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق لە دادگاکاندا بووەتە جێگای بایەخ و گرنگیدانی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا لە هۆکارگەلی دروستبوونی ئەم گرفتە بکۆڵنەوەو چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە. بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە دادگای باری کەسی شارۆچکەی زاخۆ دەست وارڤین کەوتووە، لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا، واتا لە ٢٠٠٩/١/١ تا ٢٠٠٩/٦/٣١، (٨١) حاڵەتی تەڵاقدان تۆمارکراوە.



بەیار باقی

شیرین، ژنێکی ٢٤ ساڵانە کە چەند مانگێک بوو ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ گەنجێکی ٢٦ ساڵان پێکهێنابوو، بەگوتەی خۆی خەسووی بووەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیریانەوە. شیرین، دەڵێت:" لەبەر ئەو کێشەو گۆبەندەی کە خەسووم بۆی نابووینەوە، دەمویست لەگەڵ مێردەکەم ماڵیان لێ جیا بکەینەوە، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، خەریک بوو کوشتن و برین بێتە ناو ماڵمانەوە".

ئەو ژنە، لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوەکرد کە خەسووی چووەتە ژێر عەقڵی کوڕەکەی و ڕازی کردووە کە ژنێکی دیکەی بۆ بیهێنێت، لەبەر ئەوەش مێردەکەی لەو جیابووەتەوە".

موفتی زاخۆ سەید عەلی شیلانێ، بە وارڤینی ڕاگەیاند، کە تەڵاق یەکێک، لەو حوکم و ئەحکامانەیە لەگەڵ ئەوەدا کە (مەرغوب نییە)، بەڵام لە شەریعەتی ئیسلامدا حەڵاڵە. سەید عەلی شیلانێ گوتی:" پێغەمبەری خودا دەڵێت، لە شتە حەڵاڵەکاندا، کە خودای تەعالا لە هەموویان زیاتر حەزی لێ ناکات، تەڵاقە. خودای گەورە تەڵاقی بۆ چارەسەری کێشەی نێوان ژن و مێرد داناوە، بەڵام شەریعەت جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەگەر چارەسەر هەبێت باشترە و ژیانی هاوسەرییان درێژە پێبدەن". بە پێی قسەی موفتی زاخۆ، هۆکاری تەڵاق بۆ ژن و مێرد دەگەڕێتەوەو زۆر جاریش دەستی لایەنی دیکەی وەک خەسووی تێدایە. ئەو گوتی:" زۆر جار لایەنی سێهەم دەستی لە تەڵاقدا هەیە و ئەو حاڵەتەش لەهەموویان زۆرترە".

سەید عەلی، کە هاوکات بەرپرسی لیژنەی فتوای شەرعییە لە زاخۆ، یەکێک لە هۆکارەکانیتری تەڵاقدانی بۆ نەبوونی زمانی تێگەیشتن و ناشارەزابوونی کورو کچ پێش پێکهێنانی ژیانی هاوسەری گەڕاندەوە. سەبارەت بە چارەسەری ئەو کێشەیە، عەلی، بایەخدان بە لێکگەیشتنی کوڕ وکچ لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، بەر لەئەنجامدانی هاوسەرگیری، بەپێویست دەزانێ، تا ئەو دووکەسەی دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن، بزانن دەتوانن پێکەوە بژین یان نا. هەروەها توێژەری کۆمەڵایەتی بەیار باقی، هۆکاری هەڵوەشانەوەی خێزان، بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان ولاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و کلتووری دەگەڕێنێتەوە.

بەیار، هۆکارەکانی بەمجۆرە دەستنیشانکرد:" ڕەوشی ئابووری لەم سەردەمەدا، کە پێویستییەکانی خێزان بەردەوام لە هەڵکشاندان، دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە لەناو خێزانەکاندا، بەتایبەت ئەگەر ژنەکە لە چینێکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەهی مێردەکەی ژیا بێت، هەروەها هۆکارە کلتووری، ڕۆشنبیرییەکانیش کاریگەرن. ئەگەریش ئاستی زانستی و تێگەیشتنی ڕوشنبیری هەر دوولا وەک یەک نەبوو، زۆرجار دەبێتە هۆی کێشە نانەوە".

ئەو توێژەرە، دەستوەردانی خێزانی هەردوولا لە ژیانی ژن مێرددا بە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەکان وەسفکرد، بەتایبەت دایک کە دەیەوێت هەمیشە منداڵەکانی لەژێر فەرمانیدابن، ئەوەش دەبێتە هۆی درووستبوونی کێشەی خێزانی و کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی هاوسەران دادەنێت.





بەرەڤان ئەحمەد



www.netewe.com

## بە هۆی نەبوونی شوێن لە چاکسازییدا

# ژنانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ تاوان لە ژنانی تر فێردەبن

بەهۆی تێکەڵکردنی ژنانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و نەوجەوانان، مەترسی ئەوە دەکرێت کە جۆرەها تاوانی تر لە ژنانی سەرووی تەمەنی خۆیانەوە فێر ببن کە بەتاوانگەلێکی وەک کوشتن و خیانەتی هاوسەرگیری، راگیراو یان مەحکووم کراون. هاوکات وەزیری مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوە دەخاتە روو کە بە دروستکردنی گرتووخانەیەکی ستاندارد ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت.

بەپێی ئەو ئامارانەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتان لە هەولێر دەست وارڤین کەوتووە، لە خانەی تێبینی کوڕان ٤١ مەحکووم و ٢٧ راگیراو هەیە، هەروەها لەخانەی کچان ٢٦ مەحکووم و ٢٩ راگیراو و ١٣ منداڵیش کە لەگەڵ دایکیاندا دەژین، هەن.

لەگەڵ ئەوەی کە کەیسی راگیراو و مەحکووم لەو ناوەندانەدا هەیە، بەڵام تێکەڵبوونی کەیسی بەندکراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان، رەخنەیەکی میدیاکاران و هاووڵاتیانە، بەو پێیەی ئەو کەیسانەی بە تاوانی کوشتن، لەشفرۆشی و تاوانەکانی تر، رادەستی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەکرێن، لەگەڵ ئەو کەیسانەی بە تاوانی سووک راگیرکراون، لە یەک شوێن دادەنرێن و ئەمەش وادەکات لە وادەی دیاریکراودا لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان نەکرێت.

چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی وەزارەتی کارو و کاروباری کۆمەڵایەتییەو ئەو شوێنە تایبەتە بەو ئافرەتانەی کە لە نێو کۆمەڵگەدا کێشەیان هەیە، و بەپێی برگە یاساییەکان لەو شوێنەدا ژنان، حوکم دەدرێن و رادەگیرێن. بەڕێوەبەری گشتیی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەولێر ئەحمەد نەجمەددین، تێکەڵبونی کەیسەکان لەو بەڕێوەبەرایەتییەدا بە"گرفت" وەسف دەکات و نایشارێتەوە کە لە دادگادا کێشەی وا هەیە، ماوەی ٦ مانگی بەسەردا تێپەڕدەبێت، لە کاتێکدا بەپێی یاسا نابێت هیچ لێکۆڵینەوەیەک لە ٦ مانگ زیاتر بخایەنێت".

بەڕێوەبەری چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان، پەیمان حوسێن، باس لە کەیسەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەکات، کە راگیراو و مەحکوومن و دەڵێت:" مەحکوومەکان، ئەوانەن کە حوکمی زیندانیان بەسەردا دراوە و هەریەک لە حاڵەتی دزی، خیانەتی هاوسەری و کوشتن دەگرێتەوە.

ئەم بەڕێوەبەرە، هۆکاری تێکەڵکردنی هەموو کەیسە جیاوازەکان لەم بەڕێوەبەرایەتییەدا بۆ نەبوونی"شوێن" دەگێڕێتەوە، لەهەمانکاتیشدا



Photo AP بە درووستکردنی گرتوخانەیەکی ستاندارد کێشەی تێکەڵبوونی ژنانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ و ژنانی سەرووی ئەو تەمەنە چارە دەکرێت

www.metewe.com



ئەحمەد نەجمەددین



پەیمان حوسێن



ئیسماعیل ئیبراهیم

ئەم تێکەڵکردنە بەمەترسی لەسەر ئەو کەیسانە دەزانێت کە ئافرەتانی تەمەن ژێر ١٨ساڵ دەگرێتەوە.

توێژەری کۆمەڵایەتی جەمال حوسێن، تێکەڵکردنی ژنانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ لەگەڵ ئەو ژنانەی کە جۆرەها تاوانی دیکەیان هەیە، بە هۆکارێک دەزانێت کە ژنانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ، تاوانی ژنانی دیکە فێربن و ئەمەیش کاریگەری خراپ لەسەر کۆمەڵگە جێدەهێڵێت. جەمال کردنەوەی هۆڵی تایبەت بە ژنانی ژێر١٨ ساڵ بەپێویست دەزانێت.

وەزیری مافی مرۆڤ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، د.شوان عەزیز، نەبوونی شوێن لە چاکسازی ژنان و نەوجەوانان بەهۆکارێک دەزانێت کە ژنانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ لەگەڵ ژنی بەتەمەندا تێکەڵ بەیەکتری بکرێن و ئەوەش بە حاڵەتێکی نەرێنی دەزانێت. د. شوان هەروەها کردنەوەی هۆڵی تایبەت بە ژنانی ژێر١٨ ساڵ بۆ چارەسەری کێشەکان بەپێویست دەزانێت. بەبۆچوونی ئەو وەزیرەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە لە چاکسازی، شوێنی تایبەت بۆ ئەو ژنانە دابین بکرێت و هەریەکەیان لە ژێر رێنمای وەزارەتی تەندروستی و پسپۆڕی تایبەت بە بوارەدا بن. د.شوان، ئەوە دەخاتە روو کە دیزاینی گرتووخانەیەکی ستاندارد لە هەرێمی کوردستان تەواو کراوەو ئەمەش بە هاندەرێک دەزانێت کە ژنانی راگیراو حوکمدراو لە یەکتری جیابکرێنەوە.

سالآنە رێکخراوی هیومان رایتس وۆچی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، راپۆرتی خۆی لەبارەی رەوشی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی جیهاندا بڵاو دەکاتەوە. چاودێرێکی ئاگاداریش بە دووری نازانێت ئەگەر بێت و رەوشی ژنان لەچاکسازی ژنان و نەوجەوانان، باش نەکرێت، رەنگە رێکخراوی هیومان رایتس، ئەو حاڵەتە بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە دژی ژنان بڵاو بکاتەوە.

هاوکات وەزیری مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بەباشی دەزانێت کە رەوشی ژنان لە چاکسازی، باش بکرێت.

بەرێوەبەری چاکسازی ژنان و نەوجەوانان لە دهۆک ئیسماعیل ئیبراهیم، ئەوە دەخاتەڕوو کە لە دهۆک، شوێنی کچانی تەمەن ژێر١٨ ساڵ لەگەڵ ئەو ژنانە تێکەڵ ناکەن کە پێشێلکاری یاساییان کردووە، چونکە بەو هۆیەوە، کێشەی گەورە روودەدات. ئەو دەڵێت لەبەر نەبوونی شوێن لە بەرێوەبەرایەتی چاکسازی، کچانی ژێر ١٨ ساڵ ماوەیەک رادەگرن و دواتر رادەستی خێزانەکانیان دەکەنەوە. هەندێ لە پسپۆرانی بواری دەروونی، بۆچوونیان وایە، ئەگەر لە ناوەندەکانی چاکسازیی ژنان، هەوڵی ئارامکردنەوەی لایەنی دەروونی ئەو ئافرەتانە بدرێت، بە ئاسانی دەتوانرێت زەمینە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان برەخسێنرێت.

بەرێوەبەری چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێر، پەیمان حوسێن دەڵێت: "ئێمە لە رێگای توێژەری دەروونییەوە لە بەرێوەبەرایەتیەکەماندا هەوڵدەدەین باری دەروونی ئەو ئافرەتانە هێور بکەینەوە کە کێشەیان هەیە. ئەو ژنانەی باری دەروونیان خراپ بێت، رەوانەی نەخۆشخانەی دەروونییان دەکەن".

**تاڤگە و هەڵز**

چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان سەر بە بەرێوەبەرایەتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەو ئەو شوێنە تایبەتە بەو ئافرەتانەی کە لە نێو کۆمەڵگەدا کێشەیان هەیە، و بەپێی برگە یاساییەکان لەو شوێنەدا ژنان، حوکم دەدرێن و رادەگیرێن

جەمال حوسێن: تێکەڵکردنی ژنانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ لەگەڵ ئەو ژنانەی کە جۆرەها تاوانی دیکەیان هەیە، بە هۆکارێک دەزانم کە ژنانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ، تاوانی ژنانی دیکە فێربن

www.netewe.com

به‌هۆی هه‌ژارییه‌وه

# ژنێك چاره‌نووسیی به‌ گولله‌ ده‌سپێرێت



هه‌ولێر

به‌ جه‌سته‌یه‌كی بریندارەوە ده‌یگوت:" به‌و مووچه‌ كه‌مه‌وه‌ نازانین چ بكه‌ین. كاتێ به‌دڵی خۆمان نه‌توانین بگه‌ڕێین و شتێك بخۆین، كرێی خانوو و كاره‌باش نیوه‌ی مووچه‌كه‌مانی بوێت، چۆن بیر له‌ له‌ناوبردنی خۆم نه‌كه‌مه‌وه‌".خراپی باری ئابووری و بژێوی خێزانه‌كه‌ی وا له‌ (ش.م)، ده‌كات كه‌ ده‌مانچه‌ی هاوسه‌ركه‌ی هه‌ڵبگرێت و گولله‌یه‌ك به‌ سكی خۆیه‌وه‌ بنێت و به‌و شێوه‌یه‌ش هه‌وڵی له‌ناوبردنی جه‌سته‌ی خۆی بدات.

له‌ ژوورێكی ٦ قه‌ره‌وێڵه‌یی نه‌خۆشخانه‌ی ئیمێرجێنسی، له‌سه‌ر گازی پشت پاڵكه‌وتبوو. ده‌به‌یه‌ك ئاوی موقه‌ته‌رو قاپێك نیسك له‌سه‌ر مێزه‌كه‌ی ته‌نیشتی، دانرابوو. به‌ چه‌رچه‌فێكی شین، سه‌رتاپای له‌شی داپۆشرابوو، له‌به‌ر نه‌شته‌رگه‌رییه‌كه‌ی ئازارێكی زۆری هه‌بوو، ئه‌مه‌ دیمه‌نی (ش.م)،ی دانیشتووی كۆمه‌ڵگه‌ی بنه‌سڵاوه‌ بوو. (ش.م)، له‌ ڕۆژی دووشه‌ممه‌ ڕێكه‌وتی٥یـ٨ی ٢٠٠٩، به‌ مه‌به‌ستی خۆكوشتن به‌ ده‌مانچه‌ی مێرده‌كه‌ی فیشه‌كێك له‌خۆی ده‌دات، به‌ڵام زوو ده‌گه‌یه‌ندرێته‌، نه‌خۆشخانه‌ی ئیمێرجێنسی و پزیشكان فریای ده‌كه‌ون و له‌ مردنێكی مسۆگه‌ر رزگاری ده‌كه‌ن.

www.netewe.com

قسەکانی (ش.م)، و لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس هێما بۆ ئەوە دەکەن کە هۆکاری هەوڵی خۆکوشتنی ئەو ژنە، کەمدەرامەتی بووە، بەڵام (د.ک)ی مێردی رەتی دەکاتەوە و کە ئەوان هیچ کێشەیەکی ئابوورییان هەبووبێت. (د.ک) دەڵێت:" ئێمە هیچ کێشەیەکی ماددیمان نەبووە و نییە". بەپێی قسەی (ش) کاتێک شوی بە (د) کردووە تەمەنی حەڤدە ساڵان بووە و لە بنەماڵەیەکی هەژاردا، پەروەردەبووە، هەروەها ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەیان ٨ کەسبوون و تەنیا بە مووچەی پێشمەرگایەتی باوکیان ژیاون. دواتر کەمی مووچە پاڵی بە باوکی (ش)ینەوە ناوە کە واز لە پێشمەرگایەتی بێنێت و لە کرێکاری بکات. (ش.م)، کە بەهۆی ئازاری برینەکەی بە دەنگێکی کز قسەی دەکرد و گوتی:" ئێمە خەڵکی کەرکووکین، من لە ترسی تەقینەوە لەکەرکوک نەچوومە قوتابخانە، بۆیە نەمتوانی خوێندنەکەم تەواو بکەم، کە هاتینە هەولێر شوم کرد".

باوکی (ش) لەبەر خۆشەویستی بۆ کچەکەی، لە ترسی تەقینەوە لە قوتابخانە دەری دەهێنێت. دوای ماوەیەک پاش وازهێنانی لە قوتابخانە (ش.م) لە رێگای خزمێکیەوە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی دراوسێیان دروست دەکات. کوڕەکە چەند جارێک دەچێتە داوای، بەڵام باوکی (ش) لەبەر ئەوەی کوڕەکە هەژارە، رازی نابێت کچەکەی پێ بدات.

دواتر (ش) لەبەر ئەوەی کە باوکی رازی نەبووە، ئەو مێرد بە کوڕەکە بکات، هەڕەشەی خۆسووتاندن لە باوکی دەکات و پێی دەڵێت:" کە ئەگەر بەو کوڕەم نەدەن خۆم دەسووتێنم".

باوکی (ش)، لەوبارەیەوە بە وارڤینی گوت:" من لەبەر ئەوەی کچەکەمم زۆر خۆشدەویست و ئەویش هەڕەشەی خۆسووتاندنی کرد، لە ترسان رازیبووم کە شوو بە (د) بکات.

دایکی (ش)، کە جلی تایبەتی نەخۆشخانەی پۆشیبوو، بەدیارکچەکەیەوە بە غەمگینی لەسەر کورسیەک دانیشتبوو. دایکی (ش) گوتی کە کچەکەی پێشتر حاڵەتی هەڵچوونی هەبووە. دایکی (ش) وەها باس لە خۆشەویستی (ش) و (د) دەکات:" کچەکەم، لە رێگای کەسێکەوە ئەو کوڕەی ناسیی و پەیوەندی خۆشەویستیان دانا. (ش)، زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی شوو بەو کوڕە بکات، بۆیە ئێمەش بێ دڵیمان نەکرد".

(ش) باس لەپەیوەندی نێوان خۆیی و (د) دەکات کە لەرێگەی خزمێکیانەوە یەکتریان ناسیوە و دواتر شووی پێکردووە، بەڵام ئەویش پێشمەرگەیە و لەمانگێکدا پانزە تا بیست رۆژ لە دەوامەو مووچەکەی ٣٠٠هەزارە.

(ش) گوتی:" بەهۆی ئەوەی باری داراییمان زۆر خراپ بوو و مووچەی مێردەکەم بەشی نەدەکردین، گوشارێکی زۆرم لەسەر بوو، ئەو گوشارە رۆژ لەدوای رۆژ زیادی دەکرد، بۆیە بریارمدا بە دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆیم بهێنم". بەڵام (د)ـی مێردی (ش)، ئەوە رەت کردوەوە، کە ژنەکەی بەهۆی کەمدەرامەتی هەوڵی خۆکوشتنی دابێت و گوتی:" ئێمە هیچ کێشەیەکی ماددیمان نییە وموووچەکەم ٤٣٠ هەزارە. مانگانە ١٥٠ هەزار دەدەمە کرێ خانوو، مووچەکەم بەشمان دەکات". مێردەکەی (ش)، ئەوە دەخاتەڕوو:" نازانێت هاوسەرەکەی بۆچی وای لەخۆی کردووە". لەلایەکی دیکەوە (ش)، دەڵێت:" بەو مووچە کەمە نازانین چ بکەین، بەدڵی خۆمان نەدەتوانین بگەڕێین و نە شتێک بخۆین، کرێی خانوو و کارەباش نیوەی مووچەکەمانی دەوێت، بۆیە بەردەوام بیرم لێ دەکردەوە، کە چۆن خۆم لەو دۆخە ناخۆشە رزگار بکەم".

(د) وەها باس لە هەوڵی خۆکوشتنی ژنەکەی دەکات:" من ماوەی ٣٠ رۆژ بوو لەدەوام بووم، ئەو رۆژەی گەڕاوەمەوە، خەریکی باخچە بووم ویستم بچمە حەمام، لەو کاتەدا دەنگی گوللەم بیست، کە چووم دیم ژنەکەمە و گوللەی لە خۆی داوە". (د) باسی لەوەکرد کە لەگەڵ ژنەکەی هیچ کێشەیەکیان لە نێواندا نەبووە.

**یوسف موحسین: پێویستە، وەزارەتی کار، هەوڵی دابینکردنی کار بۆ ئەو خێزانانە بدات و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش رۆڵی خۆیان لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵدا بەباشی ببینن**

هەر لەوبارەیەوە بەرێوەبەری پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر عەمید خەیرەدین شەهاب، گوتی:" هەندێکجار پیاو ئەگەرکەمدەرامەتیش بێت پێی عەیبە باسی لێ بکات". دایکی (ش) هەروەها ئاماژەی بەوە دا:"من رۆژانە سەردانی کچەکەم دەکرد و ئاگاداری بووم، ئەو رۆژە نەبێ ئاگام لێ نەبوو کە ئەو کارەی بەسەر خۆیدا هێنا". بەرێوەبەری پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر، لەبارەی رووداوەکەوە بە وارڤینی رایگەیاند، کە لە رێکەوتی ٥ی٨ی ٢٠٠٩دا ئاگادارکراونەتەوە کە ئافرەتێک لە کۆمەڵگەی بنەسڵاوە فیشەکێکی لەخۆیداوە، بۆیە ئەوانیش دەستبەجێ دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە کردووە. بەقسەی عەمید خەیری، لێکۆڵینەوەکەی پۆلیس ئەوەی دەرخستووە" (ش) بەهۆی هەژاری دەمانچەی لەخۆی داوە". عەمید خەیری هەروەها گوتیشی:" تا ئێستا ژنەکە، سکاڵای یاسایی لەسەر کەس تۆمار نەکردووە"، بەڵام بەپێی ئیفادەکان، (د) بە گومانلێکراو لەقەڵەم دەدرێت و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.

(ش) سکی پڕبووە بەهۆی هەوڵدانی خۆکوشتنەکەی منداڵەکەی لەدەستداوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە لەدەستدانی منداڵەکەی" زۆرپەرۆش نییە" چونکە وەک خۆی دەڵێت، با ئەویش نەیەتە ئەو ژیانە دژوارەوە.

د.بەناز، پسپۆرلە بواری نەخۆشیە دەروونییەکان لەوبارەیەوە بە وارڤینی راگەیاند:" زۆرجار هەژاری مرۆڤەکان تووشی خەمۆکی دەکات و بەردەوامبوونی خەمۆکیش مرۆڤەکان بەرەو "خۆکوشتن" هاندەدات".

توێژەری کۆمەڵایەتی یوسف موحسین، ئەو حاڵەتانە بۆ کەمی کار و ژینگەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت:" ئەو حاڵەتانە زیاتر لە کۆمەڵگەیەکدا روودەدەن کە کەمتر رێگا بە ژنان دەدرێت لەدەرەوەی ماڵ کاربکەن و توندووتیژیشیان لەدژ ئەنجامدەدرێت". ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە هەروەها بەپێویستی دەزانێت، کە وەزارەتی کار، هەوڵی دابینکردنی کار بۆ ئەو خێزانانە بدات و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش رۆڵی خۆیان لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵدا بەباشی ببینن.

**تاڤگە عەلی**

www.netewe.com

به پێی لێکۆڵینەوەیەکی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

# ٢٣،٣١٪ی ژنانی ڕاگیراو ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە

سلێمانی

لێکۆڵینەوەیەکی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لەسەر (٩٢) ئافرەتی راگیراو ئەنجامدراوە، ئاشکرای کردووە، کە بەرێژەی ٢٣،٣١٪، ئەو ئافرەتانە ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە.

(ک.ی)، یەکێکە لەو ژنانەی کە ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بووەتەوە، ئەو ژنە، لە یەکێک لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی سلێمانی فەرمانبەرە و ئاماژە بەوە دەکات کە لە کاتی چوونی بۆ بازار، لەلایەن دوکاندارێکەوە هەوڵی دەستدرێژی سێکسی بۆ دراوە. (ت.م).ی تەمەن (٢٧ساڵ) گوتی:" لە تەمەنی ١٣ ساڵیمدا لەکارگەیەکی چلورەی نزیک ماڵی خۆمان، لە نیوەڕۆیەکی وەرزی هاویندا کە بۆ چلورە کڕین ڕۆیشتبووم، لەلایەن کوڕێکی تەمەن ٢٠ ساڵییەوە ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتە بوومەوە کە تا ئێستاش کاریگەری هەیە لەسەر باری دەروونیم و توشی جۆرێک لە ترسی کردووم". شەماڵ موحەممەد٢٧ ساڵ، کە خوێندکاری زانکۆی سلێمانیە، ئەو حاڵەتە بۆ کەپتبوونی پیاوان و خۆنمایشکردنی ئافرەتان دەگەڕێنێتەوە، بەقسەی شەماڵ:" ژنان هەوڵدەدەن زۆر سەرنجراکێش بن و بایەخی زۆر بەڕووخسار و جەستەیان دەدەن و ئەوەش پیاوان دەورووژێنێت".

ئەو خوێندکارە، ئەوەش دەخاتەڕوو کە چەند جارێک لەناو زانکۆدا بینیویەتی کە کوڕێک بۆ خۆتێرکردن و بەتاڵکردنەوەی ئارەزووە سێکسیەکەی دەستی بۆ کچان بردووە، یان جلوبەرگەکانی هەڵداونەتەوە.

(ئا.م)، کچە خوێندکاری کۆلیژی یاسا، باس لەوە دەکات کە لە قۆناغی ئامادەیی و لەکاتی چوونی بۆ قوتابخانەدا لەناو (پاس)، لەلایەن پیاوێکەوە کە وەک خۆی دەڵێت تەمەنی نزیک لە تەمەنی باوکیەوە بووە، دەستی بۆ براوە و ئەوەندەش کاری تێکردووە کە لە تاقیکردنەوەی ئەو ڕۆژەدا سەرکەوتوو نەبێت." بۆیە لەوکاتەوە بڕیارمدا بە (پاس) هاتووچۆ نەکەم".

هێمن مەحموود، توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، لەبارەی دەستدرێژی سێکسی و ئەو کردارە پڕ لە هەڵچوونەی کە پیاوان بۆ سەر ڕەگەزی مێینە ئەنجامی دەدەن، گوتی:" ئەمە بە زۆر سێکس کردنە لەگەڵ ئافرەت بێ ئەوەی ئەو ئافرەتە ئارەزوومەند بێت، یان ئامادەیی سێکسی تێدا هەبێت، کە ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ئافرەت دادەنێت".

بەقسەی هێمن مەحموود، ئەم دەستدرێژییەش لای کورد بەو هێرشە زۆرە ملێیەی پیاو بۆ سەر مێینە پێناسە دەکرێت، کە بە ئارەزووی خۆیان لەگەڵ کچێک سێکس ئەنجام دەدەن و دەیکەنە ژن، بەوهۆیەشوە کچەکە، پەردەی کچێنی لە دەستت دەدات، هەروەها زۆر جاریش ئەم دەستدرێژییە، دەست بردن بۆ جەستە و دڕاندنی جلی بەری ژنان دەگرێتەوە، کە بە پەلاماری سێکسی ناو دەبرێت.

لەبارەی ئەوەی کە ئایا تەمەن پەیوەندی بە دەستدرێژی و پەلاماری سێکسییەوە هەیە. هێمن مەحمود، باس لەوە دەکات کە لە وڵاتانی دیکەدا بۆ ڕێگرتن لە دەستدرێژی سێکسی بۆردێکی جیهانی هەیە کە کۆمەڵێک ڕێسا و بەرنامەی تایبەتی بۆ منداڵ هەیە، تا ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی نەبێتەوە، هەروەها ئەگەر دەستدرێژیی بکرێتە



سەر بەپێی ئەو یاسایە تاوانبار، ڕووی سزای توند دەبێتەوە.

بەگوتەی ئەو توێژەرە، لە وڵاتانی ئەورووپادا ئەگەر حاڵەتی ماچ کردن، دەست بۆبردن، یاری و قسەی نائاسایی لەکاتی شۆردن و گۆڕینی جلوبەرگی منداڵدا لەدژی منداڵ ئەنجامدرا، یان لەهەر کاتێکی تردا کە ئەو منداڵە هەست بە ڕەوشێکی نائاسایی بکات، بۆی هەیە لە ڕێگای دامەزراوەیەکەوە کە بۆ پاراستنیان دانراوە، سکاڵا تۆمار بکات و ئەو دامەزراوەش بەدوای سکاڵاکەیدا دەچێت.

**هێمن مەحموود: ئەم دەستدرێژییە لای کورد بەو هێرشە زۆرە ملێیەی پیاو بۆ سەر مێینە پێناسە دەکرێت، کە بە ئارەزووی خۆیان لەگەڵ کچێک سێکس ئەنجام دەدەن و دەیکەنە ژن، بەوهۆیەشەوە کچەکە، پەردەی کچێنی لە دەستت دەدات**

بەقسەی هێمن مەحمود:" تەمەن پەیوەندی بە پەلاماری سێکسییەوە هەیە و پێویستە بەخێوکەر، هانی منداڵ نەدات تا فێری پەلامار و توندووتیژی ببێت و لە ئەنجامدا کاری پەلاماری سێکسی ئەنجام بدات".

لەبارەی ئەوەی کە ئافرەت چی بکات، تا لەدەستی ئەو کەسانەی کە پەلاماری سێکسی ئەنجام دەدەن پارێزراو بێت، ئەو توێژەرە، ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ ئافرەتانیش چەندین دامەزراوە لەوڵاتانی جیهاندا هەیە کە لەکاتی هەستکردن بەوحاڵەتە پەنایان بۆ بەرن و سکاڵاکانیان تۆمار بکەن. هێمن گوتی:"زۆرجار لەناو شوێنی کارکردنی ئافرەتاندا دامەزراوە هەیە بۆ ئەوەی ئافرەتەکان هەست بە پارێزراوی بکەن".

ئەو توێژەرە، بە پێویستی دەزانێت کە ژنان ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیارییان بەرز بکەن و بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆیان، لەئاست ئەو کەسانەی دەستدرێژی و پەلاماری سێکسی بەرامبەریان ئەنجام دەدەن، بێدەنگ نەبن، چونکە تابێدەنگی بنوێنن، زیاتر ئەم حاڵەتە پەرە دەسێنێت.

بەپێی ئامارە جیهانییەکان، لە هەندێ شوێنی وڵاتانی ئەورووپادا، ڕێژەی ئەو ژنانەی کە دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتەسەر، لە ڕێژەی ئەو ژنانەی کە لە وڵاتە داخراو یان دواکەوتووەکاندا ڕووبەڕووی وەها حاڵەتێک دەبنەوە، بەرزترە.

ئەگەر نموونەیەک لە ئاماری دەرەوەی کۆمەڵگای کوردستان وەربگرین، بەپێی لێکۆڵینەوەیەک دەردەکەوێ کە ڕۆژانە لە هەر (٥) ژن لە جیهاندا، ژنێک ڕووبەڕووی دەستدرێژی و پەلاماری سێکسی، دەبێتەوە.

وەک گوتراوە کە جەستەی ژن، هەمیشە قوربانی یەکەمە، چ لەکاتی شەڕ و چ لەکاتی ئاشتەوایدا، تەنیا لەشەڕی بۆسنە و هەرسکدا ٦٤ هەزار ئافرەت، ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە. بەپێی ڕاپۆرتێکی جیهانی، تەنیا لەساڵی ٢٠٠٨ لە میسر، دۆسیەی دەستدرێژی سێکسی و (لاقە)کردن بۆ سەر ئافرەتان لەدادگاکاندا لە ( ١٥) هەزار دۆسیە تێپەڕاندووە، هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە تاوانی دەستدرێژی و پەلاماری سێکسی لە میسر، ساڵانە لە (٢٠) هەزار حاڵەت زیاترە.

لە ئەمریکاش لەکۆی (٥-٧) ژن بە بەردەوامی دووانیان ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە.

لە کەنەدا ژمارەی ئەو ژنانەی دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر، تەنیا لەماوەی یەک ساڵدا (٢٠٥٣٠) ئافرەتن.

لە ئەڵمانیا، لە ساڵی ٢٠٠٨ دا (٥٥٢٧) ڕووداوی دەستدرێژی سێکسی تۆمارکراوە. لە سویدیش ڕۆژانە ٥٠ ژن، لەلایەن پیاوانەوە ڕووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە.

**نیان محەمەد**



Photo AP

www.netewe.com


GOVERNO DO
MIKASA
FIVB
A. CRUZ
9
S. OCASIO
17



خانمە یاریزانی بەلجیکی کیم کلیستەرز دوای دوو ساڵ دابڕان، گەڕایەوە نێو یاریگەکانی تێنس







## دوای ئەوەی بوو بە دایک

## کیم کلیستەرز گەڕایەوە نێو یاریگەکانی تێنس

خانمە یاریزانی بەلجیکی کیم کلیستەرز دوای دوو ساڵ دابڕان، گەڕایەوە نێو یاریگەکانی تێنس و توانی بەشداری لە پاڵەوانیەتیی کراوەی سینسیناتی بکات.

خانمە یاریزان کیم کلیستەرز کە تەمەنی ٢٦ ساڵە، لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ بوو بە دایک و منداڵێکی بوو، ناویشی نا (جیت)، بەم هۆیەشەوە بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ لە یاریکردن و یاریگەکانی تێنس دوورکەوتەوە.

بەڵام کلیستەرز هەفتەی رابردوو لە میانەی بەشداریکردنی لە پاڵەوانیەتی کراوەی سینسیناتی، گەڕانەوەی خۆی بۆ یاریگەکان و رکابەرییەکانی تێنس راگەیاند.

# پارێزگاری دهۆک تیپی تێنسی کچانی یانەی دهۆک خەڵات دەکات

دهۆک

دوو کچە یاریزانی یانەی دهۆک لە یاریی تێنسدا بوونە پاڵەوان، هاوکات تەواوی تیپی تێنسی کچانی یانەکە لەلایەن پارێزگاری دهۆکەوە خەڵات کران و رێزان لێنرا.

لە شاری دهۆک کۆتاییەکانی پاڵەوانیەتیی تێنسی عێراق بۆ کچانی تەمەن ١٢ و ١٤ ساڵی بەڕێوەچوو، لە کۆتاییشدا هەردوو کچەیاریزانی دهۆک (میدیا ئاڤدەل) لە ئاستی تەمەن ١٤ ساڵان و (فاتیمە جیهاد) لە ئاستی تەمەن ١٢ ساڵاندا بوونە پاڵەوانی عێراق و پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا.

پاڵەوانیەتییەکە بە بەشداریی یانەکانی دهۆک، کەربەلا، دیالە و حیللە بەڕێوەچوو، کە یەکێتی ناوەندیی تێنسی عێراق بە هاوکاری لقی دهۆکی یەکێتییە سازی دابوو. لەلایەکی دیکە پارێزگاری دهۆک (تەمەر رەمەزان) یاریزانان و راهێنەری تیپی تێنسی یانەی دهۆکی بەهۆی ئەنجامە باشەکانیانەوە خەڵات کرد، کە ئەوانیش بریتیی بوون لە (جوان جیهاد، میدیا ئاڤدەل، سۆلاڤ نەشئەت، شانا عیماد، پەریا عەبدولسەمەد، زانا جمیل، رەندا خلیل، فاتمە جیهاد، ئارین جیهاد، گولفین عەبدولسەمەد).



(فاتیمە جیهاد) لە ئاستی تەمەن ١٢ ساڵاندا بووە پاڵەوانی عێراق و پلەی یەکەمی بەدەستهێنا



## دوو کچەیاریزانی تێنسی یانەی دهۆک بوونە پاڵەوانی عێراق

www.netewe.com

# هێشتا ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنی وەرزشی ئافرەتان زۆرن

هەولێر

ژمارەیەک لە ئافرەتانی وەرزشوان لە کوردستان پێیان وایە ئاستی وەرزشی ئەوان لە کوردستان ئێستا بەرەو فراوانبوون و پێشکەوتنی زیاتر دەڕوات، بەڵام ئەوەش دەخەنەڕوو هێشتا ئاستەنگەکان زۆرن، کە دابینکردنی پێداویستییەکان و چارەکردنی کێشەکان، ئافرەتان زیاتر روو لە وەرزش بکەن، ئەوانەشی ئێستا لە نێو کایەکەدان، ئاستیان بەرەو باشتر بچێت.

بزاڤی وەرزشیی ئافرەتان لە کوردستاندا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشکەوتنی زیاتر و فراوانبوون هەڵدەکێشت، ئەمەش بەهۆی گۆڕانکاری و کرانەوەی هەندێک لە دەرگەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە بە ڕووی ئافرەتاندا، کە وای کردووە ئافرەتان لە کولێژ و پەیمانگە وەرزشییەکاندا بخوێنن، هەروەها زۆربوونی یانە وەرزشییەکان و بوونی تیپەکانی ئافرەتان لەو یانانە و فراوانبوونی چالاکی وەرزشیی قوتابخانەکان، هۆکارێکی دیکەی ئەو پێشکەوتنەیە.

بەڵام ئەو بزاڤەش بێ کێشە و گرفت و کەموکوڕی نییە و هێشتا ئاستەنگەکان لە بەردەم پێشکەوتنیدا زۆرن، کە دەکرێت ئاماژە بە هەندێکیان بکرێت.

## تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ وەرزشی ئافرەتان

(شەهلە سمکۆ فەرەج) یاریزان و ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی کۆیە و سەرپەرشتیاری مەشقی تیپی تۆپی دەستی کچانی یانەکە، پێی وایە هێشتا تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ وەرزشی ئافرەتان بەپێی پێویست نییە، هەرچەند ئاماژە بەوە دەکات " لەم دوو ساڵەی دواییدا گۆڕانکارییەکی پۆزەتیڤ لەم ئاراستەیە بۆ وەرزشی ئافرەتان هاتەتۆتە پێشەوە".

ئەو پێیوایە کە "ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە کار بکەن بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لەوە هۆشیاربکەنەوە کە وەرزش بۆ ئافرەتان پێویست و بە سوودە و هیچ عەیبەیەکی تێدا نییە".

(عەزیمە حەسۆ) کە کچەیاریزانێکی تۆپی دەستی یانەی کۆیەیە، لەلای خۆیەوە لە بارەی ڕووانینی کۆمەڵگە لە وەرزشی ئافرەتان دەڵێت "هێشتا لەلایەن خانەوادەکانەوە ڕێگری بۆ چوونە پێشی کچەکانیان بۆ وەرزش هەیە و یاریزان هەیە زۆر باشە، بەڵام ماڵەوەیان ڕێگری لێ دەکەن لەوەی بچێتە تیپێک یاری بکات".

بەڵام دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەو لەلای خۆیەوە هیچ کێشەیەکی نییە و ماڵەوەیان هەردەم هاوکاری بوونە و دایک و باوکی یارمەتیان داوە لەوەی وەرزش بکات.

(شەیما ئەبابەکر) یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێریش بۆ ئەمە گوتی: "پێم وایە ئێستا تێڕوانینەکان سەبارەت بە وەرزشی ئافرەتان باشترن و تیروتوانج و تانەلێدان زۆر کەم بۆتەوە، ئەمەش نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت".

## کەمیی سازدانی پاڵەوانیەتییەکان

ساڵانە چەندین پاڵەوانیەتیی و خول لە یارییە جۆراوجۆرەکان بۆ ئافرەتان ئەنجام دەدرێت، بەڵام بە بۆچوونی ئافرەتانی وەرزشوان، هێشتا ژمارەی ئەنجامدانی خولەکان کەمە، (شەیما ئەبابەکر) بۆ ئەمە دەڵێت: "هێشتا سازدانی خول و پاڵەوانیەتییەکان بۆ ئافرەتان وەکو پێویست نییە، چونکە بە کردنەوەی زیاتری پاڵەوانیەتییەکان، کچانی وەرزشوان زیاتر چاویان دەکرێتەوە و لە ڕووی وەرزشییەوە پێ دەگەن".

(شەهلە سمکۆ)ش لەم بارەیەوە دەڵێت: ڕەخنەی زۆرم لەو بابەتە هەیە، چونکە ژمارەی سازدانی خولەکان بۆ وەرزشوانە ئافرەتەکان، جگە لەوەی ساڵانەن، هێشتا زۆر کەمە، تیپەکانی کچان زۆر بێ بەشن لە سازدانی خولەکان، کە ئەمە وادەکات نەتوانین یاریزان زۆر بەکات بەبێ سوود مەشق بکات، یان لەوانەیە هەر مەشق نەکات". هەروەها دەڵێت: "بۆ کەمیی سازدانی خولەکان، لیژنەی ئۆڵمپیی هەرێمی کوردستان بەرپرسە".

هەروەها (عەزیمە حەسۆ)ش داوای کرد کە خولی زیاتر بکرێتەوە و لەلایەن بەرپرسانی وەرزشی و دامودەزگە وەرزشییەکانەوە گرنگی زیاتر بە تیپەکان کچان بدرێت.

ئەو دەڵێت: "کردنەوەی زیاتری خول و پاڵەوانیەتییەکان بۆ تیپەکانی کچان، ماوەی دوو ساڵە زۆرترن، بەڵام هێشتا لە ئاستی پێویستدا نییە و دەکرێت خولی زیاتر بکرێتەوە و تیپی




Photo


شەهلە سمكۆ فەرەج


شەیما ئەبابەكر


عەزیمە حەسۆ)

كچانی هەموو ناوچەكانی كوردستان بەشداری تێدا بكەن، بۆ ئەوەی ئاستی كچانی وەرزشوان زیاتر بەرز ببێتەوە، هەر كردنەوەی خولەكانیشە وا دەكات كچان زیاتر پێشبكەون و لە چالاكی وەرزشی بەردەوام بن".

## نەبوونی هۆڵی داخراو

یەكێك لە كێشە سەرەكییەكانی دیكەی بەردەم پێشكەوتنی ئاستی وەرزشی ئافرەتان لە كوردستاندا، نەبوونی هۆڵی داخراوی پێویستە لە شار و شارۆچكەكانی كوردستاندا، كە بۆ پێشكەوتنی كۆمەڵێك یاریی وەرزشیی ئافرەتان پێویستە.

(شەهلە سمكۆ) نەبوونی هۆڵی داخراو بە گەورەترین كێشەی وەرزشی ئافرەتان دەزانێت " ئافرەتی وەرزشوان ناتوانێت لە یاریگەیەكی كراوە بە ئارەزووی خۆی یاری بكات، خەڵك بە چاوێكی دیكە سەیری دەكەن، جگە لەوە زۆربەی یاریی ئافرەتان لە نێو هۆڵی داخراودا دەكرێن، بۆیە ئەگەر حكومەت و لایەنە بەرپرسەكان دەیانەوێت وەرزشی ئافرەتان پێش بكەوێت، ئەوا پێویستە هۆڵی داخراو لە هەموو شار و شارۆچكەكانی كوردستاندا بونیاد بنێن، كە هۆكاری سەرەكی دەبێت بۆ پێشكەوتنی وەرزشی ئافرەتان".

هەروەها (شەیما ئەبابەكر)یش دەڵێت" لەگەڵ ئەوەی ئێمە لە یانەی هەولێر كێشەی هۆڵی داخراو و یاریگەمان نییە، بەڵام تیپەكانی ئافرەتان پێویستیان بەوە هەیە لە هۆڵی داخراودا مەشق بكەن، هەروەها پێویستە یاریگەی كراوەی تایبەتیشیان هەبێت.".

## نەبوونی خەرجی و مووچەی تایبەت

تیپەكانی كچان لە یانەكانی كوردستان، لە زۆربەی یارییەكاندا تەنها لە كاتی كردنەوەی پاڵەوانییەتییەكان



كۆدەكرێنەوە، بۆیە تیپی جێگر نین، یانەكانیش ناتوانن مووچەی بەردەوام بۆ ئەو یاریزانانی ئەو تیپانە دابین بكەن، چونكە مینحەكانیان كەمە و زۆربەی بۆ تیپی تۆپی پێی كوڕان خەرجی دەكەن، شەیما ئەبوبەكر دەڵێت: "لەگەڵ ئەوەی لە بەشێك یانەكان مووچەی مانگانە بە یاریزانە كچەكانیان نادرێت، لەو یانانەشی كە مووچەیان پێ دەدەن، پارەیەكی باش وەرناگرن و لە ئاستی پێویستدا نییە".

## كێشەكانی دیكە و چارەسەر

ڕەنگە كێشەی دیكەش هەبن، كە بوونەتە ڕێگر لە ڕێگەی پێشكەوتنی وەرزشی ئافرەتاندا، لەوانەش گرنگینەدانی زۆربەی یانە وەرزشییەكان بە تیپەكانی ئافرەتان و خوێندنی كچانی قوتابی و مەشقنەكردنی بەردەوامیان و نەبوونی جلوبەرگی تایبەت بە وەرزشی ئافرەتان و نارێكی لە كاتی ئەنجامدانی پاڵەوانییەكان، كە هەر یەكێك لەو هۆیانە كاریگەری بەسەر ڕەوتی وەرزشی ئافرەتان لە كوردستان جێ دەهێڵێت، بەڵام دەكرێت بە تێپەڕبونی كات، بە پاڵپشتیی زیاتری ماددی و مەعنەوی حكومەتی كوردستان لە وەرزشی ئافرەتان لەلایەك، و پێشكەوتنی باری كۆمەڵایەتی خەڵكی كوردستان لەلایەكی دیكە، ئەو كێشانەش چارە بكرێن و وەرزشی ئافرەتان پێشكەوتن و گەشانەوەی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت، هاوكات مێدیا و دەزگەكانی ڕاگەیاندنیش دەتوانن ببنە هۆكارێكی پۆزەتیڤ لە هوشیاركردنەوەی كۆمەڵگە و سەرنجراكێشانی حكومەت بۆ كێشەكانی وەرزشی ئافرەتان و بەرەو پێشبردنی ئاستی ئافرەتانی وەرزشوان.

www.netewe.com



Photo هێمن



(بۆرچین ئوزگوور) خەڵکی شاری مەلاتیەی باکوری کوردستانە. تەمەنی ٢٦ساڵە. لە زانکۆی چکورئۆڤا بەشی زانستی ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی خوێندووە و ئێستاش لەو بوارەدا خەریکی کار و لێکۆڵینەوەیە.

# ژن بەبێ چارەسەری کێشەی ئابووری ئازاد نابێت
# "شەڕ لە جەوهەری ژندا نییە"

مەلاتیە

بورچین، لە دیمایەکی وارڤین دا:"هەموو ئایینەکان ژن لە پلە دوودا دەهێڵنەوە.

ئایین دەڵێت، دەبێ ژنان داپۆشراو بن، تا پیاو تووشی گوناه نەبێت. باشە بۆچی پیاوان خۆیان ئەوەندە بەهێزنین قژی ژنێک کاریان لێ نەکات. لە راستیدا ئەوە هەر داپۆشینی جەستە نییە، بەڵکوو داپۆشینی هزریشە. پێویستە ئەو یارییە بە ژن نەکرێت".

بورچین، خۆی بەخۆشحاڵ دەزانێت کە لە ڕێگای گۆڤاری وارڤین دەنگی دەگاتە ژنانی"کوردستانی فیدراڵ" و پێیوایە پێویستە ژنان خاوەنی ئابووری سەربەخۆبن و کاربکەن، چونکە تا ژن ئابووری لەدەست پیاو بێت، ئازاد نابێت و دەڵێت:" ئەگەر سەیری مێژوو بکەین دەبینین ئەو ئافرەتانەی ئابووریان لە دەست پیاو بووە. هەموو شتێکی خۆیان دۆڕاندووە. بەپێچەوانەوە ئەگەر ژن

**هەموو ئایینەکان ژن لە پلە دوودا دەهێڵنەوە. ئایین دەڵێت دەبێ ژن داپۆشراوبن، تا پیاو توشی گوناه نەبێت. باشە بۆچی پیاوان خۆیان ئەوەندە بەهێز نین دیاربوونی قژی ژنێک تا کاریان لێ نەکات**

خاوەنی ئابووری سەربەخۆ بێت بەو ئاراستەیە دەڕۆێت کە خۆی دەیەوێت". لەبارەی ڕەوشی ژن لێرە و لە تورکیادا، بورچین، جیاوازییەکی ئەو تۆ لەنێوان ژنانی هەر ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا نابینێت. چونکە"پێوەرەکانی دیموکراسی لەم ناوچەیە لاوازن".

لە هەر شوێنێکیش ئەم پێوەرانە لاواز بوون، ڕەوشی ژن خراپ دەبێت. گوتیشی" ئەو ژنانەی لە بەشی ئەورووپای تورکیادا کاردەکەن و خۆیان بەڕێوەدەبەن، ئازادن، بەڵام بەشێکیش هەن بەبیرێکی دواکەوتوو و نەزانانە دەژین، کە لە ڕاستیدا ژنە کوردەکانن. لە هەمان کاتدا ژنی وەکوو ( لەیلا زانا)شمان هەیە، کە بۆ مافی ژن و بیری سیاسی خۆی خەبات دەکات".

بورچین، وەکوو ژنێک ئەو پێناسانە ڕەت دەکاتەوە، کە کۆمەڵ بە ژنی داوە و خەباتی ژن بۆ گۆڕینی ئەو پێناسەیە بە ڕەوا دەزانێت و اوا لە ژنانی کورد دەکات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان تێ بکۆشن.

پێویستە سەرەتا ژن خۆی ئازاد بکات. چونکە بە ئازادبوونی ژن کۆمەڵگەش ئازاد دەبێت. دەبێ ژن باوەڕیان بە هێزی خۆیان هەبێت.

ئەم ژنە، پیاو بە دامەزرێنەری سیستەمی چەوساندنەوەی ژن دەزانێت و دەڵێت:" ئەوشتانەی لە قازانجی پیاو، کراوەتە سیستەم. ئەوەی دەسەڵاتی بیرۆکراتی پیاوان دەهەژێنێت، لە ژن وەرگیراوەتەوە و بەهۆی سیستەمی چەوساندنەوە کار بۆ بێهێزکردنی ژن کراوە، بۆ نموونە هەستی دایکایەتیان لای ژنان بەهێز کردوە و خۆیان لە پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵ دزیوەتەوە و ئیرادەی ژنیان سەرکوت کردووە".

لەبارەی فتواکانی ئایین بۆ ژن، بورچین گوتی:" هەموو ئایینەکان ژن لە پلە دوودا دەهێڵنەوە. ئایین دەڵێت دەبێ ژن داپۆشراوبن، تا پیاو توشی گوناه نەبێت. باشە بۆچی پیاوان خۆیان ئەوەندە بەهێز نین دیاربوونی قژی ژنێک تا کاریان لێ نەکات.

لە راستیدا ئەوە هەر داپۆشینی جەستە نییە، بەڵکوو داپۆشینی هزریشە. پێویستە ئەو یاریە بە ژن نەکرێت".

بورچین، تەبایی و یەکگرتویی ژنان بەگرنگ دەزانێت بۆ ڕزگاربوونی ژن لە چەوساندنەوە، دەڵێت:" خۆزگە نیو ئەوەندەی ئەو ڕێزەی ژن لە پیاوانی دەگرێت، لە ژنانیشی بگرتایە. دەبێ واز لە قسەو قسەڵۆک بهێنین و هەوڵ بۆ ئەوە بدەین کێشەو ناکۆکیەکانی ژن چارەسەر بکەین و ئامانجەکانمان بپارێزرێن". هەروەها بورچین، ڕۆڵی ژن لەسیاسەت بەرز دەنرخێنێت و پێیوایە ئەگەر دەسەڵاتدار بوایە، شەڕو ناکۆکی لە جیهان نەدەبوو، چونکە شەڕ لە جەوهەری ژندا نییە.



سیما موستەفا

www.netewe.com

لە دروستکردنی بەرهەمی وەرزیدا..

## ژنانی شەقڵاوە پێشەنگی کوردستانن

# ژنانی شەقڵاوە داوای بازاڕێکی تایبەت بەخۆیان دەکەن

شەقڵاوە

شارۆچکەی شەقڵاوە بەگوندو دێهاتەکانییەوە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ١٣٠ هەزار کەس دەبێت، وێڕای ئەوەی کە لە وەرزی بەهار و هاویندا شوێنی گەشتیارانە، هێندەش ئەو شارۆچکەیە بە بەرهەمی درووستکراوی وەرزی وەک، نانەگەراز، نانەقەیسی، مێوژ، مرەبا، گەزۆ، نوقل و چەندین بەرهەمی میوەجات، ناسراوە. دوکاندارێکی خاوەن ئەو بەرهەمانە دەڵێت:" نزیکەی ٢٥٠ خێزان خەریکی دروستکردنی بەرهەمی وەرزین، بەڵام ئەوەی ئەو دوکاندارەی لەو شارۆچکەیەدا نیگەران کردبێت، نەبوونی کۆمەڵەی پیشەبەرییە.

کاتێ میوەی باخەکانی شەقڵاوە پێدەگات، ژنانی ئەو شارۆچکەیە بەشێک لە بەرهەمی میوەکان هەڵدەگرن و جۆرەها بەرهەمی وەرزی لێ دروست دەکەن. مرەبا دروستکردنیش، پیشەیەکی ژنانی شەقڵاوەیە و لە هەریەک لە میوەکانی وەک هەنجیر، ترێ، هەرمێ و هەندێ جۆری دیکە، ئەم بەرهەمە دروست دەکرێت. ئێستا لە شەقڵاوە مرەبا، لە قوتوو دەدرێت.

حەلیمە حەسەنی، تەمەن ٦٥ ساڵ، دانیشتوی شارۆچکەی شەقڵاوەیە، یەکێکە لەو ژنانەی لە بەرهەمی سروشتییەوە نانەگەراز، وشککردنی گەراز و قەیسی، مێوژ و مرەبا، دروست دەکات، ئەو لە نێو باخچەی ماڵەکەیەوە پەنجەی بۆ جۆری میوەکان، درێژ دەکرد و بە پەرۆشە دەیگوت:" بەدرێژایی ژیان، ژنانی شەقڵاوە، بۆ پەیداکردنی بژێوی خێزانەکانیان شانبەشانی پیاوان لەکاردا بوون. ئەو گوتی:" لەوەتەی شووم کردوە دەستم بەم کارە کردوە بەردەوام خەریکی وشکردنی گەرازو قەیسی و مێوژ و دروستکردنی مرەبا بوومە، ئەم کارەم لە دایک و باوکم، بۆ




ماوەتەوە".

حەلیمە، ئەوە دەخاتە ڕوو، کە کاتێ چووەتە نێو قۆناغی هاوسەرگیرییەوە مێردەکەی بووەتە پێشمەرگە، بەڵام بەهۆی کارکردنی لەو بوارەدا توانیویەتی بژێوی ژیانی ماڵەکەی، هەڵسوڕێنێت. وەک گوتی:" تا ئێستاش لەسەر ئەو کارە بەردەوامو و شانازیشی پێوە دەکەم، چونکە بەو کارەوە یارمەتی پیاوەکەم دەدەم".

دۆشاوی ترێ و سرکەی هەنار، دوو بەرهەمی دیکەن کە لە شەقڵاوەدا بایەخی زۆریان پێدەدرێت، سرکەی هەنار لەگەڵ چێشتدا بەکار دەهێنرێت و هەندێ خەڵکیش دەڵێن بەهۆی ئەو سرکەیەوە چەوری لە لەشی مرۆڤدا کەم دەبێتەوە.

خاتو خەجیجە کەریم، لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٠، دانیشتووی شارۆچکەی شەقڵاوەیە، دەڵێت، لە منداڵییەوە لە دروستکردنی سرکەی هەنار و دۆشاوی ترێ و نانەگراز و مرەبا دا یارمەتی

دایکم داوە، چونکە ئەمە پیشەی دایکم بووە.

خەجیجە، باس لەوە دەکات کاتێ چووەتە نێو قۆناغی هاوسەرییەوە، بەهۆی ئەو کارەوە یارمەتی خێزانەکەی داوەو هاوکات منداڵەکانیشی لەسەر ئەو کارە، ڕاهێناوە.

لەیلا، ژنێکە شەش منداڵی هەیە و چووەتە نێو تەمەنەوە، پیاوەکەی نابینایەو ناتوانێت کاربکات، بەڵام لەیلا، بە دروستکردنی نانەقەیسی و مرەبا، توانیوییەتی بژێوی خێزانەکەی دابین بکات. ئەو ژنە، دەڵێت:" ئێستا باری تەندروستیم باش نییەو چیتر ناتوانم ئەم کارە بکەم".

ئەو ژنانە، وێڕای ئەوەی، کە باس لە ماندووبوون و پیشەی خۆیان بۆ دروستکردنی بەرهەمی میوەکان دەکەن. زۆرجار ئەو بەرهەمانەی کە لەلایەن ژنانی شەقڵاوەوە دروست دەکرێن بەنرخێکی نزم لەلایەن





www.netewe.com




دوكاندارانه‌وه لێیان ده‌كڕدرێت بۆیه، ئه‌وان ده‌ڵێن، ئه‌گه‌ر بازاڕێكی تایبه‌ت به‌ژنان، له‌شه‌قڵاوه بۆ فرۆشتنی به‌رهه‌مه‌كانیان هه‌بێت، ئه‌وا سوودی زۆری بۆ هه‌موو هه‌رێمی كوردستان ده‌بێت.

به‌ڵام قایمقامی شه‌قڵاوه دلاوه‌ر عومه‌ر، بۆ وارڤین، له‌باره‌ی دروستكردنی بازاڕێكی تایبه‌ت به ژنان، گوتی:" له ئێستادا دروستكردنی بازاڕێكی تایبه‌ت بۆ ئه‌و ژنانه‌ی كه به‌رهه‌می وه‌رزی له میوه دروست ده‌كه‌ن، زه‌روور نییه، چونكه ئه‌و ژنانه له ڕێگه‌ی پیاوه‌كانیانه‌وه به‌رهه‌مه‌كانیان له‌و شوێنانه‌دا ده‌فرۆشن كه گه‌شتیاران تێیدا هاتووچۆ ده‌كه‌ن". وه‌ك باسی لێوه كرد كه ئه‌و به‌رهه‌مه وه‌رزیانه له مانگی ٦ تا ٩ فرۆشی باشیان ده‌بێت و دوای ئه‌و ماوه‌یه بازاڕیان كز ده‌بێت و ئه‌گه‌ر بازاڕێكی تایبه‌تیان بۆ دروست بكرێت ره‌نگه به‌سوودی ئه‌وان ته‌واو نه‌بێت، چونكه ئه‌و بازاره ته‌نیا ٣ مانگ كراوه ده‌بێت و مانگه‌كانی دیكه به داخراوی ده‌مێنێته‌وه ئه‌وه‌ش وا ده‌كات ئه‌و ژنانه زیاتر له ٩ مانگ بێكار بمێننه‌وه.

ژنانی شه‌قڵاوه به‌رهه‌مه‌كه‌یان، به‌هه‌ندێ دوكانداری كریار ده‌فرۆشنه‌وه. سه‌باح مه‌لا، خاوه‌ن دوكانی (مام حاجی) له شه‌قڵاوه كه تایبه‌ته به‌و به‌رهه‌مه وه‌رزییانه، گوتی:" شه‌قڵاوه، میوه‌جاتی زۆری وه‌كو گه‌راز و هه‌نجیر و ترێی هه‌یه‌و ئه‌و به‌رهه‌مانه‌یش سوودی زۆریان بۆ هاووڵاتیان و گه‌شتیارانی ئه‌و شارۆچكه‌یه هه‌یه".

له شه‌قڵاوه نزیكه‌ی ٢٥٠ خێزان سه‌رقاڵی دروستكردنی نانه‌گه‌راز و ته‌مه‌رهێندی و مره‌بان.

دوكاندار سه‌باح مه‌لا، ژنانی شه‌قڵاوه له به‌رهه‌می وه‌رزیدا به‌پێشه‌نگی كوردستان ده‌زانێت. ئه‌و دوكانداره هه‌روه‌ها ئاماژه‌ی به‌وه كرد، كه به‌نووسراوێكی قایمقامی شه‌قڵاوه، داوایان له پارێزگای هه‌ولێر كردووه كه كۆمه‌ڵه‌ی پیشه‌به‌ری له شه‌قڵاوه دابمه‌زرێت و بۆ ئه‌وه‌ش چه‌ندینجار سه‌ردانی پارێزگاری هه‌ولێریان كردووه، به‌ڵام پارێزگا، چه‌ند مه‌رجێكی بۆ داناون كه ناتوانرێت جێبه‌جێ بكرێت. سه‌رچاوه‌یه‌كی ئاگادار له‌و پرسه له‌باره‌ی مه‌رجه‌كانه‌وه به وارڤینی راگه‌یاند:" له‌راستیدا ئه‌وه مه‌رج نه‌بوو، به‌ڵكو نه‌بوونی بودجه بوو، بۆیه ئه‌و دانانی رێكخراوه‌ی پیشه‌به‌ری به‌لای هه‌ندێك له‌وانه‌ی كه داوای كۆمه‌ڵه‌كه‌یان كردبوو، وه‌ك مه‌رجی سه‌خت وه‌سف كران".

دلاوه‌ر عومه‌ر، ده‌ڵێت" شارۆچكه‌ی شه‌قڵاوه به‌دروستكردنی نانه‌قه‌یسی و مره‌با و چه‌ندین شتی تر به‌ناوبانگه و ئه‌مانه‌ش هه‌مووی به‌رهه‌می ده‌ستی ژنانی ئه‌و شارۆچكه‌یه‌ن". قایمقایمی شه‌قڵاوه ئه‌وه ده‌خاته‌ڕوو كه وه‌زاره‌تی كشتوكاڵی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان، دوو كارگه‌ی بچووكی له سپیگره و هیران، بۆ دروستكردنی به‌رهه‌می میوه داناوه و تێیدا ره‌چاوی لایه‌نی ته‌ندروستی و خاوێنی له دروستكردنی ئه‌م به‌رهه‌مه سروشتیانه كراوه. ئه‌و گوتی:" ئه‌وانه‌ی له‌و دوو كارگه‌یه‌ش كارده‌كه‌ن زۆربه‌یان ئافره‌تن. له‌باره‌ی دانانی نرخێكی تایبه‌ت بۆ ئه‌م به‌رهه‌مه سروشتیانه، قایمقامی شه‌قڵاوه، باس له‌وه ده‌كات كه ئه‌وان ده‌توانن ته‌نیا نرخ بۆ ئه‌و شتانه دیارییكه‌ن كه له هه‌ولێر هه‌ناردی شه‌قڵاوه ده‌كرێن، به‌ڵام ناتوانن بۆ ئه‌و به‌رهه‌مه سروشتیانه كه ده‌ستكردی ژنانی شه‌قڵاوه‌ن، نرخ دیاری بكه‌ن.

ڕۆشنا عومه‌ر

" له ئێستادا دروستكردنی بازاڕێكی تایبه‌ت بۆ ئه‌و ژنانه‌ی كه به‌رهه‌می وه‌رزی له میوه دروست ده‌كه‌ن، زه‌روور نییه، چونكه ئه‌و ژنانه له ڕێگه‌ی پیاوه‌كانیانه‌وه به‌رهه‌مه‌كانیان له‌و شوێنانه‌دا ده‌فرۆشن كه گه‌شتیاران تێیدا هاتووچۆ ده‌كه‌ن"





www.netewe.com

# کارکردنی ژنان لەدەرەوەی ماڵدا گرفتی خێزانەکانیان چارەسەر دەکات

دهۆک

" ماوەی دوو ساڵە بە شێوەی گرێبەست لە کۆمپانیایەک فەرمانبەر بووم، مووچەم ئەوەندە کەمبوو، بەشی کرێی خانوی نەدەکرد و بەهۆی مووچەی ژنەکەم بەڕێوە دەچین". ئەمە قسەی سەردار محەممەدە، کە لە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت کار دەکات. سەردار، کاری ژن لەدەرەوەی ماڵدا بەپێویست دەزانێت، چونکە ئەمڕۆ داواکارییەکانی ژیان، روویان لەزیادبوونە. وەک دەڵێت، ئەگەر ژن وپیاو بە یەکەوە کارنەکەن، ناتوانن پێداویستی خێزانێک دابین بکەن.

هەندێک لە چاودێرانی کۆمەڵایەتی، خراپی ئاستی بژێوی خێزانەکان، بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە تەنیا پیاو لە دەرەوەی ماڵدا ڕۆڵی کارکردن دەگێرێت و ماف بە ژن، نەدراوە هەمان ڕۆڵی پیاو لە کارکردن لەدەرەوەی ماڵدا هەبێت، بەڵام ئەو بەدواداچوونەی کە وارڤین لەگەڵ هەندێ لە ژنانی دهۆکدا کردوویەتی، دەریخستووە، ئەو پیاوانەی ڕێگەیان بە هاوسەرەکەیان داوە لە دەرەوەی ماڵ کار بکەن، بژێوی ژیانیان زۆر بەرەو باشی ڕۆیشتووە.

دێژین سالم، ژنێکی مامۆستایە، وەک خۆی دەڵێت، پێشتر کاری نەکردووە و خەریکی کاری ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵەکانی بووە. ئەو هەوڵی نەداوە دابمەزرێت، بەڵام دوای هەشت ساڵ بەهۆی خراپی باری ئابووریی خێزانەکەیەوە پێویستی بە کارکردن هەبووە و بۆیە دەستی بەکار کردووە و بەهۆی کارەکەی ئەویشەوە ڕێڕەوی بژێوی ژیانیان بەرە و ئاستێکی باش ڕۆیشتووە.

دێژین، گوتی:" ئەگەر باری ئابوورییمان بەرە و خراپی نەچووبا، من و مێردەکەم ئەو باوەڕەمان لا دروست نەدەبوو، کە من لەدەرەوە ماڵ کاربکەم".

د. خەیری عەلی ئوسو، پسپۆڕی بواری کارگێڕی وئابووری لە زانکۆی دهۆک کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ بەگرنگ دەزانێت. ئەو پێیوایە:" کاتێک ژن دەبێتە خاوەن کار، وێڕای ئەوەی کە کاریگەری ئەرێنی، لە بژێو و خۆشگوزەرانی خێزان دادەنێت، هاوکات زۆر گرفتی ئابووریش چارەسەر دەکات".

وەک د. خیری، ئاماژەیدا، ئەگەر ژن خاوەن داهاتی سەربەخۆ بوو، ئەمە دەبێتە هاندەرێکی بەهێز لە بەرزبوونەوەی پێگەی لە نێو کۆمەڵگەدا و بەوهۆیەوە، رەنگە دەسەڵاتی بڕیاردانی لە ماڵدا بکەوێتە ئەستۆ. ئەوەش ئەو دەرفەتە بە ژن دەدات کە لە بەڕێوەبردنی ماڵدا پێشەنگ بێت".

سەناو عەلی، یەکێک لەو ژنانەیە کە لە درەوەی ماڵ کار دەکات، بە گوتەی سەناو ئەو شانبەشانی مێردەکەی کار دەکات و ئەمەش تاکە هۆکارێکی بەختەوەری ژیانی هەردووکیانە. سەناو، ئەندازیاری کشتووکاڵییە و مێردەکەی شۆفێرە، ئەو ژنە دەڵێت:" کارکردنی من لە دەرەوەی ماڵدا، تەنیا گرفتە ئابوورییەکانی چارەسەر نەکردووین، بەڵکو لەباری کۆمەڵایەتیشەوە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژیانمان داناوە و بەو هۆیەوە من و مێردەکەم ئەرک و مافەکانمان، دەزانین".

**دهوک/ زەری نەوزاد**

"کاتێک ژن دەبێتە خاوەن کار، وێڕای ئەوەی کە کاریگەری ئەرێنی، لە بژێو و خۆشگوزەرانی خێزان دادەنێت، هاوکات زۆر گرفتی ئابووریش چارەسەر دەکات".



Photo

www.netewe.com




## داهاتی بنەڕەتی

# بوارێکی گرنگ و پتەو بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی

ئەڵمانیا

سالاًنێکە لە ئەورووپا بە گشتی و لە ئەڵمان بەتایبەتی باسێکی گەرم سەبارەت بە داهاتی بنەڕەتی هەیە"Grundeinkommen"، باسێک لە لایەن ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵناس، ئابووریناس و سیاسەتزانەوە درێـژەی پێدەدرێت و گەشە دەکات. لە ناو ئەو کەسانەدا مرۆڤی بە ناوبانگی داکۆکیکار لە مافەکانی مـرۆڤ، دیموکراسی، یەکسانی و دڵنیایی کۆمەڵایەتی هەیە. تەنانەت لە نـاو ئـەو کەسانەدا کە پەیگیرانە کار بۆ پرۆسەی داهاتی بنەڕەتی دەکـەن هەڵگرانی خەلاًتی نۆبڵیش هەن. بەپێی ئامارەکان تا ڕۆژی ٢٠٠٩ ,٧ ,٣١ ژمارەی ئەو کەسانەی وەکو ئەندامی تۆڕی داهاتی بنەڕەتی خۆیان ناونووس کردووە، ٢٣٢٥ کەس و ٦٧ ڕێکخراون. ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵدەدەین کورتەیەکی وەها بخەینە بەردەست خوێنەری کورد تا بتوانن بیرۆکەیەکی گشتی و سەرەکیان لەسەر بابەتەکە لە کن دروست ببێت و لە گرنگیی بابەتەکە تێبگەن. دیارە ناکرێت لەم ڕاپۆرتەدا هەموو ئەو ڕایەڵانەی لە ئەورووپا پەیوەندیان بە بواری دارایی و داهاتەوە هەیە بەسەر بکرێنەوە. بواری ئابوری، داهات و دارایی بە گشتی لە جیهان دا وەکو زانستێک و لە ئەورووپا بە تایبەتی بوارێکە سەخت و ئاڵۆز، چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی خەست و خۆڵ دەرەقەتی نایەن.

دیارە دەبێ سەرەتا ئەوە بزانین، کە داهاتی بنەڕەتی نابێت بە سەرچاوەی خۆشگوزەرانیی لە ڕادەبـەدەر، بەڵکو دەبێت بە سەرچاوەیەک بۆ ژیان و دڵنیایی و یەکسانی. دیارە چوارچێوە و بنەما و چۆنیەتی ژیان لە ئەورووپا جیاوازە لە زۆر شوێنی تری جیهان. لە ئەورووپا ئاستی بژێوی و چۆنیەتی ژیان گەیشتۆتە ئاستێکی باش. بۆیە ناکرێت وا حاڵی ببیت کە داهاتی بنەڕەتی (واتە ئەو بڕەی پێشنیاز کراوە) لە چوارچێوەی بنەماکانی ژیان لە ئەورووپا دەبێت بە سەرچاوەی ژیانێکی بێ کەموکووڕیی و ئاست بڵند. بەڵکو داهاتەکە دەبێت بە سەرچاوەیەک تاکو ترسی هەژاری و بێ نانی لە کن تاکەکانی کۆمەڵ نەهێڵێت.

داهاتی بنەڕەتی، داهاتێکە نان و کرێ مسۆگەر دەکات و دڵنیایی بە مرۆڤ دەبەخشێت و لە دڵەڕاوکێ دەیپارێزێت.

بێگومان داهاتی بنەڕەتی، داهاتێکە وەکو کەمترین داهات و سەرچاوەی دارایـی پێناسە دەکرێت.

بۆ ئەوەی بە کورتی لە داهاتی بنەڕەتی تێبگەین دەبێ بپرسین، داهاتی بنەڕەتی چییە؟

* دەبێ هەموو مرۆڤێک داهاتی بنەڕەتی هەبێت و ژیانی "نان و نیشتەجی بوون"مسۆگەر بێت.

* داهاتی بنەڕەتی لە ئاستێکی باشدا ڕێ دەگرێت لە:"هەژاری. هەروەها بوار ڕەخساندن بۆ بەشداریی چالاکانەی جڤاکی".

* دەستەبەرکردنی" داهات و تێچوونی ژیان" بێ تاقیکردنەوە و کۆنترۆلکردن.

* دەبێت بە هۆی ئەوەی کەس ناچار نەبێت هەموو کارێک لە هەموو ڕەوشێک دا پەسەند بکات.

* لە ڕێگەی ئەم داهاتەوە مافی یەکسانی و یاسایی تاک پارێزراو دەبێت.

بیرۆکەکە:

داهاتی بنەڕەتی شێوازێکی تر نییە لە یارمەتی کۆمەڵایەتی، کە خراپی بـازاڕی پێ چارەسەر بکرێت، نەخێر، بەڵکو پرۆژەیەکە بۆ زۆرتر بە دەستخستنی ئـازادی، دیموکراسی و سەنگ و قورسایی مرۆڤانە. هەروەها پشتگیرییەکی گرنگە

www.netewe.com

بۆ کۆمەڵ و دەوڵەتێکی چالاک، کە دەژی و بە پێوە وەستاوەدەبێ بە مایەی مانەوە و بەردەوام گەشەکردنی.

بێگومان داهاتی بنەڕەتی بە گوێرەی ئەو بیرۆکەیەی ئامادە کراوە دەبێ لە گەنجینەی دەوڵـەتـەوە سـەرچاوە بگرێت، گەنجینەی دەوڵەتیش بە پلەی یەکەم (بۆ نموونە لە ئەڵمانیا) بە داهاتی باج پڕ دەکرێتەوە. بۆیە دەبێ داهاتی بنەڕەتی بێ هیچ مەرجێک دابین بکرێت و خەڵک لێی سودمەند بێت. کە سەرچاوەی داهاتەکە گەنجینەی دەوڵەت بێت، کە ئەو گەنجینەیەش بە باجی خەڵک پڕ ببێتەوە، کەواتە داهاتەکە لە خەڵکەوە بۆ خەڵک دەبێت. لەبەرئەوە داهاتەکە بێمەرجە و داهاتی بنەڕەتییە، داهاتێکە لانی کەمی پێداویستی ژیانی تاک مسۆگەر دەکات، بۆیە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بێمەرج دەتوانن لێی سوودمەند بن.

دیارە تاکەکانی کۆمەڵ بە جۆرێکی وەها پەروەردە و ئامادەکراون، لە کاتی داهاتی وەها دا، نەک هەر سست نابن و لە بێکاریی و خەودا نوقم نابن، بەڵکو بە شێوازگەلی دیکەی چالاک بەشداری شیاوی پرۆسەی بەرهەمهێنان و گەشەکردنی کۆمەڵ و ژیان دەکەن. مرۆڤگەلێک لەم داهاتە سوودمەند دەبن کە خراپ لە دەستەبەربوونی ئەو داهاتە حاڵی نەبوون و دەزانن ئەو داهاتە چۆن هاتۆتە بەرهەم و دەبێ چۆن سوودی لێوەربگیردرێت.

داهاتی بنەڕەتی نەک هەر بۆ تاکەکانی کۆمەڵ، بەڵکو بۆ سەرجەم کۆمەڵەکە دەبێت بە دڵنیایی و ئاسودەیی کۆمەڵایەتی و وا دەکات لە زۆر ئاستەوە ئـەو کۆمەڵە دڵنیا و تەندروست بمێنێتەوە. هەروەها ئەو کاتەی بڕیار لەسەر داهاتی بنەڕەتی دەدرێت و دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو کاتە سەرجەم کۆمەڵ و دەوڵـەت بە ریفۆرمێکی گرنگدا تێدەپەڕن، ریفۆرمێک ژیانی کۆمەڵ و تاکەکانی بەرەو ئاستێکی زۆر گرنگ و دڵنیا و پڕ لە داهێنان هەڵدەکێشێت. دەستەبەرکردنی داهاتی بنەڕەتی بە تەنها ریفۆرمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆی ناهێنێت، بەڵکو ریفۆرمێکی فرەلایەن لە ژیانی کۆمەڵ دا دروست دەکات. بۆیە دروشمگەلی شارەزایان و خەمخۆرانی ئەم کارە بەم جۆرەیە:

بۆ ئەوەی ژیان مسۆگەر بێت،
بۆ ئەوەی هەژاری و ترسی برسێتی نەبێت،
بۆ ئەوەی دیموکراسی جێگیربێت،
بۆ ئەوەی یەکسانی هەبێت:




پێویستە مانگانە بڕی: ١٥٠٠ (هـەزار و پێنج سەد) یۆرۆ بۆ گەورە و ١٠٠٠ (هەزار) یۆرۆیش بۆ منداڵ دابین بکرێت.

دیـارە ئـەم داوایـە و ئـەم هـەوڵـە لـە لایـەن دەوڵەتەوە یان لایەن و ڕێکخراوێکی سیاسییەوە تا ئێستا بڕیاری لەسەر نەدراوە، بەڵام چالاکانی بوارەکە پێیان وایە ئەوان لە بەردەوامی چالاکی و هەوڵەکانیاندا بە ئەنجامی ئەرێنی دەگەن و ئەو داهاتە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ بە دەست دەخەن. ئەوان بە گەشبینییەکی زۆرەوە باس لە سەرکەوتنی پرۆسەکە دەکەن.

ئەوانەی بە سەرکەوتنی هەوڵەکە گەشبینن ژمارەیان گەلێ زۆرە، بەڵام دیارە تاکو ئێستا نازاندرێ ئەگەر داهاتەکە بڕیاری جێبەجێکردنی بدرێت بە هەمان بڕی داواکراو جێبەجێ دەبێت یان بڕێکی کەمتر لە بڕی پێشنیازکراو پەسەند دەکرێت. بە هـەر حـاڵ ئەمە دەمێنێتەوە بـۆ کـاتـی پـەسـەندکـردنـی پێشنیازەکە و بـەلای زۆریـنـەوە گرینگ ئـەوەیـە هەوڵەکە

**دەستەبەرکردنی داهاتی بنەڕەتی بە تەنها ریفۆرمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆی ناهێنێت، بەڵکو ریفۆرمێکی فرەلایەن لە ژیانی کۆمەڵ دا دروست دەکات**

سەربگرێت و پاشتر دەکرێ بڕی داواکراو (ئەگەر کەم کرایەوە) کار بۆ هەڵکشانی بکرێت، وەکو چالاکان و چاودێرانی بابەتەکە ڕایدەگەیەنن.

### ژن و منداڵان داهاتی بنەڕەتی:

دیارە لە کاتی بە دەستخستنی ئەم مافە دا، واتە کاتێک داهاتی بنەڕەتی دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەموو تاکێکی کۆمەڵ، کە داهاتی بنەڕەتی وەردەگرێت بە ڕادەیەکی زۆر سوودمەند دەبێت، سوودمەند بوون لە بواری سەربەخۆییەوە سـوودمـەنـد بـوون لـە بـاری دەروونـیـشـەوە، ئەمە یەکێکە لە خاڵە هەرە گرینگەکانی ئەم داهاتە، کە باری دەروونی تاک جێگیر دەبێت و بیر لە نان و نیشتەجێبوون ناکاتەوە، وزەی مرۆڤ بۆ شتی بە کەڵک تەرخان دەبێت و داهێنانی جۆراوجۆر دێتە ئاراوە.

بەڵام دیارە ژنان و منداڵان بە جۆرێکی جیاواز سوودمەند دەبن. دایکان و باوکان بە جۆرێکی باش دڵنیا دەبن لە داهات و سەرچاوەی بژێوی منداڵ و نەوەکانیان. بۆ خانمانیش داهاتی بنەڕەتی دەبێت بە پشتگیرییەکی وەها کە بتوانن ئازاد بن و لەسەر پێی خۆیان بوەستن. بۆ ژنان دەبێت بە سەرچاوەیەکی بێمەرج کە دەتوانن شانبەشانی ئەو داهاتە یەکسانی و دادپەروەری لە ناو خێزان و بنەماڵەکانیان دا بپارێزن.

چونکە:

* داهاتەکە دەدرێـتە بە تاکەکان نـەک بە خێزان.

* داهاتەکە دەدرێـتە بە تاک بە چاوپۆشی لە داهاتی تری. (ئەمە خاڵێکی زۆر گرینگە، چونکە مەرج نییە هەر ئەو کەسانە وەری بگرن کە داهاتیان نییە، نەخێر هەموو تاکێکی کۆمەڵ

www.netewe.com

دەتوانێ ئەو داهاتە وەربگرێت، جا ئیتر داهات و سەرچاوی تری هەبێت یان نا).

* بێ ئەوەی مەرجی کار و هیچ ئەرکێک بکەوێتە سەر تاکی کۆمەڵ ئەو داهاتە وەردەگرێت.

## چارەسەرێکی ئابوری گونجاو:

داهاتی بنەڕەتی چارەسەرێکی گونجاو و لەبارە بۆ تێپەڕاندنی هەموو ئەو کێشانەی پەیوەندیان بە بێکاری و داهاتی مسۆگەرەوە هەیە. تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی ئەم داهاتەوە سەربەخۆ دەبن و سەربەخۆییان مسۆگەر دەبێت. بێگومان هەمان دڵنیایی بۆ خاوەن کارەکانیش دەستەبەر دەکات. بەڵکو بۆ ئەوان تا ئاستێکی باش زۆرتر سوودمەند دەبن لێی، بە جۆرێک ئیتر خاوەن کارەکان ناچار نابن هەموو هێزی کارێک پەسەند بکەن، بەڵکو بە دوای چۆنیەتی هێزی کاردا دەچن و ناچار نابن کار بە هەموو بێ کارێک بدەن، بەڵکو ئەو دەمە کار بە کارزان دەسپێرن و بەو شێوەیەیش کوالیتی کار دەچێتە ئاستێکی هەرە بڵند. کارێک بە بەرهەم دێت واتای کاری تێدا بێت و خاڵی نەبێت لە بەرهەمهێنانی گونجاو و چۆنایەتیی باش.

خاڵێکی تری زۆر گرنگ ئەوەیە، سەربەخۆیی داهات وا دەکات، کە دایک و باوک نەترسن لە دروستکردنی منداڵ. داهاتی بنەڕەتی دەبێت بە هۆی ئەوەی دایک و باوکان دڵنیا ببن و بێ خەم و دڵەڕاوکێ بیر لە دروستکردنی منداڵ بکەنەوە. دروستکردنی منداڵیش نەک هەر شادەماریی بەردەوامیی ژیانە، بەڵکو بۆ جوڵەی بازاڕیش زۆر گرنگە.

هەروەها داهاتی بنەڕەتی دەبێت بە هۆی جێگیربوونی بازاڕ بە جۆرێکی باش و گونجاو. بە جۆرێک دەبێت بە هێزی پڕ وزەی جێگیری بازاڕ و دابینکردنی بەردەوامی کڕین و فرۆشتن، واتە دەبێت بە هۆکاری بەردەوام بۆ جوڵەی بازاڕ.

سەرباری ئەوانەیش داهاتی بنەڕەتی توانا و کارابوونی دەوڵەت ڕادەگرێ و دەیپارێزێت. شانبەشانی ئەو لایەنە گرنگانە، سیمایەکی تری گرنگی داهاتی بنەڕەتی ئەوەیە شەرم ناهێڵێت، شەرمێک لە لای ئەو کەسانەی پارەی بێکاری و یارمەتی کۆمەڵایەتی وەردەگرن.

داهاتی بنەڕەتی هەستی مرۆڤانەی کار دەپارێزێت و ئاستی پێشکەوتنی پەروەردە بەرزدەکاتەوە. خێزانەکان بە هێز دەکات و ژمارەی منداڵبوون بەرەو ئاستێکی باش بەرز دەکاتەوە. بیرکردنەوە، دۆزینەوە و قسەکردن لەسەر هەموو ئەو هۆیانە بەسەر یەکەوە، وا دەکەن کۆمەڵ و دەوڵەت تاکەکانی خۆیان بەلاوە گرنگ بێت و تێبکۆشن کە سەرچاوەیەکی داهاتی گونجاویان هەبێت.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە تا ئێستا هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ چارەسەرکردنی بێ کاری بە کۆمەڵ دراون بە شکست کۆتاییان هاتووە. بۆیە ئەمە وا دەکات داهاتی بنەڕەتی باشترین ڕێگەچارە بێت بۆ ئەو کێشەیە. لە کاتێکدا کە ژمارەی بێکاران لە ئەمڕۆی وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیادا سێ ملیۆن و نیو کەسە و هەندێ جار بۆ نزیکەی پێنج ملیۆن کەس هەڵکشاوە.




سەربەخۆیی داهات وا دەکات کە دایک و باوک نەترسن لە دروستکردنی منداڵ. داهاتی بنەڕەتی دەبێت بە هۆی ئەوەی دایک و باوکان دڵنیا ببن و بێ خەم و دڵەڕاوکێ بیر لە دروستکردنی منداڵ بکەنەوە

## ئەنجام:

یەکێک لەو پرسیارانەی کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە ئەوەیە:

ئایا جێبەجێکردن و بە دەستخستنی داهاتی بنەڕەتی کاری کردەیە؟

وەڵامی هەڵسووڕێنەرانی ئەو پرۆسە و تێکۆشانە، وەڵامێکە ڕوون:

بێگومان کاری کردەیە و مەحاڵ نییە، بەڵام دیارە ڕێوشوێن یان میکانیزمی تایبەتی خۆی دەوێ تاکو کار بکات و هەروەها بەردەوام بێت. بەڵام ئەوەی سەبارەت بە ئەنجامی پرۆسەکە گرنگە ئەوەیە، کە ئەم شەپۆلی پێشنیازانە لە شەپۆلەوە بوون بە زەریایەک لە دەنگ، لە هەوڵ و بە گوێرەی لێدوان، چالاکی و هەوڵەکانیان بێت، ڕاوەستان و دامرکانەوەی نییە هەتا ئەنجامی ئەرێنی بە دەست نەخەن و وەکو دەڵێن تا کۆمەڵ نەگەیەنن بە ئاستی یەکسانی و دڵنیایی.

ئەوەیشی بۆ خەمخۆران و چالاکانی ئەم بوارە بەردەوام پێویستە وەبیر بێتەوە و بەردەوام وە بیری هەموانی دەهێننەوە، ئەوەیە:

داهاتی بنەڕەتی بازاڕ پڕ جوڵەتر دەکات و مرۆڤەکان چالاکتر دەکات.



ڕاپۆرتی: سیروان ڕحیم

www.netewe.com



"کوردستان دەبێتە دوبەی"

# ژنێک، ١٥١ کۆمپانیای جلووبەرگ و مۆدە دەهێنێتە کوردستان

هەولێر

یەشیم، ماوەی ٢٢ ساڵە توانیویەتی ناسنامەی سەربەخۆبوونی خۆی وەک ژنێک لە کۆمەڵگادا وەرگرێت. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت، ئافرەت لە بواری ئابووریدا وەک کاڵایەک تەماشا دەکرێت، ئەو پێیوایە کە ژنان زیاتر لە پیاوان بواری کارکردنیان بۆ ڕەخساوە، چونکە ئافرەت بەردەوام ئامانجێکی هەیەو بۆ بەدەستهێنانی هەوڵدەدات.

یەشیم سانل سۆی، ژنێکی بە ڕەچەڵەک تورکە و لە شاری ئەستەمبوڵ ژیان بەسەر دەبات، ئەو کچێکی تەمەن ١٧ ساڵی هەیە و ماوەی ١٣ ساڵە لە هاوسەرەکەی جیا بووەتەوە.

بەگوتەی خۆی ماوەی ٢٢ ساڵە لەبواری ئابووریدا کاردەکات. ئەم ژنە، دەستپێکی کارکردنی لەو بوارەدا بۆ ڕۆژانی خوێندنی لە زانکۆدا گەڕاندەوە کە سەرەتا لە بواری ناردنەدەرەوەی کەلوپەل لە کۆمپانیایەکی تورکی کاریکردوە و دواتر


یەشیم

نووسینگەیەکی تایبەت بەو ئافرەتانەی کە لەبواری نمایشکردنی جلووبەرگ کاردەکەن، دامەزراندوە.

یەشیم، دەڵێت:" ماوەی ٥ ساڵ لەو نووسینگەیە کارم کرد، بەڵام بەهۆی قسەوقسەڵۆک و توانجی خەڵک لەسەر ئەو کچانەی کە لەگەڵم کاریان دەکرد، ناچاربووم نوسینگەکە دابخەم".

لەکاتێکدا کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ بەگوێرەی ئاستی ڕۆشنبیری و دابوونەریتی کۆمەڵگەکان جیاوازە، بەڵام یەشیم، بەپێچەوانەوە بیردەکاتەوە و پێیوایە، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ژن ڕووبەڕووی دژایەتی و بەربەست دەبێتەوە. ئەو گوتی:" ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییە کە تۆ کوردی، عەرەبی یان تورکی، ژن کە هاتە دەرەوە دژایەتی دەکرێت، زۆرجار ئەگەر پیاوەکانیش متمانەت پێ بکەن لەلایەن خودی ژنانەوە دژایەتی دەکرێیت".

یەشیم، وەک ڕێکخەری بەشی فرۆش، ماوەی ١٤ ساڵە لە کۆمپانیای پیرامید گروپ لەبواری پێشانگای نێودەوڵەتیدا کاردەکات. ئەو سەبارەت بەو بەشەی خۆی کە لە تیمێکی ١٠ کەسی پێکهاتووە، بەپێکەنینەوە دەڵێت:" تیمەکەی من هەمووی ژنن، چونکە ئەو بەشە ئیمتیازاتی زۆرترە".

زۆر جار دەگوترێ پیاوان هەنگاوێک لە ژنان لەپێشترن، بەڵام یەشیم، پێیوایە ژنان لە پیاوان زیاتر ڕۆحی ململانێ و کێبڕکێیان تێدایە، بۆیە زووتر دەتوانن ئەو ئامانجەی کە کاری بۆ دەکەن، بپێکن.

یەشیم، ڕێکخەری ئەو پیشانگا نێودەوڵەتیەیە کە لە ڕێکەوتی ١٦-١٨ی مانگی ئاب لە شاری هەولێر بەڕێوەدەچێت. لەو پیشانگایەدا، ١٥١ کۆمپانیای مارکە بەناوبانگەکانی جیهان لە ١٣ وڵاتەوە بەشداریان کردووە کە ١٢٣ یان کۆمپانیای تورکین.

یەشیم، بازاڕی هەرێمی کوردستان بەبازاڕێکی سەرنجڕاکێش و پڕبایەخ وەسفدەکات و دەڵێت:" لەبەر ئەوەی کوردستان لە قەیرانی دارایی جیهان بەدوور بووە و لەقۆناغی ئاوادانکردنەوەدایە، ئەمە وایکردووە، ببێتە بازاڕێکی گەرمی ئەو کۆمپانیایانەی کە مارکەی جیهانین، بۆیە وەک دوبەی داهاتوو، سەیر دەکرێت".

www.netewe.com

# ژنان داوای کردنەوەی "ماڵێکی تایبەت" بۆ پاراستنی جلی کوردی دەکەن



**هەولێر**

ژنێک، گۆڕینی دیزاینی جلی کوردی"بە شێواندنی رەسەنایەتی کوردی دەزانێت"، ئەو دەڵێت ئەگەر سەیری جلی کوردی ئێستا بکەیت، وا هەستدەکەیت جلی مۆدەیە، بۆیە داوادەکات، خەڵک بە رەسەنایەتی جاران جلی کوردی، بپۆشنەوە. هاوکات نازم نالی بەرگدروو، دیزایینی نوێی جلی کوردی بە" نوێکردنەوە"ـی جلی کوردی وەسف دەکات و پێیوایە بەر لەساڵانی٢٠٠٠ جلی کوردی بەرەو نەمان دەچوو، بەڵام ئێستا بەهۆی گۆڕینی دیزایینەکەی کچان روویانکردووەتە پۆشینی جلی کوردییەوە.

چەند ساڵ بەر لە ئێستا بۆ یەکەمجار ژنێکی هەڵەبجەیی بەناوی"دڵکەش موراد" دیزاینی نوێی بۆ جلوبەرگی کوردی دانا، ئەو کات ئەو ژنە پێیوابوو، بەو هۆیەوە دەتوانێت جارێکیتر کچانی گەنج بەرەو "پۆشینی جلوبەرگی" کوردی بباتەوە، بەڵام کەسانێکیتر گوتیان، ئەوە" شێواندنی جلوبەرگی کوردییە".

چرا ئەرگوشی، کچێکی گەنم رەنگە، وەک خۆی دەڵێت، ماوەی ١٠ ساڵە خەریکی دیزاینی جل وبەرگی کوردییە. ئەو هەندێک لەو گۆڕانکارییانەی لە جلوبەرگی کوردی کراون، بەباشی دەزانێت، چونکە کچە گەنجەکان حەزیان لە جلوبەرگی "مۆدێرنە"، بە مەرجێک ئەو گۆڕانکارییە نەگاتە سنوری" شێواندن" و لە دەستدانی رەسەنایەتی.

ئەوکچە، باس لە جلوبەرگی نەتەوەکانیتریش دەکات کە گۆڕانکاری تێدادەکرێت، بەڵام مۆرکی نەتەوەییی ئەوانی لێناکرێتەوە.

چرا، داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری دەکات "ماڵێکی تایبەت" بۆ پاراستن و ناساندنی جلوبەرگی کوردی بکاتەوە کە زۆربەی نەتەوەکان شوێنێکی تایبەتییان بۆ پاراستنی جلوبەرگی رەسەنی خۆیان دروست کردووە.

نازم نالی بەرگدروو، باس لە شارەزایی خۆی لە پیشەی بەرگدووریدا دەکات و وەک ئەو دەڵێت، ئەو پیشەیەی لە باوک و باپیرانەوە بۆ ماوەتەوە و ساڵانێکە ئەمە پیشەیەتی. نازم، دەڵێت:" لەوکاتەی گۆڕان بەسەر جلی کوردیدا هاتووە، بیانییەکانیش زیاتر حەزی لێدەکەن".

نازم، پێیوانییە کە ئەو گۆڕانکارییەی لە جلی کوردیدا کراوە، وای لەو جلە کردبێت نەناسرێتەوە، بەپێچەوانەوە خەڵکی ئارەزوو بە " مۆدێلاتی" نوێتر دەکەن. گوتیشی پێویستە دەیان "مۆدێل"ـی جلی کوردی هەبێت و هەرچوار پارچەکەی کوردستان، خاوەنی شێوازی جۆراوجۆری جلوبەرگ بن.

کەبیرە عومەر، ژنێکی دوکاندارە لە بازاڕی کاردۆ، بەجلێکی رەشەوە، لە بەردەم مەکینەکەی دانیشتبوو، رووی تێکردین و گوتی:" ئەو ماوەیە کراسی کوردیشیان لە بازاڕ وەک خۆی نەهێشتووە، تەنیا سەرەوەی کراس و هێلەگ و ژێرەکەی، دەپۆشن. دوکانەکەی کەبیرە، جگە لە جلی کوردی جلی مۆدەشی تێدا هەڵواسرابوو، وەک خۆی باسیکرد ماوەی چواردە ساڵە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی کاری بەرگدووری دەکات. کەبیرە، لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکاری زۆر لەجلی کوردیدا بەباش نازانێت، بەڵام ئاماژەی بەوەشدا کە بە هۆی گۆڕانکاری لەجلی کوردیدا، کچان زیاتر روویانکردووەتە لەبەرکردنی جلی کوردی. ئەو گۆڕانکاریی لە شێوازی جلوبەرگی کوردی بە" شێواندنی" جلی کوردی دەزانێت. لەهەمان بازاڕدا لەنجە حوسێن، خەریکی کڕینی قوماشی جلی کوردیبوو، لەنجە، تەمەنی حەڤدە ساڵە، وەک کچێکی گەنج ئارەزوو دەکات کە ساڵ لەدوای ساڵ گۆڕانکاری لەجلی کوردیدا بکرێت، چونکە لەنجە، پێیوایە گۆڕانکاری لە دیزایینی جلی کوردیدا، ئەرێنییە. ئەو گوتی:" ئێستا من و هاوڕێکانم بۆ لەبەرکردنی جلی کوردی، لە کێبرکێ داین".

**تاڤگە عەلی**

> چرا ئەرگوشی: داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری دەکات"ماڵێکی تایبەت"بۆپاراستن و ناساندنی جلوبەرگی کوردی بکاتەوە کە زۆربەی نەتەوەکان شوێنێکی تایبەتیان بۆ پاراستنی جلوبەرگی رەسەنی خۆیان دروست کردووە

www.netewe.com



Photo هێمن

www.netewe.com

# ئۆرگازمی ئافرەت Female Orgasm

دکتۆر کیسرا

بەشی دووهەم

لە مێژووی کلتووری رۆژئاوادا، هیچ شتێک بەقەد لایەنی سێکسی ئافرەت تەلەسم (ئاڵۆز) نەبووە، بە تایبەتی هەوەسی سێکسی و ئۆرگازمی ئافرەت. لە سەردەمی ئێستاشماندا و پاش ئەم هەموو پێشکەوتنە زانستیانە، هێشتا هەندێک ئافرەت هەست بە نارەحەتی و ناکاملّی دەکەن، هەر چەندە کە چێژ وەردەگرن لە سێکس بە هەوەس و فەنتازیا و سەرچاوەکانی بزواندن و قەناعەتدانی سێکسیشەوە. زانایانی سێکس و سێکسۆلۆژیستەکان ئۆرگازم وا پێناسە دەکەن، کە مومارەسەیەکە بە شەپۆلی پرچێژی وزە کە هەموو لەش دەگرێتەوە، لە پاش پەنگانەوەی خوێن لە دەزگای سێکسی و گۆی مەمکەکاندا، لە پاش ئۆرگازمیشدا یان لەگەڵیدا گرژبوونەوەی خۆنەویستانەی ماسولکەکان دەست پێ دەکات، هەروەها گۆران لە هەناسە، لێدانی دڵ، پەستانی خوێن، رەنگی پێست، سەرەرای دەردانی چەند ماددەیەکی کیمیایی کە بە شێوەیەکی کاتی ئاست و باری دەروونی بۆ هەستکردن بە خۆشی دەگۆرِن. گەلێک ئافرەت دەبینن و پەسەندی دەکەن کە وروژانی ئەندامە سێکسیەکانیان رێگایەکی باشە بۆ گەیشتن بە ئۆرگازم. بۆ هەندێکیان، وروژان زوو تاو دەدرێ بە هاندانی راستەوخۆی میتکەوە. بۆ هەندێک ئافرەتی تر، لەوانەیە میتکە یەکجار زۆر هەستیار بێت بۆ لەمس، بۆیە ئەوە پەسند دەکەن کە دەریچەی زێ و دەورووبەری بورووژێنرێ. بۆ هەندێکی دیکە، میتکە دەچێتە پاش و دیار نامینێت کە بە وروژان دەئاوسێت. بۆ هەندێکی تر، میتکە زیاتر بەرجەستە و دیار دەبێت بە وروژان و پردەبێت لە خوێن و وەکو گۆی مەمکەکان قیت دەبێت. لە هەندێک ئافرەتدا، وروژانی ئەندامە سێکسیەکان دێتە ئەنجام بە راستەوخۆ وروژاندنی کەناڵی زێ بە پەنجە یان بە چوک یان بە بازیچەی سێکسی Sex toy. گەلێک ئافرەت وا دەبینن کە دیواری پێشەوەی زێیان هەستیارە بە بوونی خاڵی G کە گەمەی زێ پرچێژتر دەکات. بۆ هەندێک ئافرەتی تر دیوارەکانی زێ وەکو ئەوەن کە هیچ هەستیان تێدا نەبێت. لە رووی توێکاریەوە، رەگە هەستیارەکانی میتکە درێژتر دەبنەوە بۆ ناو دیواری پێشەوەی زێ، بۆیە گەلێک ئافرەت پاش مومارەسە ئەم شوێنەی لە لا ئاشکرا دەبێ و چێژی لێ وەردەگرێت. لە هەمانکاتیشدا، هەندێک لەیەکنەچوونی توێکاری لە نێو ئافرەتاندا هەیە کە دەبێ بە هەند وەربگیرێن. بۆ نموونە، لە هەندێک ئافرەتدا میتکە کەوتۆتە نزیک دەریچەی زێ ئەمەش وادەکات کە میتکە بە ئاسانی و راستەوخۆ بە بردنەژوورەوەی چوک بورووژێت. لە ئافرەتی تردا، میتکە لە دەریچەی زێ دوورتر کەوتووە، واتە میتکە راستەوخۆ و بە تەواوی ناورووژێت، بە بردنەژوورەوەی چوک. لە هەندێک ئافرەتدا خاڵی G نزیکە لە دەریچەی زێ، لە ئافرەتی تردا ئەم خاڵە دوورە لە دەریچەی زێ، ئەمەش جیاوازی پەیدا دەکات لەوەی کە کام جۆری پۆزیشنی جووتبوون و بردنەژوورەوەی چوک خاڵی G و زێ بە باشی دەورووژێنێ. دەکرێ ئۆرگازم رووبدات بەبێ هیچ وروژاندن و گەمەیەک




لەگەڵ دەزگای سێکسی ئافرەتدا. گەلێک ئافرەت ئۆرگازم دەبینن بە کاردانەوە بەرانبەر بە فەنتازیا یان خەونی سێکسی. گەلێک ئافرەتیش ئۆرگازم دەبینن لەو کاتەی کە شوێنەکانی دیکەی لەشیان دوور لە دەزگای سێکسی دەوروژێنرێن. لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە کە ئەو ئافرەتانەی دووچاری زەبری پشت یان بریندارببوونی پەتکە دەمار بوون کە هەست بە هیچ جۆرێک لە دەزگای سێکسیاندا نەماوە، هێشتا هەر دەگەن بە ئۆرگازم، بزانە توانای ئافرەت تا کوێیە بۆ گەیشتن بە چێژی ئۆرگازم. ٢٥٪ی ئافرەتان لە کاتی ئۆرگازمدا پرژانی شلەیەکی وەکو پێش پرژانی پیاو دەبینن کە زۆر سەرچاوە بە پرژاندنی ئافرەت ناوزەدی دەکەن، ئەگەر ئەم ئافرەتانە هەوڵی راگرتنی ئەم پرژانە بدەن، ئەوا چێژی ئۆرگازمەکەیان لێ دەروات. هەندێک ئافرەت، تەنیا یەک ئۆرگازمی چڕ لە یەک کرداری سێکسیدا دەبینن، بەڵام زۆریان توانای ئەوەیان هەیە کە لە تەنیا یەک کرداری سێکسیدا پتر لە یەک ئۆرگازم (فرەئۆرگازم) ببینن.

www.netewe.com





# مووی زیاد لەروخساری ئافرەتدا

## بە لەیزەر یان حەب و دەرمان چارەسەر دەکرێت؟

هەولێر

" لەگەڵ ئەوەی چەندجارێک حەب و دەرزیم بەکارهێناوە، تائێستاش دوو جار (لێزەر)ـم بەکارهێناوە، بەڵام سوودی نەبووە. بەراستی نازانم روو لەکوێ بکەم؟". ئەمە قسەی ساکاری، تەمەن ٣١ ساڵ بوو، کە لە ژووری پێشوازی نۆرینگەیەکی پزیشکی دانیشتبوو و چاوەڕێی چوونە ژوورەوەی دەکرد. ئەو گوتی مووی روخساری زۆرەو دەبێ "سێ رۆژ جارێک" لای ببات.

گرفتی زیادبوونی مووی روخساری ئافرەت، بە یەکێک لەو گرفتانە دادەنرێت کە رێژەیەکی زۆری ئافرەتان لە سەرانسەری جیهان پێوەی دەناڵێنن، تا ئێستا لەلایەن پزیشکانەوە چارەسەرێکی ریشەیی، بۆ نەدۆزراوەتەوە. ئەمەش بووەتە مایەی نیگەرانی و ئاڵۆزی باری دەروونی ئەو ئافرەتانەی کە دووچاری ئەم حاڵەتە بوون. سەنتەرەکانی جوانکاری، بەیەکێک لە گرنگترین ئەو کەناڵانە دادەنرێت کە ئافرەتان بۆ چارەسەرکردن، رووی تێدەکەن، بەڵام پزیشکانی پسپۆڕانی بواری نەخۆشییەکانی پێست، چارەسەرکردنی موو لەو سەنتەرانەدا بە هەڵە دەزانن.

### هۆکارەکانی توشبوون

د. بان ئەنتوان، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست، زۆربونی هۆرمۆنی پیاوانە لەژناندا، بەهۆکار دەزانێت و ئەمەش لەرێگەی دروستبوونی جۆرێکی غودەی سەر گورچیلەوە بەناوی"کەڤور"ـی پێکدێت، کە وادەکات موو لە روخساری ژناندا زیاد ببێت.

د. بان ئەنتوان، تێکچونی هێلکەدان و خانەکانی هۆڕمۆنی، کە پەیوەندیی بە بۆماوە و جۆری پێستەوە هەیە، بە هۆکارێکی تری ئەم گرفتە دەزانێت و دەڵێت:" بەکارهێنانی هەندێ دەرمان هۆکارن کە ژنان بەبێ رێنمای پزیشک بەکاریان دەهێنن و لەگەڵ ئەوەشدا، دڵەڕاوکێ و پاڵەپەستۆی ژیان و ناڕێکی باری دەروونیش، هۆکارێکی دیکەی دروست بوونی موون.

لەبارەی جۆری چارەسەرکردن، ئەم پسپۆڕە پێچەوانەی زۆر لە پزیشکەکانیتر، بەکارهێنانی لێزەر بەگونجاو دەزانێت و دەڵێت" بەکارهێنانی تیشک هیچ کاریگەری خراپی نییە و ئافرەتی سکپڕیش دەتوانێ بەکارییبهێنێت، بەڵام دەبێت لەژێر چاودێری پزیشکدا بێت و نابێت لە سەنتەرەکاندا ئەو کارە ئەنجام بدرێت".

لەبارەی بەکارهێنانی تیشک بۆ چارەسەرکردنی موو لە سەنتەرەکاندا، خاوەنی یەکێک لە سەنتەرەکانی جوانکاری، کە نەیویست ناوی خۆی بڵێت، بەگوتەی خۆی ماوەی پێنج ساڵە لەم سەنتەرەدا کار دەکات و لە وڵاتانی عەرەبی راهێنانی بۆ ئەم مەبەستە کردووە، دەڵێت:" نابێت بۆ چارەسەرکردنی موو، ئەم کارە لە سەنتەرەکاندا بکرێت. وەک ئاماژەیدا:" قسەی پسپۆڕەکان راستە، کە دەڵێن نابێت چارەسەری موو لە سەنتەرەکاندا بکرێت. خاوەنی سەنتەرەکە، دەڵێت:" لەکاتی یەکێک بۆ چارەسەرکردن دێتە لامان، پێیدەڵێین، کە پێویستە سەردانی پزیشک بکەیت. ئەوان کاتێ لەلایەن پزیشکی تایبەت رێنمای دەکرێن کە پێویستە تیشک بۆ چارەسەری موو بەکاربهێنن، ئەوکاتە ئێمە لە سەنتەردا بەتیشک چارەسەری بۆ دەکەین".

**گرفتی زیاد بوونی موو تا ئێستا لەلایەن پزیشکانەوە چارەسەرێکی ریشەیی، بۆ نەدۆزراوەتەوە. ئەمەش بووەتە مایەی نیگەرانی و ئاڵۆزی باری دەروونی ئەو ئافرەتانەی کە دووچاری ئەم حاڵەتە بوونە**

### گرفتی تووش بووان

بەهار موزەفەر، کە لە سەنتەرێکی جوانکاری، بۆ چارەسەرکردنی مووی روخساری دانیشتبوو، گوتی:" جاری سێهەمە تیشک بەکاردەهێنم و

نابێت لێزەر بەبێ ڕاوێژی پزیشکی پسپۆڕ بەکار بهێنرێت



د. بان ئەنتوان بەهنام

www.netewe.com









هەستدەکەم ڕێژەی مووەکانم بەرەو کەمبوونەوە چووە". لەلایەکی دیکەوە شاناز ئەحمەد، دەرچووی کۆلێژ و تەمەن ٢٦ ساڵ زیادبوونی موو لە روخساردا بەناشیرین دەزانێت، چونکە شێوەی "نێرینە"ـی پێ دەدات، لەبەر ئەوە هەوڵدەدات بەزووترین کات مووە زیادەکانی لابدات. هاوکات ژنێکی دیکە بە ناوی ساجیدە، کە بۆ لادانی مووی روخساری، سەردانی سەنتەرێکی کردبوو، دەڵێت:" بەهۆی زیادبوونی مووەکانی دەمووچاوم، کێشەیەکی ترم بۆ دروست بووە ئەویش بێنوێژم وەستاوە".

پزیشکە تایبەتمەندەکان، هۆکارێکی تری زیادبوونی موو، بەتێکچوونی هۆرمۆن دەزانن و ئەوە دەخەنە ڕوو کە ئەگەر هۆرمۆنی پیاوانە لە لەشی ژناندا زیادی کرد، مووی روخسار زیاد دەکات و لەگەڵ ئەوەشدا رەنگەکەشی تۆخ دەبێت. لەم حاڵەتەدا پێویستە تووشبوو، سەردانی پزیشکی پسپۆڕی ئەو بوارە بکات و تاقیکردنەوەی پێویستی بۆ بکرێت.

## قۆناغەکانی موو

د.بان، قۆناغی زیادبوونی موو بۆ سێ قۆناغ دابەشدەکات ئەوانیش ئەناجین فەیس، تیلۆجین فەیس و کاکاجین فەیسە. ئەو پسپۆڕە دەڵێت:" لە ٨٠٪ی موو، لە ئەناجین فەیسە کە پێیدەڵێن قۆناغی گەشەی موو. بۆچارەسەرکردنی گرفتی ئەو حاڵەتەش سوود لە لەیزەر وەردەگیرێت. قۆناغی تیلۆجین فەیس و کاکاجین فەیس، بۆچارەسەرکردنی موو لەو قۆناغەدا ناتوانرێت سوود لە لەیزەر وەربگیردرێت و باشترین رێگە بۆ ئەو حاڵەتە سوود وەرگرتن لە حەب و دەرمانە".

پزیشکی تایبەتمەند، بان ئەنتوان بەهنام، دەڵێت:" بەگشتی لەشی ئافرەت و پیاو، مووی هەیە. ئافرەت دەبێ تەنیا موو لەبن باڵی و ناوچەی تەناسولی، هەبێت. نابێ وەک پیاو، مووی ئەستووری لە هێڵی سک و دەور وپشت و مەمک و رومەت و سمێلی بێت. ئەم حاڵەتش بۆ زۆری رێژەی هۆرمۆنی ئەندرۆجین، دەگەڕێتەوە".

بەبۆچوونی ئەو پسپۆڕە، رێژەی موو، لەو کەسانەی کە رەنگی پێستیان ئەسمەرە، بە بەراورد لەگەڵ ئەوکەسانەی کە سپی پێستن، زیاترە. رێژەی موو لە ئافرەتی قەڵەو لە ئافرەتی لاوازیش زیاترە.

## چارەسەر کردنی موو

د.بان، بۆ چارەسەرکردنی مووی زیاد لە روخساری ژناندا، باس لەوە دەکات کە ئەو نەخۆشانەی کێشەی تێکچونی هۆرمۆن و گرفتی هێلکەدانیان هەیە، دەبێ زوو چارەسەر بکرێن، چونکە کێشەی سووڕی مانگانەی بۆ دروست دەبێت، بەڵام دەبێت ئەمە لەبەرچاو بگیردرێت کە ئافرەتی واش هەیە، شووی کردووە کێشەی نەزۆکی توش بووە، بەو هۆیەوە کێشەی زیادبوونی موی بۆ دروست بووە. وەک د.بان، ئاماژەیدا ئەو ئافرەتانەی مووی زیادیان لە لەشدا دەردەچێ، پێکهاتەی لەشیان وەکو پیاوی لێدێت و سینگیان بچوک دەبێتەوەو ماسولکەکانیان بەهێز دەبێت، ئەم حاڵەتە پێویستی بەچارەسەرە، بەڵام جۆرێکی تر هەیە کە هیچ لە هۆکاری تووشبوونی دیار نییە، هەتا بە ئەنجامدانی سۆنەریش ناتوانرێت هۆکارەکە دەستنیشانبکرێت. د.بان، بەگشتی، رێگەی بەکارهێنانی کیمیایی، یان حەب و دەرمان، بەهۆکاری چارەسەرکردنی موو دەزانێت کە بەکارهێنانی حەب و دەرمان، هۆرمۆنی نێرینە لە ژندا تێکدەشکێنێت. ئەوە رێگەیەکی دیکەش بەباش دەزانێت ئەویش بەکارهێنانی لەیزەرە.

بەکارهێنانی هەندێ دەرمـــان هـۆکـارن کـە ژنـــان بـەبێ ڕێـنـمـای پزیشک بـەکـاریـان دەهێنن و لەگەڵ ئەوەشدا کـە دڵـــەڕاوکـێ و پـاڵـەپـەسـتـۆی ژیـــان و نـاڕێـکـی بـاری دەروونـیـش، هۆکارێکی دیکەی دروســـت بـــوونـی موون.

لـەبـارەی جـۆری چـارەســەرکـردن، ئـــەم پـــســـپـــۆڕە پـێـچـەوانـەی زۆر لە پزیشکەکانیتر، بەکارهێنانی لێزەر بەگونجاو دەزانێت و دەڵێت" بەکارهێنانی تـیـشـک هـیـچ کـاریـگـەری خراپی نییە و ئـافـرەتـی سکپڕیش دەتوانێ بـەکـاریـبـهـێـنـێـت، بـەڵام دەبێت لەژێر چاودێری پزیشکدا بێت و نـابـێـت لە سەنتەرەکاندا ئەو کارە ئەنجام بدرێت"



شیلان یاسین

# چۆنیەتی مەساجکردنی دەمووچاو

# ‼ بۆ ژنانی ماندوو هەفتەی دووجار پێویستە ‼

هەولێر

مەساجی دەمووچاو، یەکێکە لەو لایەنانەی کە ئافرەتان بۆ جوانکردنی پێستی روخسایان گرنگییەکی تایبەتی پێدەدەن و بەو هۆیەوە رۆژانە روودەکەنە سەنتەرەکانی جوانکاری دەمووچاو.
هەر لەو بارەیەوە، خاوەنی سەنتەری جوانکاری رۆنیاز بۆ وارڤین، تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی مەساجکردنی روخساری ژنان و ئەوە دەخاتە ڕوو کە ژنانی کوردستان بە کەمی مەساج دەکەن. لەکاتێکدا هەندێ لەو ژنانەی لە مەساجکردندا بەردەوامن، ئاماژە بەوە دەکەن کە روخساریان جوانتربووە.

## چۆنیەتی مەساج کردن

مەساج، چەند جۆرێکی هەیە لەوانەش مەساجی لەش و قژ و دەمووچاوە، خاتوو چرۆ ئیسماعیل، خاوەنی سەنتەری جوانکاری رونیاز، سەبارەت بە قۆناغەکانی مەساجی دەمووچاو دەڵێت:" لەسەرەتادا بەئامێری هەڵم لە دەمووچاو دەدرێت، دواییش بەهێواشی دەمووچاو دەشێلدرێت و بەو هۆیەوە هەرچی چەوری و رەشایەتی پێست هەیە، دەردەچێت. دوای ئەوەی کە پێستەکە بەباشی، نەرم دەبێت و کونیلەکانی پێست گەورە دەبن، بەچەند کرێمێک و پارچەیەک شاش، ماسکێک لەسەر پێستی دەمووچاو دروست دەکەیت، تا پێستەکە توند بێتەوە. ئەو کرێمانەی کە بۆ پێستەکە بەکاری دەهێنیت، دەبێ بەپێی جۆر و پێویستی پێست بێت. بەم شێوەیە دەمووچاو لە نێو ماسکەکەدا بۆ ماوەی ٢٠ خولەک دەهێڵدرێتەوە".
چرۆ دەڵێت:" لەکوردستان زۆر بایەخ بە مەساجی دەمووچاو نادرێت، ئەمەش بۆ نەبوونی شارەزاییەکی تەواو لەسەر سوودەکانی مەساج دەگەڕێتەوە".
شارەزایانی بواری جوانکاری پێست، پێیانوایە جگە لەوەی مەساجکردن جوانی بەپێست دەبەخشێت، بەڵام لە رووی تەندروستیەوە چەند سوودێکی هەیە وەک، چالاککردنی سووڕی خوێن، پاراستنی پێست لە چرچ بوون و وشکهەڵهاتن و کردنەوەی کونیلەکانی پێست و لابردنی رەشاییی سەرلووت و ئەو چەورییەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی زیپکە.
چرۆ دەڵێت:" زۆر جار ئافرەتان بەهەڵە لە مەساجکردن دەگەن، زۆر جار خەلکی سەردانیان کردووین وایانزانیوە کاری ئێمە لابردنی خاڵی دەمووچاوە".
لەیلا نووری، تەمەنی ٥٠ ساڵە، ئەو تەنیا بۆ جارێک مەساجی دەمووچاوی کردووە، لەوبارەوە گوتی:" من لە ژیاندا یەکجار مەساجم کردووە و ئەویش نزیکەی مانگێک پێش ئێستا دەبێت، بەڵام بڕیارمداوە بەردەوام بم، چونکە هەستم کرد لۆچی پێستم ناهێڵێت".
چرۆ، باس لەوە دەکات کە هەموو ئافرەتێک پێویستی بەمەساجە، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە ئارایشت زۆر دەکەن، یان زۆر کار دەکەن و ماندووبوونی زۆریان پێوەدیارە، پێویستە دوو هەفتە جارێک مەساج بکەن، بەڵام ئەو فرەتانەی کە ژنی ماڵەوەن، دەکرێت مانگی یەکجار، مەساج بکەن.
فرمێسک کە تەمەنی ٢٠ ساڵە و قوتابی کۆلیژی بەرێوەبردن و ئابووریە لە زانکۆی سەلاحەددین، لەوبارەیەوە گوتی:" رۆژانە مەکیاژی زۆر دەکەم، بۆیە هەرکاتێک کە هەستم کرد پێستم ماندووە و پێویستی بە مەساجە، ئەنجامی دەدەم".

جولی جەلال

شارەزایانی بواری جوانکاری پێست، پێیانوایە جگە لەوەی مەساجکردن جوانی بەپێست دەبەخشێت، بەڵام لە رووی تەندروستیەوە چەند سوودێکی هەیە وەک، چالاککردنی سووڕی خوێن، پاراستنی پێست لە چرچ بوون و وشکهەڵهاتن و کردنەوەی کونیلەکانی پێست و لابردنی رەشاییی سەرلووت و ئەو چەورییەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی زیپکە



# هەمیشە بەهار:

**ناوی کوردی:** هەمیشە بەهار ـ گوڵ مریەم .

**ناوی زانستی:** Calendula officinalis

**خێزانی زانستی:** Compositae





**تایبەتمەندی فیزیکی:**

**بۆن:** گران

**تام :** تاڵ

**پلەی گەرمی بەرگەگر:** ((+٥ بۆ +٣٥ )) سم

**بەرزی رووەک:** (( ١٥ – ٦٠ )) سم

## گوڵ مریەم

**ناوبانگی کوردەواری :** ئەم گیایە لە کۆنەوە لەناو کورددا نەناسراوە. بەڵکو یەکێکە لە گیا تازە هاوردەکراوەکان، کە بە زۆری لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بۆ جوانکاری رووخسار بەکاردەهێنرێت. هەمیشەبەهار لای ئەورووپییەکان بە Marigold، واتە: زێڕی مریەمەی موقەددەس ناسراوە و لە کۆنەوە بە گیایەکی پیرۆز دانراوە. بۆیە مەزهەبە ئەورووپییەکان گرنگییەکی زۆر بە چاندنی ئەم گوڵە دەدەن. ئەم گیایە هەمیشە گولێکی زەردی جوان دەگرێ و زۆربەی وەرزەکانی ساڵ سەوزە. هەر بۆیە لە کوردستاندا بە ((هەمیشە بەهار)) ناودێر کراوە.



**ناوبانگی پزیشکی گیایی :** Calendula officinalis بەناوبانگترین گیای بەکارهاتووی پزیشکی گیایی ئەورووپییە لە بواری چارەسەرکردنی پێستی هەوکردوو و ئاوساو Dermatitisدا. لە گرنگترین بەشە بەکارهاتووەکانی ئەم گیایە گوڵەکەیەتی کە ئێستا ئەم ماددانەی لێ ئامادەکراوە: Trialribin، Setrolate & Carotine . بۆیەش دەتوانرێ وەک: دژە هەوکردن anti inflammatory، دژە کەشەنگ بوونی ماسولکە anti spasmine، دژە خوێنبەربوونanti hemorrhage، دژە ژەهراویبوون anti toxicityو هەوکردنەکانی کۆئەندامی هەرس GIT inflammationبەکار بهێنرێت. ئەم گیایە کاریگەرییەکی ئەرێنی و زۆر گرنگی هەیە لە چارەسەر کردنی ئازاری مەمک و برینداربوونی گۆی مەمکی ئەو دایکانەی کە شیر بە منداڵەکانیان دەدەن. لێکۆڵینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە کە Calendula officinalis رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە زیاد کردنی هۆرمۆنی مێینە Estrogen و کەمکردنەوەی ئازاری سووڕی مانگانە و رێکخستنی خوێنبەربوون بە هۆی ئەم سووڕەوە.

www.metewe.com

# کوبەی یەخنێ





ئامادەکردنی:

ئیعتیماد ئیلیا یوسف

## کەرەستەکان

½ کیلۆ برنج+ ½ کیلۆ گۆشتی سوور

½ کیلۆ قیمە

٣ سەلک پیاز بۆ شلە

¼ نۆک بۆ ناو شلە

½ کیلۆ گۆشتی بەرخ پشت یان پەراسوو بۆ ناو شلەکە بە ئارەزووی خۆتان لەگەڵ

کەوچکێکی کوپی بەهارات بۆ ناو شلەکە

¼ کەوچکی کوپ بیبەری ڕەش

هەندێک برنج بۆ ناو شلەکە

هەرسێکیان بە پێی پێویست خوێی تێدەکرێت

www.netewe.com

## چۆنیەتی ئامادەکردنی

سەرەتا رۆژێک پێشتر نۆکەکە لە ئاو دەکرێت، پاشان دوای شوشتنەوەی نۆکەکە لەگەڵ گۆشتی بەرخ و پیاز و برنجەکە لە مەنجەڵێکدا دەخرێتە سەر ئاگر، ماوەی ٢٥-٣٠ تا خولەک بەکوڵ دێت. پاشان پێویستە برنجی کوبەکە ماوەی سەعاتێک لە ئاو بکرێت، دواتر لەگەڵ گۆشتە سوورەکە لە مەکینە یاخود بە ئاون دەکوترێت تا وەک هەویری لێدێت.

ئینجا قیمەکە لە گەڵ ٣ پیاز ورد دەکرێتە ناو قیمەکە. ئینجا قیمەکە دەگرێتە ناو هەویرە ئامادە کراوەکە لە شیوە کوبەی بچوک.

## تێبینی

پێشتر شلەکە ئامادە دەکرێت پاشان کوبەکە دەخرێتە ناو شلەکە بۆ ماوەی ٢٥-٣٠ خولەک دەکوڵێت. خواردنەکە ئامادەیە و لە قاپێکی گەورەدا بەگەرمی پێشکەش دەکرێت.



www.netewe.com

# ok Program ok

## چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد:

لە منداڵییەوە حەزم لە کاری بێژەری کردووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بینیم کە بۆشاییەکی گەورە لە کەناڵەکان بۆ ناساندنی کلتوورو مێژوو رۆشنبیری کریستیانەکانی کوردستان هەیە، ئەوکات بەرنامەیەکم بەناوی سورایا لە کوردستان تیڤی پێشکەش کرد.

## ناوی بەرنامەی ئێستات و پێناسەیەکی کورتی بەرنامەکەت

بەرنامەی ok، دووهەفتە جارێک، رۆژانی دووشەممە کاتژمێر٨.ی ئێوارە بەکاتی هەولێر، لە کەناڵی کۆرەک تیڤی پێشکەش دەکرێت. بەرنامەکە چەند برگەیەک لە خۆدەگرێت، برگەکان گەنجانەن و تێیدا مۆدە و ستایلی نوێی، بە بینەران دەناسێندرێت.

ئامانجی بەرنامەکەم ئەوەیە کە بتوانم زیاتر هانی گەنجانی کوردستان بدەم، تا بە مۆدە و ستایلی نوێ ئاشنابن و واز لە ستایلی کۆن بهێنن.

**ناو:** جولی جەلال

**رەگەزنامە:** لە عەینکاوە لە دایکبوومە و کریستانم و دایکم خەڵکی عەینکاوەیە و باوکیشم خەڵکی شەقلاوەیە.

**باری خێزانی:** شووم نەکردووە و بنەماڵیەکی شەش کەسین، دایک و باوکم و خوشکم و من و دووبرام.

**ئاستی خوێندەواری:** قوتابی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر بەشی راگەیاندن- لقی رادیۆ و تیڤی، دەمەوێت بەئەکادیمیانە کار بکەم.

**شوێنی نیشتەجێبوون:** عەینکاوە




## خۆشترین ١٠ گۆرانی بە رای تۆ:

1. شەکیرا: وێنەڤە
2. ئێنریکی ئیگلاسیس: هیرو
3. زەکەریا: بۆچی هاتی
4. حەسەن غەفور: سەرهەڵێنە
5. زیاد ئەسعەد: پێی بلێن.
6. ڤیرا: اللقاء الاول
7. باخان: کەس لە ئیشق
8. رۆژ کەریم: تاکەی
9. میرا: ببورە
10. شیرین: کنت عارفە

## نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست!

پوورم، زۆر خۆشمدەوێت و زۆر یارمەتی منی داوە. وەک هاورێیەک لەگەڵ من دەژیت و لەزۆر شتدا پرس و راوێژم بەو کردووە. لەبەرنامەکانیشدا زۆر بیرۆکەی نوێم، دەداتێ.

www.metewe.com



# ئەستێرەکان دەدوێن

## کاوڕ



٣-٣٠-٣/٢١

تواناکانتان بەکاربێنن بۆ ئەوەی بتوانن داهێنانی باشتربکەن. لە ژیانی تایبەتیتاندا، پێویستتان بەهەندێک گۆرانکارییە، رەنگە ئەم مانگە کاتێکی گونجاو نەبێت بۆ گوزارشتکردن لە بیروڕاکانتان. گرنگترین رۆژتان لەم هەفتەیەدا، شەممەیە.

## گا



٥-٢٠-٤/٢١

لە هەڵسەنگاندنی کاری کەسانیتردا زێدەرۆیی مەکەن، گۆرانکارییەکی بەرچاو لە کەسایەتیتاندا، روودەدات. لە رێگەی کارەکانتانەوە چەند کەسانێکی نوێ دەناسن، هەوڵدەدن یارمەتی ئەو کەسانە بدەن کە پێویستییان بە هاوکاری ئێوەیە، گرنگترین رۆژتان لەم هەفتەیەدا، سێشەممەیە.

## دوانە



٦/٢١-٥/٢١

مەهێڵن هەڵچوونەکانتان کاریگەریان هەبێت لەسەر لایەنەکانیتری ژیانتان، ئەم مانگە پێشبینی چەند گۆڕانکارییەک بکەن لەبواری کارکردنتاندا. رێگە بە کەسانیتر مەدەن دەستخەنە تا یبە تمە ند ییە کا نی ژیانتانەوە، گرنگترین رۆژتان لەم هەفتەیەدا، یەکشەممەیە.

## قرژاڵ



٧/٢٢-٦/٢٢

کارکردنتان لەبواری ئابووریدا پێویستی بە هەندێک گۆڕانکاری هەیە، بۆئەوەی زۆرترین پارە قازانج بکەن پێویستە شێوازی کارکردنتان بگۆرن. بەهۆی پەیوەندییە تا یبە تیە کا نتا نە وە، لەکۆتاییی ئەم مانگەدا کێشەیەکتان بۆ دروست دەبێت، گرنگترین رۆژتان لەم هەفتەیەدا، دووشەممەیە.

## شێر



٨/٢٢-٧/٢٣

کەسێکی نزیکتان ئاگای لەهەموو گۆڕانکاریەکانی ژیانتانە، گرنگیدانتان بەبواری ئایین و فەلسەفە رێگاکانتان دەستنیشان دەکات. پێویستە کەمتر بیربکەنەوەو لەبری ئەوەش کارەکانتان بە پراکتیکی جێبەجێبکەن. کەمێک دەست بە پارەوە بگرن، گرنگترین رۆژتان لەم هەفتەیەدا، چوارشەممەیە.

## گوڵەگەنم



٩/٢٢-٨/٢٣

لەبەرگریکردن لە کەسانیتر مەترسن، هەستی کەسانی نزیک لەخۆتان بریندار مەکەن. ئەو قەرزانەی کە لەسەرتانە بە زووترین کات بیگەرێننەوە بۆ خاوەنەکەی. بەهۆی سەرکەوتننتان لەکارەکانتاندا بەردەوام دەبنە جێگای سەرنجی هاوکارەکانتان لە بواری کارکردنتاندا. گرنگترین رۆژتان لەم هەفتەیەدا، پێنجشەممەیە.

## تەرازوو



١٠/٢٢-٩/٢٣

پێویستە بۆ ماوەیەک بەتەنیا کات بە سەربەرن بۆ ئەوەی بتوانن بڕیار بدەن لەسەر ئەو کارەی کە دەتانەوێت ئەنجامی بدەن، ئەم ماوەیە پێویستە زۆر ئاگاداری باری تەندروستیتان بن.

## دووپشک



١١/٢١-١٠/٢٣

ئاگاداری باری ئابووریتان بن رەنگە ئەم مانگە تووشی قەیرانی دارایی ببنەوە، لەڕووی سۆزدارییەوە لەبارێکی ئارامدان، هاورێیەکی نزیکتان تووشی کێشەیەکتان دەکات.

## کەوان



١٢-٢١-١١/٢٢

گوزارشتکردن لەخۆتان بەهۆی چەند رێگایەکی جیاواز ئەنجامێکی باشی دەبێت لە ژیانتاندا، لەم مانگە لەگەڵ چەند کەسانێکی نوێ ئاشنایەتی پەیدادەکەن، ئەندامانی خێزانەکەتان نیگەرانن بە دوورکەوتنەوەتان لێیان، هەوڵبدەن لێیان نزیک ببنەوە.

## گیسک



١/١٩-١٢/٢٢

ماوەیەکە لەڕووی دەروونییەوە هەست بە نائارامی دەکەن، بەهۆی گرنگیدانتان بەکاروباری خێزانەکەتان، ژیانی تایبەتیتان فەرامۆش کردوە. لەکۆتاییی ئەم هەفتەیە گەشتێک دەکەن بەهۆیەوە چەند کەسانێک دەناسن.

## سەتڵ



٢/١٨-١/٢٠

لەڕووی سۆزدارییەوە لەگەڵ خۆ شە و یستە کە تا ن هەست بەئارامی دەکەن، هەوڵبدەن سەردانی ئەو هاورێیانەتان بکەن کە باری تەندروستیان باش نییە.

## نەهەنگ



نەهەنگ ٢/١٩-٣/٢٠

لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا گۆڕانکارییەکان بەدڵی ئێوە نابێت، هەوڵبدەن زۆرترین کاتتان لەگەڵ خۆشەویستەکەتان بەسەر ببەن تا بارودۆخەکە ئارام دەبێتەوە، گرنگترین رۆژتان لەم هەفتەیەدا، پێنج شەممەیە.

www.netewe.com



www.netewe.com

هونەرمەند:

# ئایفەر دوزداش




نازناوی هونەری" ئێران خانم"ە و ناوی راستەقینەی" ئێران موجەرد"ە. پاش ئەوەی لە رادیۆی ئورمێ دەستی بەکار و تۆمارکردنی گۆرانییەکانی کردووە، لەلایەن بەرپرسانی رادیۆ و هونەرمەندانی دیکەوە نازناوی "خانم"ی لەسەر دانراوە.

خانمی دەنگخۆش ئێران، لەساڵی١٩٥٠-١٩٥١ لە بنەماڵەیەکی جووتیار و هەژار لەدایک بووە. ئێران، لە گوندی ئینکەسوی هەرێمی برادۆست لەدایکبووە. ناوی باوکی عەبدولڕەحمان و دایکیشی ناوی پەرێشان بووە. وەک دەگوترێت "پەریشان ژنێکی دەنگخۆش بووە" ئەوەش وەک میراتێک بۆ ئێرانی کچی ماوەتەوە. جگە لەوەش سروشتی دەستلێنەدراو و رەنگینی هەرێمی برادۆست کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر حەز و خۆشەویستی ئێران بۆ هونەر و گۆرانبێژی داناوە

# ئێران خانم: یەکەمین ژنی گۆرانیبێژ لە رۆژهەڵاتی کوردستان

کاتێک ناوی ئێران خانم بەبیر دێتەوە، یان کەسێک لەسەر کار و ژیانی داوای زانیاریم لێ دەکات، تەزوویەکی سارد بە لەشمدا دێت، چونکە بەمنداڵی ناوی ئێران خانم بیستبوو. ئەو وەک خانمێکی گۆرانیبێژ، دەنگخۆش لەناو گەلدا رێزێکی زۆری هەبوو، بەڵام زۆر کەسیش هەبوون سووکایەتییان پێ دەکرد، کچە گوندییەکان دەیانگوت:" مەگەر ئێران خانم شەرم ناکات لە ناو پیاوان و لەرادیۆدا گۆرانی دەڵێت...". بەڵام جێی سەرنج بوو، کە تەواوی ژنان و کچانی هەرێمەکانی ئورمێ، سۆما، برادۆست، سەڵماس، دەشتەبێل، خۆی، ماکۆ، زیندەشت و بازرگان زۆر حەزیان لەدەنگی ئێران خانم بوو. کاتێک گوێیان لەگۆرانییەکانی دەگرت، بیستنی دەنگی، گوێگرانی بۆ نێو دنیای خەم و مەینەتەکان، دەگەڕاندەوە.

لە نەوەدەکان، کاتێک لە شاری تەورێز دەرسم دەخوێند هەرکات دەرفەت هەبایەت زوو دەگەڕامەوە بۆ شەقامی ئیسلام ئابادی ئورمێ و تەنیشت" گرە کۆ"، گردی جوولەکەکان دووکانێک لەسەر رێگا سەرەکییەکە بوو. ژنێک کە دووکانەکەی بەڕێوە دەبرد، سەری بە هەورییەکی رەش بەستبوو و جلوبەرگی کوردی لەبەر بوو، ئەو بە زارێکی پڕ لە پێکەنینەوە لەگەڵ موشتەرییەکانی قسەی دەکرد و بەڕێی دەکردن. کاتێک مرۆڤ بەوردی سەیری روخساری دەکرد، لەگەڵ ئەوەدا کە تەمەنی ٥٠ ساڵیی تێپەڕاندبوو، جوانییەکی تایبەت بە سیمایەوە دەبینرا. قسەخۆش بوو، زۆر بە رێزەوە وەڵامی داواکارییەکانی خەڵکی دەدایەوە. ئەو خانمە هەمان ئێران خانمی گۆرانیبێژ بوو، کە من چاوەڕوانم نەدەکرد رۆژێک لە رۆژان ئاوەها بە سادەیی و لە نزیکەوە بیبینم. لە چاو و روخساریدا هەزاران قسەی نەبیستراوی حەشار دابوو، دیار بوو کە چیرۆکی ژیانی هێشتا لەلایەن هیچ کەسێکەوە نەبیسترابوو و نەنووسرابوو.

پێشتر لە چەند کەسم بیستبوو دەرگای دڵی خۆی بۆ کەس ناکاتەوە. ئەوەبوو کە ژنێکی ناودار و دەنگخۆش، بەبێ ناوونیشان سەری نایەوە. من خۆمم بەکەمتەرخەم دەزانی، چونکە لەوانەبوو بەهۆی خزمێکم بمتوانیبا وتوێژێکی لەگەڵدا بکەم، بەڵام نەمکرد. چارەنووسی ئێران خانم،" لەو کۆمەڵگە دواکەوتووەدا" کۆتایی هات.

لەو ساڵانەدا کە ئورمێم جێهێشت و هاتمە ئەورووپا، زۆر هەوڵمدا بە هاریکاری هەڤاڵانم هەڤپەیڤینێکی لەگەڵدا چێ بکەم، بەڵام لەژێر ستەم و ترسی بەرپرسانی حکوومەتی ئێراندا لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کەس جورئەتی نەکرد، ئەو ئەرکە نەتەوەییە ئەنجام بدات. دواتر من زانیم کە ئێران خانم،ماڵئاوایی لە ژیان کردووە و حەسرەتی دیداری دووبارەی لە دڵمدا مایەوە.

تافی منداڵی و گەنجێتی ئێران خانم، لە گوند دەرباز بووە و ئەو بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی لەناو گەورەماڵانی هەرێمەکەدا کاری کردووە. ساڵانێکی دوور و درێژ لەماڵی خانمی "کیشوەر مامەدی"دا وەک کچێکی ماڵ کاری کردووە. بەپێی ئەو شاهیدانەی کە ئەوکات لە نزیکەوە ئێران خانمیان بینیوە، کچێکی زۆر هێژا و شیرین و دەنگخۆش بووە. زۆرجاران لە تەمەنی گەنجی خۆیدا لە دیوانی گەورە ماڵاندا گۆرانییە پیاوانەکانی گوتووەتەوە.

لەو ساڵانەدا دەنگی ئێران خانم شایی و داوەتەکانی خەمڵاندووە و کەم داوەت هەبووە کە ئەو تێیدا بە جلووبەرگی رەنگین و گۆرانیە خۆشەکانیەوە بەشداری تێدا نەکردبێت. ئێران خانم پاش ئەوەی لەگەڵ" سەعید"ناوێک زەواج دەکات، لە گوندی سۆمانئاوا نیشتەجێ دەبێت و بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە. لەو گوندە بەهاریکاری مێردەکەی باشتر لە ساڵانی پێشوو کاری گۆرانیبێژی درێژە پێدەدات. مێردەکەی رێی لێ ناگرێت و ئەو هاوکارییەش شیرینی پێکەوە ژیانیان زیاتر دەکات.

## لە رادیۆی کوردی ئورمێ

لە ساڵی١٩٦٩ بەدواوە رادیۆی شارەکانی ئورمێ، تاران و کرماشان پرۆگرامی کوردی- زاراوەی کرمانجییان هەبووە، بەڵام ماوەی پەخشیان لە نیو کاتژمێرەوە بۆ ٢ کاتژمێر گۆڕدراوە. پاش

www.netewe.com

دامەزراندنی بەشی کوردی رادیۆی ئورمێ، ئیتر دەنگی گۆرانبێژانی کرمانجی دەگەیشتە باکوور و باشووری کوردستان، ئەوکات ژنی گۆرانیبێژ لە رادیۆکاندا نەبوون. ئێران خانم لە هەرێمەکەدا ژنێکی ناسراو بوو. لەسەر داواکاری گۆرانبێژانی وەک" حەمید یوسفی، موستەفا عەلیزادە، ئیبراهیم نەورۆزی و هەروەها گرووپی مۆسیقای رادیۆ" ئێران خانم، لەساڵی ١٩٧١دا لە رادیۆی ئورمێ بەشێوەیەکی فەرمی دەستی بە گۆرانیبێژی کرد. ئێران خانم لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکەمین ژنی کوردە کە بە زاراوەی کرمانجی سەروو گۆرانی گوتووە و دەنگی لە رادیۆ تۆمار کردووە.

جێی ئاماژەیە، کە ئێران بەر لەوەی کاری گۆرانیبێژی لە رادیۆدا دەست پێ بکات، ساڵانێک بوو، کە ناوبانگی دەنگی لە شار و گوندە کرمانجنشینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو ببوویەوە و هەتا لە باکووری کوردستانیش ئێران خانم، لە ناو خەڵکیدا کەسێکی ناسراو بوو. کاتێک لە رادیۆ دا دەستی بەکار کرد، ئیدی وەک کەسێکی بەناوبانگ لە هەر شوێنێکی کوردستان خۆشەویست و ناسراو بوو. لەناو کورد، میراتی ژن لە بواری هونەر و گۆرانیبێژیدا زۆر دەوڵەمەندە، بە هەزاران ژن و کچ هەبوون و ( ئێستاش هەن) کە لە بوارەکانی وەک دەنگخۆشی، داهێنان و گۆرانیبێژیدا سەرمەشقن، بەڵام لەبەر سیستەمە پیاوسالارەکان و هەندێک لە یاسای ئیسلامییە وشکەکان، دەنگەکانیان کپ بووە. لەگەڵ هەموو ئەو ئاستەنگانەدا کە لە بەردەم ژنی کورد بوون، دیسان ژمارەیەکی کەم لەو ژنانە گوێیان نەداوەتە ئەو داب و نەریتانەی لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم نەبوون. ئەوان کەلام و قەسیدەیان گوتووە، لە شایی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار بوون و شانبەشانی پیاوەکانیان شایستەیی خۆیان لە زۆر بواردا سەلماندووە. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەیدا کە بەر لە ئێران خانم، ژنی دەنگخۆش و هونەرمەند هەبووە، بەڵام ئەوان وەک ئێران خانم بەجەرگ نەبوونە و وەک ئەو نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی فەرمی کاری هونەری خۆیان لە رادیۆ و ستودیۆکان تۆمار بکەن. چونکە ئەو کارە لە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەو سەردەمەدا عەیبێکی گەورە بوو و هەمووان گاڵتەیان پێ دەکرد و بەچاوێکی سووکەوە سەیری کارەکانیان دەکرد.

بەڵام ئەو لەسەر هونەری گۆرانیبێژی خۆی پێداگر بوو. لەبەر ئەوەی بۆ ئەو سەرچاوەیەکی بژێوی بوو و هەمیش لە ناخی دڵەوە حەزی لێ دەکرد. لەسەر ئەو بنامەیەش مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کە ئێران خانم، رەوشێکی فەرمی دابووە کاری هونەری خۆی و وەک یەکەمین ژنی کوردی گۆرانیبێژ لە ناوچەی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێت. لەناو کوردەکانی پارێزگای خۆراسانیشدا ژنێک هەبووە بەناوی (بانو شێروانی) کە بە زاراوەی کرمانجی لە رادیۆی شاری مەشهەد گۆرانی چڕیوە. بەڵام نازانرێت کە ئایا بەر لە ئێران خانم، دەستی بە گۆرانی کردووە یان نا؟ بەهەر شێوەیەک بێت ئەو دوو ژنە لە ناو کوردە کورمانجەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا رچەشکێن بوون. لە ناو دراوسێکانی کورددا ئەگەر ژنێک بیویستایە ئەم کارە بکات، زەحمەت بوو کە بتوانێت لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە، بۆیە ناچار رووی لە تاران دەکرد و لەوێش بە زمانی فارسی گۆرانی دەگوت، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوان، ئێران خانم و بانوو شێروانی وەهایان نەکرد و لەناو گەلدا مانەوە. بەپێی شاهیدان و کەسانی نزیکیان هەردوو ژنەکە لە بواری ئەخلاق و پێوەرە کلتوورەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە هێژا بوون و خاوەنی کەسایەتی خۆیان بوون.

لە هەرێمی ئەردەڵانیش یەکەمین کچ کە بە زارەوەی کرمانجی ناوەراست (سۆرانی) گۆرانی گوتووە، فەتانە وەلیدی بوو، کە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ گۆرانییەکانی خۆی لە رادیۆی سنەدا تۆمار کردووە. لە ناوچەی موکریانیش مەنیج حەیران، یەکەم ژن بووە کە گۆرانی گوتووە، بەڵام بەداخەوە گۆرانییەکانی تۆمار نەکراوە.

**لەناو کوردەکانی پارێزگای خۆراسانیشدا ژنێک هەبووە بەناوی (بانو شێروانی) کە بە زاراوەی کرمانجی لە رادیۆی شاری مەشهەد گۆرانی چڕیوە. بەڵام نازانرێت کە ئایا بەر لە ئێران خانم، دەستی بە گۆرانی کردووە یان نا؟ بەهەر شێوەیەک بێت ئەو دوو ژنە لە ناو کوردە کورمانجەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا رچەشکێن بوون**

ئێران خانم لەساڵی١٩٧١ تا ساڵی ١٩٧٩ کە کۆماری ئیسلامی ئیران لەو ساڵەدا دامەزرا مانگی ٢ جار لەگەڵ کچەکەی بەناوی" گولیستان" دەچووە، رادیۆی کوردی ئورمێ و گۆرانیەکانی تۆمار دەکرد. کاتێک گۆرانیەکانی لە رادیۆوە پێشکەش دەکرد، نامەی هۆگرانی دەنگی جارلەجار زیاتر دەبوو. حەز و خۆشەویستی ئێران بۆ گۆرانی گوتن زۆر بوو، بەڵام بەرپرسانی حکوومەتی پەهلەوی، نەیاندەویست ماوەی کاری رادیۆی کوردی زیاتر بکەن. چونکە کارێکی وا رێی لە پرۆسەی تواندنەوەی زمان و کلتووری کوردی دەگرت. ئامانجی ئەوان لە دامەزراندنی رادیۆی کوردی لە ئورمێ، کرماشان و تاران ئەوە بوو، کە رێ لە کوردانی رۆژهەڵات بگرن تا تێکەڵ بە شۆرشی نەمر موستەفا بارزانی لە باشووری کوردستان نەبن.

## ناوەرۆکی گۆرانییەکانی ئێران خانم

گۆرانیبێژیی، لە هەرێمی ئورمێ تا ماکۆ و کرمانجەکانی خۆراسان لەژێر کاریگەری گۆرانیبێژیی سەرحەدی باکووری کوردستاندا بووە. ئەو کلامە کوردییانەی کە لەرێگای رادیۆی ئێریڤانەوە بلاودەکرانەوە، کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر گۆرانیبێژی کوردانی رۆژهەلات داناوە. لەبەر ئەوەش کاتێ مرۆڤ گوێ لە گۆرانییەکانی ئێران خانم دەگرێت، کاریگەرییەکی لەو جۆرەی بۆ ئاشکرا دەبێت. ناوەرۆکی زۆربەی گۆرانییەکانی ئێران خانم سەرچاوەیان لە فۆلکلۆری دەوڵەمەندی کوردستانەوە گرتووە. ئەو وەک گوتەبێژێکی گەلی هەرێمەکە گۆرانی گەلەری دەڵێت، کە باس لە کێشەکانی ناو کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە دەکات. گۆرانی وەک: عاریفۆ لاوۆ، بازۆ ئەمیرێ من، باڤێ لالۆ، دەلال ئەز حەیران، دەلال لۆ، دەلالێ مالێ، دلێ من لۆی لۆی، دۆتمام و پسمام، فلیتێ قوتو، حەدۆ رابە، کورێ خەلاقێیو دەلال، لێ لێ یەمان (دۆمامێ)، شەرێ جەز و سالیحبەگێ، یار گەورە و چەندین گۆرانی دیکە کە بە ناوەرۆک لەگەڵ ئەوەدا هەموویان گەلەرین و باس لە ئەڤین و وەفاداری ژنی کورد دەکەن، لەسەر ئاغا و مێرخاس و بەگەکانی کورد گوتراون. کاتێک ئێران خانم گۆرانی ئەڤینداری دەڵێت، هونەری گۆرانیبێژییەکەی باشتر بۆ بیسەرانی ئاشکرا دەبێت، رەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بووبێت کە ئێران لە ژیانی خێزانی و ئەڤینداری خۆیدا شکستی

www.netewe.com

هێنابێت. هەرچەندە ژمارەی ئەو گۆرانییانەی کە ئێران خانم لە رادیۆی کوردی ئورمێ تۆماری کردووە، نازانرێت، بەڵام ئەگەر لەماوەی ئەو ٨- ٩ ساڵەی کاری فەرمی خۆیدا (١٩٧١تا١٩٧٩) مانگێ دووجار چووبێتە رادیۆ، ژمارەیەکی زۆری گۆرانی تۆمار کردووە. هاوکات ئەوەش نەزانراوە کە چەند گۆرانی بێ موزیک و بە موزیکەوە تۆمار کردووە. پاش تێکچوونی رژێمی شاهەنشاهی، رژێمی ئیسلامیش دەرگای ئەرشیفی کوردی رادیۆکەی داخستووە و رێگە بە کەس نادرێت کە لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوە بکات. پێدەچێت کە بەرپرسانی حکوومەتی نوێ لە ساڵانی شەڕی نێوان کورد و پاسدارەکاندا، هەموو ئەرشیفی کەلام و گۆرانییە کوردییەکانی لەناو بردبێت. هونەرمەند ئێران خانم لە٣١ ساڵ خەباتی هونەری خۆیدا زیاتر لە ١٠٠ گۆرانی گوتووە کە لە سەرانسەری کوردستاندا بلاوبووەتەوە. ئەوە تەنیا ژمارەی ئەو گۆرانیانەیە کە بەناوی ئەوەوە لە ناو گەلدا بلاوبووەتەوە، بەڵام ئێران خانم سەدان گۆرانی فولکلۆری و گەلەری گوتووە و لە رادیۆدا تۆماری کردووە.

## چارەنووسی ئێران خانم دەگۆڕدرێت!

دوای نزیکەی ٣٠ ساڵ ژیانی هاوبەش لەگەڵ سەعیدی مێردی، کە ببوونە خاوەن کچێک و دوو کوڕ، سەعید بەپێچەوانەی ویستی ئێران خانمەوە ژنی دووهەمی هێنا. ئەوکات ماڵیان لە گوندی سۆمانئاوا بوو. ئەو رەوشە لاپەڕەی ژیانی ئێران خانمی گۆڕی و نەیتوانی دەردی هەوێ قبووڵ بکات. پاش شەڕ و پێداگرییەکی زۆر، ئێران خانم بڕیاری جیابوونەوە لە سەعیدی مێردی دەدات. پاش ئەوەش گوندی سۆمانئاوا و منداڵەکانی بەجێدەهێڵێت و ماوەیەکیش لای باوکی دەمێنێتەوە. دواتر بۆ جاری دووهەم لەگەڵ پیاوێک بەناوی"داداش ناسری" ژیانی هاوسەری پێکدێنێت و لەشاری تاران نیشتەجێ دەبێت. سێ ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و پاشان دەگەڕێتەوە سەلماس و١٥ ساڵیش لەوێ دەژیت. دواتر دێنە ئورمێ و لەگەڵ خێزانەکەیدا لە گەڕەکی ئیسلامئاباد خانوویەک دەکڕن و پێکەوە دووکانداری دەکەن. ئیتر لەو ساڵانەدا بێدەنگ دەبێت و تەنیا لە ناو بۆنە تایبەتی و خێزانییەکان و کەسانی ناسراودا دەنگی دەبیسترێت. لەو ساڵانەی کە ئێران خانم لە تاران بووە، کەس نازانێت لەکوێ بووە و چۆن ژیاوە. منداڵەکانیشی ئاگاداری رەوشی ئەوکاتی




نین! بەڵام پاشان دەرکەوتووە کە بێدەنگ نەبووە و هونەرەکەی بەشێوەیەکی شاراوە درێژە پێداوە.

لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە بێدەنگییەدا ئێران خانم، چەند کاسێتی نوێی خۆی بۆ شارەکانی باکووری کوردستان دەنێرێ، پاش بڵاوبوونەوەی کاسێتەکانی لە کوردستان و تورکیا وەها دەزانرێت کە ئێران خانم لە باکووری کوردستانە! (لەوێ دەژی)، بەڵام وەها نەبوو، ئەو لە تاران بوو. ئاشکرایە کە ئەوکات پەیوەندی ئەو لەگەڵ لایەنگرانی هونەری کوردی لە باکووری کوردستان باش بووە و کاتێک کە مافی گۆرانی گوتنی لە ئێران نەبووە، بەهێنانی کاسێتەکانی گەیاندووەتە باکووری کوردستان. ئەوەش زیاتر خۆشەویستی ئێران خانم بۆ هونەری کوردی دەسەلمێنێت. ژیانی ئێران خانم لە سەردەمی بێدەنگیدا رەنگێکی تر دەگرێتە خۆی و ئەوەش کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی گۆرانییەکانی دادەنێت و بە تەواوەتی دەیگۆڕێت. ناوەڕۆکی تەواوی گۆرانیەکانی ئێران خانم، لەدەستپێکی ژیانی لەگەڵ مێردی دووهەمیدا تا ئەوکاتەی دەمرێت، باس لە بێبەختی و زوڵمی پیاوی کورد لەژن دەکات؟! بەڵێ ئەڤینی٣٠ ساڵانی سەعید هەرگیز لەبیری ئێران خانم نەچووەتەوە. ئێران خانم لە مێردی دووهەمی کوڕ و کچێکی هەیە.

## مردنێکی گوماناوی و تراژیک

ئێران ژنێکی زیرەک و قسەخۆش بوو. تەندروستی باش بوو، لە ساڵانی دوایی ژیانیدا هەمیشە خەریکی دووکانداری بوو. لەرەوشێکی وەهادا و لە ٢٠٠١/٨/١٠ هەواڵێک لە ناو خەڵکی ئورمێدا بڵاوبووەوە کە لایەنگرانی هونەری کوردی و دۆستانی ئێران خانمی زۆر غەمگین کرد. هەواڵەکە وەها بوو:" ئێران موجەرەد بە خنکاندنی خۆی کۆتایی بە ژیانی هێنا!!". ئەو هەواڵە پرسیاری زۆری لای ئەو کەسانە دروست کرد کە لە نزیکەوە دەیانناسی.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەلای منە و لە هەڤاڵانی نزیکیم بیستووە، ئێران، کەسێکی دیندار بووە و زەحمەتە کەسێکی بڕوادار کاری وەها بکات. چونکە لەباری دەروونییەوە نەخۆش نەبوو تا مرۆڤ بتوانێت گومانێکی وا بکات و خۆکوشتنی بسەلمێنێت. لەبارەی مردنەکەیەوە شتی جۆراوجۆر دەگوترێت، بەڵام ئەوەی کە بە فەرمی لەلایەن پزیشکانی نەخۆشخانەی ئورمێیەوە گوترا ئەوە بوو:" خۆی کوشتووە...".

هۆکاری ئەو رووداوە تراژیکە وەک هەندێک لە نزیکانی ئێران خانم کە (نایانەوێت ناویان ئاشکرا ببێت) باسی دەکەن ئەوەیە:" لەم ساڵانەی دواییدا ئێران و مێردەکەی بە کاری دووکانداریی زۆر دەوڵەمەند ببوون، بەڵام منداڵانی ژنی پێشووی مێردەکەی چاویان بڕیبووە ئەو سامانەیان و شەڕیان پێ دەفرۆشتن و داوای پارە و پولیان لێ دەکردن. بە مەزندەی ئێمە کوڕی داداشی مێردی لەبەر پارە، ئێران خانمی خنکاندووە...".

بەهەرحاڵ تا ئێستا هیچ کەس شتێکی روون لەبارەی مردنەکەیەوە نازانێت و بەداخەوە لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لەبارەی هۆکاری خنکاندنەکەیەوە نەکراوە. ناوی ئێران خانم دەچێتە پاڵ ژنانێکی وەک مریەم خان، نەسرین شێروان، ئایشێ شان، گوڵبەهار، مەرزیە فەریقی، فەتانە وەلیدی و گەلێک هونەرمەندی کورد.

سەرچاوە: هەڤپەیڤین لەگەڵ خەبات برادۆستی، هەڤپەیڤین لەگەڵ گۆرانیبێژانی کورد سۆفی عەلی، عەلی حەوسەد و برا نەورۆزی و هەروەها هەڤپەیڤین لەگەڵ چەند کەسی نزیکی ئێران خانم کە رازی نەبوون ئاماژە بە ناوەکانیان بدرێت.



کاکشار ئورەمار:

www.netewe.com

# هەڵکەوت زاهیر: بە ئازادییەوە باس لە حاڵەتی نەشتەرگەری جوانکاری دەکەم

هەولێر

هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر بۆ وارڤین، هەندێ لەو مەرجانەی کە بۆ کارکردنی لەگەڵ کچی هونەرمەند هەیەتی، ئاشکرا دەکات و پەنجە لەسەر کاراکتەری هونەری، هەریەک لە هونەرمەندان هانی، لۆکە و دەشنێ، دادەنێت و لەبەرامبەردا هەرسێ هونەرمەند بۆ وارڤین، جەخت لەسەر درێژەپێدانی ستایلەکەی هەڵکەوت زاهیر، دەکەنەوە.

هەڵکەوت زاهیر، لەگەڵ ئەوەی کە بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانی کۆرەکە، موزیکژەن و ئاوازدانەریشە. جیاوازی ئەو لە هونەرمەندانی دیکە لەوەدایە کە بە شێوازێکی نوێ کاری ئاوازدانەری و نووسینی تێکستی، بۆ چەندین هونەرمەندی کچ کردووە، هەڵکەوت دەڵێت:" من لە چوارچێوەی فۆرم و ستایلە نوێیەکاندا کاردەکەم و دەمەوێت موزیکی کوردی بۆ ئاستی وڵاتانی دەرەوە بەرز بکەمەوە".

هەڵکەوت زاهیر، لەگەڵ دانانی تێکستی گۆرانی و نووسین و ئاواز دا بۆ هەندێ هونەرمەندی ژن، هەروەها چەند پێوەرێکی بۆ دەستنیشانکردنیان هەیە، بۆ نموونە هانیدەدات نەشتەرگەری جوانکاری، لە لوت و رووخسارياندا بکەن و بە ئازادییەکی تەواو لەجلوبەرگدا لە کلیپەکانیان، دەرکەون. لەو بارەیەوە هەڵکەوت زاهیر، دەڵێت:" هونەرمەند دووجار مرۆڤە، جارێک وەکو هونەرمەند و جارێک وەک مروڤ، کەسێک ئەگەر هونەرمەند بێت و لووتی گەورە بێت، زۆر ئاساییە چاکی بکات. خەڵکانێکی ئاسایی دەستیان بەم کارە کردووە و لە هەموو جیهانیش ئەم شتە باوە، کەواتە هونەرمەند کە شەو و رۆژ لە شاشەی تیڤییەکان دەردەکەوێت، مافی خۆیەتی کە سیمای لای جەماوەرەکەی جوانتر ببینرێت. ئەمەش لەلای ئێمە روویداوە و بە ئازادییەوە باسی لێوە دەکەم".



هەڵکەوت زاهیر

هەڵکەوت زاهیر، لەبارەی مەرجێکی دیکەی بۆ دەستنیشانکردنی هونەرمەندێکی کچ، گوتی کە دەبێت ئەو کەسە کاراکتەرێکی تایبەتی هەبێت و لە کەسێکی تر نەچێت.

هەڵکەوت زاهیر، کاری تێکست و ئاوازی بۆ هەریەک لە هونەرمەندان باخان، شانیا، دەشنی، چۆپی، لەیلا، مەرزیە، دڵنیا رەزازی، لۆکە و هانی، کردووە و لەنێو هەموویاندا دەڵێت:" دەتوانم بڵێم کە دەشنێ، لە فورمێکی زۆر نوێتردا کاری کردووە و بەبەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکەدا شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە و لای من پلەی یەکەمی هێناوە". لە بەرامبەردا هونەرمەند دەشنێ موراد، پێیوایە کە زۆر گرنگە ئەو کەسەی کاری لەگەڵ دەکەیت، کاراکتەرت بدۆزێتەوە. ئەو لەبارەی هەڵکەوتەوە گوتی:"م. هەڵکەوت زۆر لێمەوە نزیکە، بەڵام لەگەڵ ناسینی من، توانی دەشنێیەکی تر بدۆزێتەوە کە پێشتر، هیچ کەس منی وا نەدەناسی". دەشنێ، ئەوە دەخاتە روو کە ژیانی هەڵکەوت، تەنیا هونەرەو گوتی:" بێگومان زۆرم خۆشدەوێ، چونکە کەسێکی زۆر مۆدێرنە و تازەگەری دێنێتە ناو هونەری کوردییەوە".







هەڵکەوت، باس لەوە دەکات کە بۆ هەریەک لەم گۆرانیبێژانە ستایلی خۆی بۆ هەڵدەبژێرێت و لە گۆرانیدا بەپێی کاراکتەری کەسەکە کاری بۆ دەکات. لەبارەی هونەرمەند لۆکەوە کە لەگەڵ باخان دەنگیان لە یەکدەچێت، ئاماژە بەوەدەکات کە لۆکە فۆرمێکی تایبەتی خۆیی هەیەو ئەوەش لەیەکتریان جیا دەکاتەوە، ئەو دەڵێت:" هەوڵمداوە بۆ هەر یەکێکیان ستایلی جیاواز دیاری بکەم". هونەرمەند لۆکە، لە لێدوانێکدا بۆ وارڤین کەسایەتی هەڵکەوت زاهیر بۆ پێگەی لە هونەردا بەگرنگ دەزانێت و دەڵێت:" ئەو یەکەمین کەسە توانیویەتی ئافرەتی هونەرمەند بەخواستەکانی ئازادی، بگەیەنێت". ئەو هونەرمەندە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە بێ م. هەڵکەوت زەحمەتە بتوانێت کاری هونەری بکات و بوونی خۆی لە هونەردا بە توانا و سەلیقەی ئەوەوە گرێدەدات.

هەڵکەوت، ئاماژە بەوەدەکات کە ئەو کچانەی کاریان

www.netewe.com



لەگەڵ کردووە"شەرمن بوونە"و لەنێو هەموویاندا لەیلا فەریقی و دەشنێ، لەڕووی مامەڵەکردن و موزیکەوە بە کەسانێکی بوێر وەسف دەکات.

ئەو گوتی:" دەتوانم بڵێم کە (هانی)یش پێشتر ئەزمونێکی باشی هەبووە.

لەبەرامبەردا هونەرمەند هانی، بە وارڤین، دەڵێت:" هەڵکەوت زاهیر، کەسایەتی ئافرەت بەباشی دەخوێنێتەوەو دەزانێت بۆ هەریەکە لەو کچانەی دێنە لای چی دەکات".

هەڵکەوت زاهیر، ئازادی ئافرەت لە شانۆ و کلیپەکاندا بەگرنگ دەزانێت و جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێ کلیپەکانی کوردستان لە هی وڵاتانی دەرەوە کەمتر بن.

لەبارەی ئەو رەخنەیەوە کە گوایە هەڵکەوت زاهیر موزیکی کوردی "تەعریب" کردووە، دەڵێت:" ئەلبۆمەکانی دەشنێ، و هانیش هەر کاری خۆمن و ئەوانەی رەخنەم لێ دەگرن وەڵامیان بۆ ئەم کارە چییە". هەروەها لەبارەی بایەخدانی کورەکتیڤی بە رەگەزی مێینەوە هەڵکەوت زاهیر دەڵێت:" حوکمی کاری من هەر وایە، چونکە زیاتر دەنگی ئافرەت ئەمجولێنێ و دەنگی ئافرەتم پێخۆشە، ٨٠٪ـی کارەکانم هەر لەگەڵ ئافرەتەو بە ڕای من سیماو جوانی ئافرەت جوانتر ئەبینرێت تا پیاو". هەڵکەوت، لەبارەی پێشکەشکاری تیڤی، بۆچوونی وابوو کە پێشکەشکارانی کچ لەو کەناڵە ئازادی

## لۆکە:

# بێ مامۆستا هەڵکەوت ناتوانم کاری هونەری بکەم

تەوایان لەرووی جلوبەگ و دەرکەوتن هەیە کە لەهیچ کەناڵێکی کوردی ئەو ئازادییە بە کچ نەدراوە. هەروەها ئەو هەریەک لە دەشنێ و جولی، بەباشترین پێشکەشکاری تیڤی لە کوردستان دەستنیشان دەکات.

حوسێن ئەحمەد جاف، هونەر دۆستێکی شاری هەولێرە و کاری هەڵکەوت زاهیر، بۆ ئافرەتان بەستایلێکی داهێنەرانە دەچوێنێت و دەڵێت:" هەڵکەوت زاهیر، توانیویەتی بە ستایلێکی زۆر جوان خزمەتی هونەری کوردی بکات و لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆدا بیگونجێنێت".

سامان بابان، دانیشتووی شاری کەرکووکە و لەبواری موزیکدا کاردەکات، پێیوایە کە دەشنێ و باخان و ئەوانەی لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر کار دەکەن" بەلاساییکردنەوەی هونەری تورک و عەرەب و ولاتانی رۆژئاوا هونەری رەسەنی کوردی بەرەو لەناوچوون دەبەن".

بەڵام هەڵکەوت زاهیر، دەڵێت:" من پەیوندییم بە فۆلکلۆرەوە نییە، من نوێخوازییەکم لەموزیکدا و بەتاییەتیش کارکردن لەگەڵ کچاندا".

ئاراس عومەر، دانیشتووی سۆران، باس لەوە دەکات کە دەنگی هونەرمەند لۆکە و هانی، زۆر پێخۆشەو دەڵێت:"من گوێ لە دەنگی هونەرمەندێک دەگرم کە وێڕای ئەوەی دەنگی خۆشبێت، هاوکات روخسارێکی جوانیشی هەبێت".



جولی جەلال

www.netewe.com



# سۆناتای زستان

## سۆناتای زستان
## ئەو درامایەی لە رۆحەوە خۆشەویستی پێناسە کرد

درامای سۆناتای زستان، یەکێک لەو دراما سەرکەوتووانەی کۆریا بوو، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە لە ناوخۆی کۆریا لایەنگرانی زۆر بوو، لەرۆژهەڵاتی ناڤیندا و بەتایبەتیش لە کوردستان بینەرێکی زۆری هەبوو. کاتێ دەڵێین مۆسیقا زمانی رۆحە، رەنگە زۆر مرۆڤ لە نێو دنیای مۆسیقادا بپرژێنە نێو جیهانی یەکترناسینەوە و لەوێدا یەکەم ژوانی یەکتر بکەن. سەرەتای ئەو درامایەش بە "مۆسیقای یەکەم جار"، لە پەنجەکانی ئەکتەری دراماکە جۆنگ سانگ، دەستپێدەکات و لەوێوە رێرەوی ژیانی ئەو و یۆجین، دەچێتە نێو قۆناغی خۆشەویستی رۆحییەوە.جۆنگ سانگ، ئەو کورەی کە تووشی حاڵەتی پێکدادانی ئۆتۆمبیل دەبێت و بەو هۆیەوە لە کۆریا، بە ناچاری لە لایەن دایکی سەفەری بۆ ئەمریکا پێ دەکرێت، بەهەمانشێوەیەش یۆجین، لە چاوەڕوانی ئەو دەستکێشەدا، دەمێنێتەوە کە جۆنگ سانگ، بۆ گەرمکردنەوەی پەنجەکانی، لێی وەرگرتبوو. ئەوکات لە کۆریا، هەواڵێکی وا بڵاوکرایەوە کە جۆنگ سانگ، مردووە و بەو هۆیەشەوە یۆجین و هاورێکانی پرسەی، بۆ دادەنێن.

پاش ئەو رووداوە دایکی جۆنگ سانگ لە ئەمریکا لای پزیشکێک نەشتەرگەری بۆ کورەکەی ئەنجام دەدات و لەسەر داوای دایکی، دکتۆرەکە وا لە جۆنگ سانگ، دەکات کە تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە ببێت، تا دایکی ناوی میون هیونگ لی، لێ دەنێت. دوای بەسەرچوونی زەمەنێک، دایکی جۆنگ سانگ، کورەکەی بۆ کۆریا دەگەرێنێتەوە و لەوێ لەکاتی تێپەربوونی جۆنگ سانگ، بە شەقامێکدا یۆجین، بە دوای دەکەوێت و بەناوە راستەقینەکەی، بانگی دەکات، بەڵام جۆنگ سانگ، نازانێ کە ئەو کچە پێشتر خۆشەویستی بووە و لە وەڵامدا دەڵێت، من میون هیونگ لیم. دوای ماوەیەک یۆجین، لەو کۆمپانیاییە کاردەکات کە جۆنگ سانگی تێدا بەرێوەبەرە، جارێکی دیکە جۆنگ سانگ و یۆجین، دەچنە نێو دنیای خۆشەویستییەوە، بەڵام ئەوکات



کوڕێکی دیکە بەناوی سانگ یونگ، یۆجینی خۆشدەوێت و نازانێت جۆنگ سانگ هاوڕێی منداڵی بووە، بەڵام ئەو ئێستا دەستگیرانی یۆجینە. جۆن سانگ، کاتێ لەگەڵ یۆجین، دەچێتە نێو یادگاری رابردووی، لەوێدا هەست دەکات کە ئەوان پێشتر یەکتریان بینیوە، بەڵام نازانن چۆن؟ لەگەڵ ئەوەی هەموو هاوڕێکانی یۆجین، بە جۆنگ سانگ، دەڵێن تۆ جۆنگ سانگی، بەڵام ئەو هێشتا نکۆڵی لەخۆی دەکات و نازانێت کە جۆنگ سانگە.

تا وای لێدێت جۆنگ سانگ، رابردووی خۆی بیردێتەوە و یۆجین، دەناسێتەوە کە پێشتر خۆشەویستی بووە و یۆجینیش، دڵنیا دەبێت کە ئەو کەسە بەڵێ جۆنگ سانگە و نەمردووە.

ئەمجارە هەردووکیان بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن، بەڵام لەکاتی مارەبڕین لە کەنیسەدا هەواڵێک بە جۆن سانگ، دەگات کە لەگەڵ یۆجین، خوشک و بران. لەوێدا جۆنگ سانگ، یۆجین جێدەهێڵێت. لەوکاتەدا پزیشکێک بە جۆنگ سانگ، دەڵێت کە باری تەندروستی زۆر خراپەو دەبێت نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدرێت. کاتێ پشکنین بۆ جۆنگ سانگ، دەکرێت دەردەکەوێت کە جۆنگ سانگ و سانگ یونگ، بران. هەرچەندە جۆنگ سانگ، ئەوە دەزانێت، بەڵام لەبەر مەترسی مردنی، شانس بە براکەی دەدات کە لەگەڵ یۆجین بژی و ببێتە هاوسەری ژیانی، بۆیە روو دەکاتە ئەمریکا و خۆی شوێن بزر دەکات.

دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ لە یەکێک لە گۆڤارەکان نەخشەی خانوویەک لە ئەمریکا بڵاودەبێتەوە کە خانووەکە بە دیزاینی کۆریا، دروست کراوە.

کاتێک یۆجین ئەو نەخشەیە دەبینێت، بۆی دەردەکەوێت، کە ئەوە کاری جۆنگ سانگە، بۆیە بەدوایدا دەچێتە ئەمریکا و جۆنگ سانگ، دەدۆزێتەوە، بەڵام جۆنگ سانگ، نەشتەرگەری بۆکراوە و بینایی چاوی لە دەستداوە، لەوێوە یۆجین و جۆنگ سانگ، جارێکی دیکە بەیەکتر شاد دەبنەوە.

# بارانی دیموکراسی لە تورکیا دا



ڕوکەن خاتوون

لەمدواییانەدا لە تورکیادا شتگەلێکی سەیر ڕوودەدەن. حکوومەت بەجددی قسە لەسەر کێشەی کورد دەکات و دەست بە دیالۆگ دەکات و بۆ گفتوگۆکان کۆنفرانس دەبەستێت. گوتنی کورد لە هەوادا وەک هەناسە هەڵدەمژرێت. سیاسەت بەهێز و ئالۆز دەبێت. تورکیا و عێراق و ئەمەریکا بیروڕاکانیان دەگۆڕنەوە. ئەنجامی ئەو دیالۆگە بارانی دیموکراسی، لەتورکیادا دەبارێنێت.

کەسانێک کە لەبەرامبەر ئەوەدا ڕێوشوێنی خۆیان نەگرتووەتەبەر، نافەرمانی و گلەیی دەکەن. ئەوانەی کە دەیانەوێت لە باران سوود وەربگرن، زەوییەکانی خۆیان دەبەنە بەر بارانەکە. ئەو خاکانەی کە بە حەسرەتی بارانەوە بوون، ئێستا بۆنێکی خۆشیان لێ دێت.

ئەوانەی کە بە حەسرەتی بارانی دیموکراسییەوە بوون، ئێستا بۆنی ئەو خاکە هەڵدەمژن. وا هەڵیدەمژن کە نایانەوێت قەت بەری بدەن. بە دامەزراندنی کۆماری تورکیا هەوای وشک وسارد دروست کراون. زۆر ناسنامە قەدەغە کران. زۆر زمان قفڵیان لێ درا. نەتەوەکانی دیکە نکۆڵییان لێ کرا. کلتوور و دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان لەناو دڵەڕاوکێ و ترسدان. لەناو خاکی تورکیادا زۆر کلتوور و نەتەوە هەن کە یەکێک لەوانە کوردە. بە کوردیان گوت تورکی چیایین، بە لازیان گوت ئێوە تورکە نافەرمانەکانی زەریای ڕەشن. بە ئەرمەنییەکانیان گوت، گاورن و کوشتنتان ڕەوایە. بە یۆنانییەکانیان گوت ئێوە "قەحبەن". ئەوانەش کە مانەوە جلوبەرگیان گۆڕین و پێیانگوتن ئێوە تورکن. هەوا بە تەواوەتی بووە سارد و سێبەر. مژێکی خەست هەموو شوێنێکی داگرت. گورگە برسییەکان لووراندیان، دەنگیانهەڵبڕی و کەوتنە خۆیان و دووانیان خوارد. هەر جارێک ڕەنگێکیان خستەژێر هەوری خۆیان و کوشتیان.

کۆماری تورکیا، خۆی لەسەر ترس و دڵەڕاوکێ دامەزراند. یاسای وشک بنیاتنران. نکۆڵی لە چوار وەرز کرا. تەنیا وەرزی زستانی وشک و سارد قبووڵ کرا. زستان هەرگیز نەگەیشتە بەهار. باران نەباری، خاک سەوز نەبوو. بەرەکەتی دایکە خاک، ماڵوێرانی بوو. کلتووری لە ناوبردن دامەزرا. مرۆڤەکان بۆ لەناوبردنی یەکتر هاوکاریان کرا. باوکە دەوڵەت، بە کاراکتەری وشکی خۆی هەموو هێز و بەرپرسیارێتییەکی خستە دەستی خۆی.

لە تورکیا باوکە دەوڵەت، چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوان، چۆنیەتی دامەزراندنی شەڕ و چۆنیەتی دامەزراندنی دوژمنی بەرامبەری خۆی، چۆنیەتی لەناوبردنی مافی نەتەوەکانی دیکە، چۆنیەتی پێشێلکردنی مافە مرۆڤییەکانی پێ نیشان داین.

لەتورکیا، بەدەستی باوکە دەوڵەت زیاتر لە٤٠٠٠٠ مرۆڤ کوژران. زیاتر لە٣٠٠٠ گوند وێرانکران و سووتێنران.

لە دەستپێکدا ڕێگەی دیاسپۆرایان خستەبەردەم، کورد و ئەرمەن و ڕۆم و نەتەوەکانی دی. نەوەیەکی زۆر لە بنەڕەتدا لەناوبران. یان خرانە زیندان، یانیش ناچاریان کردن ڕوو لە چیاکان بکەن. لەئەنجامدا مردن، توندوتیژی، لەناوبردن و سڕینەوە بووە کلتوورێک. کەس متمانەی بە کەس نەدەکرد. دوژمنایەتی و کینە لەنێوان کۆمەڵگەکاندا دروست بوو. ئەوان هۆکاری لەناوبردن و لەناوچوونیان دامەزراند.

ئێستا لە تورکیا، هاووڵاتیان گومانیان لەدەوڵەت هەیە.

بۆ ئەوەی، لە تورکیا بارانی دیموکراسی ببارێت هەوڵدانێکیان دەست پێ کردووە. ئەوانەی تاوانبارن پێویستە تۆبە بکەن. لە بڕیاری هێشتنەوەی گیانی تاوانباری پاشگەزببنەوە و خۆیان خاوێن بکەنەوە، لە وێژدانی خۆیان بکۆڵنەوە و پێدابچنەوە. پێویستە تاوانبارانی شەڕ تاوانەکانیان قبووڵ بکەن. دان بەو تاوانانەدا بنێن کە لە بەرامبەر کورد دا کردوویانە و داوای لێبوردن لە جوگرافیای کورد بکەن. ئەو کاتەش کە دایکە خاک نزاکانی بارانی دیموکراسی قبووڵ دەکات. لەبەرامبەر ژیانی باوکە دەوڵەتدا، دەبێت لە تورکیا هێدی هێدی وەک ئەلتەرناتیڤێک سیستەمی دایکی دڵنەرم و دڵڕەحم دابمەزرێت.

www.netewe.com



هەرزان بۆتۆ
بۆ فرۆشتنی پۆشاک و جوانکاری ئافرەتان
ژمارەی مۆبایل: ٤٤٤٤٤٦٧
ناونیشان:
هەولێر ١٠٠ مەتری نزیک بەنزینخانەی ئاکار


المعرض الدولي للأزياء
5 in 1 fashion
١٦-١٨
آب ٢٠٠٩
على ارض معرض اربيل الدولي
TURKISH NATIONAL PARTICIPATION
2nd Fashion Int. Exhibition
Erbil Int. fair ground
16 - 18
August
2009
organized by
المنظمون
ISO 9001
PYRAMIDS
GRUP FUARCILIK A.Ş.
LASIAD
www.lasiad.org.tr
Turkey: www.pyramidsfair.com
DTM

تیراژ (۳۰۰۰)